تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

خەبات

XEBAT

ڕۆژنامەیەکی سیاسیی ڕۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5904) دووشەممە 6ی کانوونی دووەم 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

فەرماندەیەکی پێشمەرگە:

داعش خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی گورز بوەشێنێت

بەرپرسی میحوەری کەرکووک- پردێ دەڵێت، داعش شانەی نووستووی هەیە و جموجوڵیان زیادی کردووە و بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی گورز بوەشێنن، بەڵام هێزی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی خۆیدا لە ئامادەباشیی تەواو دایە بۆ بەرپەچدانەوەی داعش، نەک تەنها هێزی پێشمەرگە، وەزارەتی بەرگریی عێراق و وڵاتانی دنیاش ئاگاداری جموجوڵی داعشن. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

2 پەرلەمانتارێک وادەی خوێندنەوەی دووەم بۆ پرۆژەیاسای چاکسازی ئاشکرا دەکات

د. بەشیر حەداد: کاری پەرلەمان نییە هێزە بیانییەکان لە عێراق دەربکات

پەرلەمانی عێراق بڕیاریدا هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق دەربکرێن



فازڵ میرانی: هەوڵدەدەین عێراق نەبێتە مەیدانی جەنگی هەرێمی و نێودەوڵەتی

شاندێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان لە شاری هەولێر، بەشداری لە پرسەی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران کرد. بەیانیی دوێنێ یەکشەممە، شاندێکی باڵای پارتی دیموکراتی کوردستان کە پێکهاتبوو لە (فازڵ میرانی، سیداد بارزانی، ئازاد بەرواری، کاکەمین نەجار، عەلی حوسێن، سەفین دزەیی، نەوزاد هادی و فەلاح مستەفا)، سەردانی کونسوڵخانەی ئێرانیان لە هەولێر کرد و بەشداریان لە پرسەی قاسم سولەیمانی، فەرماندەی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسداران کرد. لە دوای بەشداریکردنەکەیان، فازڵ میرانی، سکرتێری مەکتەبی سیاسیی پارتی بە میدیاکانی ڕاگەیاند، لە میانی بەشداریکردنیان لە پرسەکەدا، سەرەخۆشیی سەرۆک بارزانییان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران و خانەوادەی قاسم سولەیمانی ناردووە.

ئەوەشی ڕوون کردەوە: «هیوا دەخوازین و هەوڵیش دەدەین عێراق نەبێتەوە بە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان. عێراق بەرگەی شەڕێکی دیکە ناکات، باشترە حکوومەتی عێراق دۆخی خۆی باشتر بخوێنێتەوە، هەوڵبدەن ئاشتبوونەوەیەکی سیاسی لە نێوان خۆیاندا بکەن و لەگەڵ شەقامیش ئاشت ببنەوە». جێی باسە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی 2020/1/3 قاسم سولەیمانی، پاش گەیشتنی بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا، لەگەڵ ئەبو مەهدی موهەندیس و ژمارەیەک سەرکردەی دیکەی حەشدی شەعبی، لە لایەن فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئەمەریکاوە بۆردومان کرا و کوژرا.



ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە دانیشتنی نائاسایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ تاوتوێکردنی داهاتووی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵات بەڕێوەچوو. دانیشتنەکەی پەرلەمان دوای ئەوە هات کە ڕۆژی هەینی ڕابردوو هەریەک لە فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لەگەڵ هەشت فەرماندەی دیکەی پاسداران و حەشدی شەعبی لە هێرشێکی ئاسمانیی سوپای ئەمەریکادا لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی بەغدا، کوژراون.

لەبارەی هەوڵی ژمارەیەک پەرلەمانتاری عێراق بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت کە ئەمە ئیشی پەرلەمان نییە، هاوکات پەرلەمانتاریکیش دەڵێت دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا زیانی سەربازی و سیاسی و ئابووری بۆ عێراق هەیە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان واشنتۆن و بەغدا

بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا پێویستە بەغدا ترلیۆنێک و 220 ملیار دۆلار بدات

ساڵی 2007 ڕێککەوتنێکی ئەمنی و ستراتیژیی لەنێوان عێراق و ئەمەریکادا ئیمزا کرا، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، ئەگەر عێراق پاشگەز بێتەوە و هێزەکانی ئەمەریکا ناچار بکات لە عێراق بچنە دەرەوە، دەبێت عێراق بڕی یەک ترلیۆن و 220 ملیار دۆلار بە ئەمەریکا بدەن. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

هیچ کۆمپانیایەک هەرێمی کوردستانی جێنەهێشتووە

جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان ڕەتی کردەوە هیچ کۆمپانیایەک هەرێمی کوردستانی جێهێشتبێت و دەشڵێ، هەرێم بۆ بیانییەکان و کارکردن ئارامە. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**

دانیمارک مەشقکردنی بە سەربازانی عێراق ڕاگرت



بەهۆی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێرانەوە، دانیمارک بەشێوەیەکی کاتی مەشقکردنی بە سەربازانی عێراق ڕاگرت. سوپای دانیمارک ڕایگەیاند کە بەشێوەیەکی کاتی مەشقکردنیان بە سەربازانی عێراق هەڵپەسارد‌ووە کە لەلایەن هێزەکانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژیە داعش بەڕێوەدەچێت.

بەهۆی ئالۆزی ڕەوشی ئەمنییەوە مەشقکردنەکە ڕاگیراوە و ئاماژە بەوەیشدراوە کە ڕێوشوێنی ئەمنی توندوتۆڵ گیراوەتە بەر و ڕەوشی سەربازانی دانیمارک لە عێراق باشە. دانمارک ڕایگەیاندووە کە 200 سەربازی لە عێراقن. لەلایەکی دیکەشەوە دوێنێ ناتۆ ڕایگەیاندبوو کە چالاکییەکانی مەشقکردنی ناتۆ لە عێراق ڕاگیراون.

بەریتانیا دوو کەشتی جەنگی ڕەوانەی گەرووی هورمز دەکات

وەزیری بەرگری بەڕیتانیا، بێن والەس ڕایگەیاند، حکوومەتی لەندەن فەرمانی کردووە کە بۆ پاراستنی هاوواڵاتییان و کەشتییە جەنگییەکانی وڵاتەکەی هەموو هەنگاوێک بگیردرێتەبەر. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



مەترسییەکانی دەوڵەتی خاوەن نەوت

وردبوونەوە لە پارادۆکسی زۆری

تێری لێین کارڵ و : نەژاد عزیز سورمێ

5



دۆنالد ترەمپ: 52 ئامانجمان لە ئێران دەستنیشان کردووە

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە لە ئەگەری هێرشی ئێران بۆسەر ئەمەریکییەکان و سەربازانی ئەمەریکا، 52 ئامانجی پێشتر دەستنیشانکراوی ئێران دەپێکین. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

لە سۆران و ڕواندز و ئاکرێ

(8000) دار بەڕوو چاندرا

بەڕێوبەرایەتی گشتی دارستانی هەولێر هەڵمەتی چاندنی دوو ملیون و پێنجسەد بەڕوو لە شارەکانی هەرێم ڕاگەیەنرا، لە سنووری قەزای سۆران و ڕواندز و ئاکرێش لە ژێر ناوی (خۆبەخشین، هێز وهاوکاری) بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە (8000) داری بەڕوو چێنرا. **(زیاتر لە ل7 بخوێنەوە)**



نزیکەی سێ هەزار کچ و ژن و منداڵی کوردی ئێزدی تا ئێستا بێسەروشوێن

میر حازم: ئێمە کوردین و خەڵکی هەرێمی کوردستانین

تا ئێستا 400 هەزار کوردی ئێزدی بەهۆی نەبوونی سەقامگیری ناتوانن بگەڕێنەوە شنگال



میری کوردانی ئێزدی لە هەرێمی کوردستان و جیهان، میر حازم میر تەحسین رایگەیاند، لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەنجوومەنی بالای کوردانی ئێزدی لە هەرێمی کوردستان و عێراق و هەموو جیهان دادەمەزرێنین. هەروەها دەشڵێت: تا ئێستا 400 هەزار کوردی ئێزدی لە کەمپەکان دەژین و بەهۆی نەبوونی سەقامگیری ناتوانن بگەڕێنەوە شنگال.

میر حازم میر تەحسین لە لێدوانێکدا گوتی: سااڵێک لەمەوبەر میر تەحسین کۆچی دوایی کرد، میر تەحسین بۆ ماوەی 75 ساڵ میری کوردانی ئێزدی بوو لە هەرێمی کوردستان و هەموو جیهان و لە ژیانی خۆیدا بەردەوام لە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردانی ئێزدی بوو، نەک تەنها لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو لە وڵاتانیش.

میری کوردانی ئێزدی لە هەرێم و جیهان لەبارەی رەوشی کوردانی ئێزدی گوتی: بەرلە هاتنی داعش رەوشی کوردانی ئێزدی باشبوو، بەاڵم دوای هاتنی داعش رەوشی کوردانی ئێزدی باش نییە، چونکە خەڵکی ئێمە لە کەمپەکاندان و پێویستییان بە هاوکارییە، خزمەتگوزاری نییە و تا ئێستا شنگال ئاوەدان نەکراوەتەوە کە ئاوارەکان بگەڕێنەوە. گوتیشی: تا ئێستا نزیکەی 400 هەزار کوردی ئێزدی لەناو کەمپەکاندا دەژین و بەهۆی نەبوونی سەقامگیری ناتوانن بگەڕێنەوە شنگال، جگە لەمەیش نزیکەی سێ هەزار کچ، ژن و منداڵی کوردی ئێزدی هەر لەو کارەساتەی لە ئابی 2014 بەسەر شنگالییەکان هات تا ئێستا بێسەروشوێن و بەگوێرەی ئەو زانیارییانەی لەبەردەستماندایە زۆرینەیان لە سووریادان، جگە لە حکوومەتی هەرێمی کوردستان و نوسینگەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی هیچ لایەنێکی دیکە هاوکار نەبووە لە رزگارکردنی رفێندراوانی ژێر دەستی داعش، تا ئێستا زیاتر لە سێ هەزار 500 کوردی ئێزدی رزگارکراون.

میر حازم بەگ دەشڵێت: ژمارەیەکی زۆر لە ریزەکانی سەرکردایەتی داعش سەردانمان دەکەن، پێیان رادەگەیەنین و داوای رزگارکردنی کچ و ژنانی کوردی ئێزدییان لێ دەکەین.

میری کوردانی ئێزدی لە هەرێمی کوردستان و جیهان هەڵوێستی پەرلەمانی کوردستان بەرز دەنرخێنێت کە سێیەم ئابی هەموو ساڵێکی وەک رۆژی جینۆسایدی کوردانی ئێزدی دیاریکردووە و دەڵێت: ئەمە شتێکی نامۆ نییە کە پەرلەمان ئەم رۆژەی وەکو جینۆساید دیاریکردووە، چونکە کوردانی ئێزدی لێرە میوان نین، ئێمە کوردین و خەڵکی هەرێمی کوردستانین.

بەڕێرسی میحوەری کەرکووک- پردێ دەڵێت، داعش شانەی نووستووی هەیە و جموجووڵیان زیادی کردووە و بەدوای دەرفەتێکدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی گورز بوەشێنن، بەاڵم هێزی پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی خۆیدا لە ئامادەباشیی تەواو دایە بۆ بەرپەچدانەوەی داعش، نەک تەنها هێزی پێشمەرگە، وەزارەتی بەرگریی عێراق و وڵاتانی دنیاش ئاگاداری جموجووڵی داعشن.

بەڕێرسی میحوەری کەرکووک- پردێ، نووری حەمە عەلی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە: ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگە هەمیشە ئامادەین و سەنگەرەکانی خۆمان زۆر باش قایم کردووە و هیچ کێشەیەکمان نییە و داعش ناتوانێ زەفەر بە هێزەکانی پێشمەرگە بهێنێت، چونکە هێزی پێشمەرگە بە بەردەوامی لە حاڵەتی ئامادەباشیی تەواودایە. ئەوەشی گوتووە: داعش بەردەوام بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن کە بۆشاییی ئەمنی پەیدا بێت و گورزی خۆیان بوەشێنن و سوود لە دۆخەکە وەرگرن و هەمیشە خۆیان مەاڵس داوە و چاوەڕێن دەرفەتیان بۆ ڕێک کەوێت، بۆ ئەوەی کاری خۆیان بکەن.

فەرماندەیەکی پێشمەرگە:

داعش خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی گورز بوەشێنێت



د. عەلی دۆلەمەری: فەڕەنسا لەگەڵ سەقامگیریی عێراق دایە

نوێنەری حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە فەڕەنسا رایگەیاند، حکوومەتی فەڕەنسا دژی توندوتیژی و بەکارهێنانی خاکی عێراقە لە لایەن وڵاتانەوە و لەگەڵ سەقامگیریی عێراق دایە. د.عەلی دۆلەمەری، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی راگەیاندووە، حکوومەتی فەڕەنسا لەگەڵ ئەوەدایە کە کێشەکان لە ڕێگەی گفتوگۆ و دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن و دۆخی عێراق ئاڵۆز نەبێت و تێکنەچێت، چونکە فەڕەنسا هەمیشە هاوکاریی عێراق و هەرێمی کوردستانی کردووە. دۆلەمەری گوتیشی، فەڕەنسا دەخوازێت کە عێراق سەقامگیر بێت و دوور بێت لە کێشە و ئاڵۆزی، بۆ ئەوەی ناوچەکە ئارام بێت، چونکە نایەوێت دۆخی ناوچەکە تێکبچێت.

باقر ئەلزوبەیدی:

بەهۆی گرژییەکانەوە نرخی نەوت بەرز دەبێتەوە

باقر ئەلزوبەیدی وەزیری پێشووتری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردنی عێراق و بەڕێرس لە ئەنجوومەنی ئیسلامی بالا ڕایگەیاند دوای کۆژرانی قاسم سولەیمانی لەالیەن ئەمەریکاوە دۆخی ناوچەکە گرژی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێت. بە گوێرەی کوردستان 24 ئاماژەی بەوەداوە ئەگەر جەنگ تەشەنە بکات، نرخی بەرمیلێک نەوت بۆ 200 دۆلار بەرزدەبێتەوە و گەشتیاریش لە ناوچەکە نامێنێت، هاوکات ئابووری سێ وڵاتی کەنداو دووچاری دارمانێکی سەخت دەبێت. زوبەیدی، دەشڵێت بەهۆی هەڵوێستەکانی ئەمەریکا و ئێرانەوە دۆخی ناوچەکە بەرەو هەڵکشانێکی پێشبینی نەکراو دەڕوات، بۆیە پێویستە حکوومەتی عێراق بەزووترین کات نەوت لە ڕێگەی بەندەری جیهانی تورکیاوە هەناردە بکات و پەلە بکات لە دامەزراندنی بۆڕییەکی گواستنەوەی نەوت کە توانای گواستنەوەی ملیۆنێک و500 هەزار بەرمیلی هەبێت ڕۆژانە. هەروەها دەشڵێت، دروستبوونی هەر گرژییەک لە گەرووەکانی هورموز و بابولمەندەب نرخی بەرمیلێک نەوت بۆ سەرووی 200 بۆ250 دۆلار بەرزدەکاتەوە، بۆیە پێویستە عێراق لە هەناردەکردنی نەوت خۆی لەو گەروانە بە دوور بگرێت.

گوڵیزار سندی:

هیچ کۆمپانیایەک هەرێمی کوردستانی جێنەهێشتووە

لەگەڵ ئاڵۆزییەکانی عێراق، بەشێک لە کۆمپانیا بیانییەکان کارەکانیان لە عێراق ڕاگرتووە و هاوواڵتیانی بیانی بە هۆی دژواریی ڕەوشەکەوە عێراق جێدەهێڵن، جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستانیش ڕەتی کردەوە هیچ کۆمپانیایەک هەرێمی کوردستانی جێهێشتبێت و دەشڵێ، هەرێم بۆ بیانییەکان و کارکردن ئارامە. گوڵیزار سندی، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتیی ڕاگەیاندووە: هەرێمی کوردستان ناوچەیەکی ئارامە و ئەو وڵاتەنەش کە داوای چۆڵکردنی عێراق دەکەن لە هاووڵاتیانی خۆیان بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، باسیان لە هەرێمی کوردستان نەکردووە و دەتوانن لێرە بمێننەوە، لەبەر ئەوەی هیچ گرفتێک لە هەرێمی کوردستان نییە و ناوچەیەکی ئارامە بۆ کۆمپانیاکان و کارکردن تێیدا.

سندی گوتیشی: ڕاستە کە دەگوترێ لە هەندێ ناوچەی عێراق بەشێک لەو کەسە بیانیانەی لە کێڵگە نەوتییەکان کاریان دەکرد بەجێیان هێشتووە، ئەوەش بێگومان کاریگەری لەسەر کەمبوونەوەی بەرهەمی نەوتی عێراق دەبێت. جێگری سەرۆکی لیژنەی سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمانی کوردستان دەشڵێ: بە هۆی نەبوونی کێشە و سەقامگیرییەوە، هیچ کۆمپانیایەک تا ئێستا هەرێمی کوردستانی جێنەهێشتووە و تا ئێستا کۆمپانیاکانی کەرتی نەوت لە کارەکانیان بەردەوامن.

بەریتانیا دوو کەشتی جەنگی ڕەوانەی گەرووی هورمز دەکات

وەزیری بەرگریی بەریتانیا: ئەمەریکا لە کوشتنی قاسم سولەیمانیدا لەسەر هەق بووە

وەزیری بەرگری بەڕیتانیا، بێن والەس ڕایگەیاند، حکوومەتی لەندەن فەرمانی کردووە کە بۆ پاراستنی هاووڵاتیان و کەشتییە جەنگییەکانی وڵاتەکەی هەموو هەنگاوێک بگیردرێتەبەر، لەو چوارچێوەیەشدا کەشتییەکانیHMS Montrose و HMS Defender دەچنە گەرووی هورمز و لەوێ دەوریەی دەریایی ئەنجامدەدەن. ئەرکی کەشتییەکانیش یاوەریکردنی ئەو کەشتییانە دەبێت کە بە ئاڵای بەریتانیاوە بە گەرووی هورمزدا گوزەر دەکەن.

هەرچەندە بێن والەس داوای لە لایەنەکان کردووە بەشێوەیەکی ژیرانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکەن، بەاڵم کوشتنی قاسم سولەیمانی لەالیەن ئەمەریکاوە بە کارێکی ڕاست دەزانێت.

وەزیری بەرگری بەڕیتانیا هۆکاری ئەم پشتگیرییەشی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە میلیشیاکانی سەربە ئێران چەندین جار هێرشیان کردووەتە سەر سەربازانی ئەمەریکا لە عێراق و سولەیمانی ڕۆڵی سەرەکی هەبووە لەم پەالمارانەدا.

بێن والەس باسی لەوەیش کرد کە ئەمەریکا مافی ئەوەی هەیە لە چوارچێوەی یاسا نێودەوڵەتییەکاندا دژبە هەر هەڕەشەیەکی نزیک بۆسەر هاووڵاتیانی بەرگری لە خۆی بکات.

جێی باسە ڕۆژی هەینیی ڕابردوو وەزارەتی بەرگریی ئەمەریکا ڕایگەیاندبوو کە فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لە هێرشێکی ئاسمانیی سوپای ئەمەریکادا لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی بەغدا، کوژراون.

لە هێرشەکەدا لەپاڵ قاسم سولەیمانی و ئەبو مەهدی موهەندیس، هەروەها ژمارەیەک ئەفسەری ئێرانی سەربە سوپای پاسداران و پێنج کەسی عێراقی کە سەرجەمیان 10 کەس بوون، کوژران.

لەدوای ڕووداوەکەش ڕێبەری باڵای شۆڕشی ئێران، ئایەتوڵاڵ عەلی خامنەیی ڕایگەیاندبوو "بە ڕۆیشتنی ئەو (قاسم سولەیمانی)، ئەو کارەی کە ئەنجامی دەدا ناوەستێنرێت و ڕێبازەکەی کۆتایی نایەت. تۆڵەیەکی تاڵ چاوەڕوانی تاوانبارانە". هەروەها ئایەتوڵاڵ عەلی خامنەیی ماوەی سێ ڕۆژ ماتەمی سەرانسەری لە ئێران ڕاگەیاندبوو، و لە جێگەی سولەیمانی-یش عەمید ئیسماعیل قائانی دانابوو.



www.xebat.net
دووشەممە 2020/1/6 ژمارە (5904)
خەبات

ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاریدا هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق دەربکرێن



ئێوارەی دوێنێ یەکشەممە دانیشتنی نائاسایی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ تاوتوێکردنی داهاتووی هێزەکانی ئەمەریکا لە وڵات بەڕێوەچوو. دانیشتەکەی پەرلەمان دوای ئەوە هات کە رۆژی هەینی رابردوو هەریەک لە فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسدارانی ئێران، قاسم سولەیمانی و جێگری سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەبو مەهدی موهەندیس لەگەڵ هەشت فەرماندەی دیکەی پاسداران و حەشدی شەعبی لە هێرشێکی ئاسمانیی سوپای ئەمەریکادا لەسەر ڕێگای فڕۆکەخانەی بەغدا، کوژراون.

دانیشتەکەش بە ئامادەبوونی سەرۆکوەزیرانی حکوومەتی کاربەڕێکەری عێراق، عادل عەبدولمەهدی، دوای دواخستنی بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێک بەهۆی تەواونەبوونی ڕێژەی یاسایی، بەڕێوەچوو. دانیشتنەکەی پەرلەمان بە ئامادەبوونی 170 پەرلەمانتار بەڕێوەچوو و فراکسیۆنە کوردستانییەکان و فراکسیۆنەکانی سوننە ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون.

لە کۆبوونەوەکە کە پەرلەمانتارانی شیعە بە جلی ڕەش بەشدار بوون و وێنەی قاسم سولەیمانیی فەرماندەی پێشووی سوپای قودسی ئێرانیان لەناو هۆڵی پەرلەماندا بەرز کردبۆوە، پرۆژەبڕیارێکی پێنج خاڵیی پەسندکرا و بڕیاردرا هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق دەربکرێن. ئەو خاڵانەی پەرلەمانیش کە بڕیاری لەسەر دا بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

– هەڵوەشانەوەی ئەو داواکارییەی کە پێشتر عێراق نارد بووی بۆ هاوپەیمانی دژی داعش.

– پێویستە لەسەر حکوومەتی عێراق کە ڕێگەنەدات هیچ هێزێکی بیانی بە هەر هۆکارێک بێت خاک و ئاو و ئاسمانی بەکاربهێنێت.

– سنووردارکردنی چەک لەدەستی دەوڵەتدا.

– وەزیری دەرەوەی عێراق دەبێت لە نەتەوەیەکگرتووەکان سکاڵا لە دژی ئەمەریکا تۆمار بکات بەهۆی پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی ئەو وڵاتە لە دژی عێراق.

– حکوومەتی عێراق خێرا لێکۆڵینەوە بکات لە هێرشەکانی ئەمەریکا و ئەنجامەکەی بە پەرلەمان ڕابگەیێنێت.

جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق:

کاری پەرلەمان نییە هێزە بیانییەکان لە عێراق دەربکات

پەرلەمانتارێکی عێراق: دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا زیانی سەربازی و سیاسی و ئابووری بۆ عێراق هەیە



لەبارەی هەوڵی ژمارەیەک پەرلەمانتاری عێراق بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق ڕایدەگەیەنێت کە ئەمە ئیشی پەرلەمان نییە، هاوکات پەرلەمانتارێکیش دەڵێت دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا زیانی سەربازی و سیاسی و ئابووری بۆ عێراق هەیە.

دکتۆر بەشیر حەداد، جێگری سەرۆکی پەرلەمانی عێراق، سەبارەت بە هەوڵی ئەو ژمارەیەی پەرلەمانتاران بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا بە کوردستان24ی ڕایگەیاندووە ئەو پرسە پەیوەندیی بە هەموو پێکهاتەکانی عێراقەوە هەیە و پێویستە ڕێککەوتنی لەسەر بکرێت، ئەو بابەتە پەیوەندیدار نییە تەنها بە لایەنێک.

ڕاشیگەیاند: ڕێککەوتنی نێودەوڵەتی لەنێوان ئەمەریکا و عێراق هەیە، ئەگەر عێراق بیەوێت لەو ڕێککەوتنە دەرچێت، دەبێت بە پێی میکانیزم بێت و پێشتر ئەمەریکا ئاگادار بکاتەوە، بەڵام ئەوە کاری پەرلەمان نییە، چونکە پێشتر حکوومەت ڕێککەوتنەکەی دواخستنی بۆ ماوەی زیاتر لە کاتژمێرێک بەهۆی تەواونەبوونی ڕێژەی یاسایی، بەڕێوەچوو. دانیشتنەکەی پەرلەمان بە ئامادەبوونی 170 پەرلەمانتار بەڕێوەچوو و فراکسیۆنە کوردستانییەکان و فراکسیۆنەکانی سوننە ئامادەی دانیشتنەکە نەبوون.

لە کۆبوونەوەکە کە پەرلەمانتارانی شیعە بە جلی ڕەش بەشدار بوون و وێنەی قاسم سولەیمانیی فەرماندەی پێشووی سوپای قودسی ئێرانیان لەناو هۆڵی پەرلەماندا بەرز کردبۆوە، پرۆژەبڕیارێکی پێنج خاڵیی پەسندکرا و بڕیاردرا هێزەکانی هاوپەیمانان لە عێراق دەربکرێن. ئەو خاڵانەی پەرلەمانیش کە بڕیاری لەسەر دا بریتین لەم خاڵانەی خوارەوە:

– هەڵوەشانەوەی ئەو داواکارییەی کە پێشتر عێراق نارد بووی بۆ هاوپەیمانی دژی داعش.

– پێویستە لەسەر حکوومەتی عێراق کە ڕێگەنەدات هیچ هێزێکی بیانی بە هەر هۆکارێک بێت خاک و ئاو و ئاسمانی بەکاربهێنێت.

– سنووردارکردنی چەک لەدەستی دەوڵەتدا.

– وەزیری دەرەوەی عێراق دەبێت لە نەتەوەیەکگرتووەکان سکاڵا لە دژی ئەمەریکا تۆمار بکات بەهۆی پێشێلکارییە مەترسیدارەکانی ئەو وڵاتە لە دژی عێراق.

– حکوومەتی عێراق خێرا لێکۆڵینەوە بکات لە هێرشەکانی ئەمەریکا و ئەنجامەکەی بە پەرلەمان ڕابگەیێنێت.

بەپێی ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان واشنتۆن و بەغدا

بۆ دەرکردنی هێزەکانی ئەمەریکا پێویستە بەغدا تریلیۆنێک و 220 ملیار دۆلار بدات

پێویستە خەرجی شەڕی ئازادیی عێراقیش بدرێتە ئەمەریکا

ساڵی 2007 ڕێککەوتنێکی ئەمنی و ستراتیژیی لەنێوان عێراق و ئەمەریکادا ئیمزا کرا، بەپێی ئەم ڕێککەوتنە، ئەگەر عێراق پاشگەز بێتەوە و هێزەکانی ئەمەریکا ناچار بکات لە عێراق بچنە دەرەوە، دەبێت عێراق بڕی یەک تریلیۆن و 220 ملیار دۆلار بە ئەمەریکا بدەن.

بەگوێرەی باسنیوز لەم ڕێککەوتنە ستراتیژییەدا کە ساڵی 2009 نوێ کراوەتەوە، هاتووە کە ئەمەریکا ڕەزامەندی بنیاتنانی 16 بنکەی سەربازی لەسەر خاکی عێراق بەدەست دێنێت، ئاسمان و خاکی عێراق لە هەر کات و شوێنێکدا بە دەست دەوڵەتی ئەمەریکاوە دەبێت. هەروەها ڕێککەوتنەکە دووپاتی کردووەتەوە کە مانگە دەستکردەکان لە ئاسمانی عێراقدا لەژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادا دەبن، لایەنی عێراقی بۆی نییە بچێتە ناو زانیاریەکانی مانگە دەستکردەکان یان پەیوەندییان پێوە بکات، تەنها بە ڕەزامەندبوونی ئەمەریکا نەبێت. هەروەها ڕێگە دەدرێت بە لایەنی کەمەوە 8 هەزار و 400 سەربازی ئەمەریکا لەسەر خاکی عێراق بمێننەوە.

لەبارەی دەستکەوتەکانی عێراقیشەوە، لە ساڵی 2009 نوێ کراوەتەوە، هاتووە کە ئەمەریکا ڕەزامەندی بنیاتنانی 16 بنکەی سەربازی لەسەر خاکی عێراق بەدەست دێنێت، ئاسمان و خاکی عێراق لە هەر کات و شوێنێکدا بە دەست دەوڵەتی ئەمەریکاوە دەبێت. هەروەها ڕێککەوتنەکە دووپاتی کردووەتەوە کە مانگە دەستکردەکان لە ئاسمانی عێراقدا لەژێر دەسەڵاتی ئەمەریکادا دەبن، لایەنی عێراقی بۆی نییە بچێتە ناو زانیاریەکانی مانگە دەستکردەکان یان پەیوەندییان پێوە بکات، تەنها بە ڕەزامەندبوونی ئەمەریکا نەبێت. هەروەها ڕێگە دەدرێت بە لایەنی کەمەوە 8 هەزار و 400 سەربازی ئەمەریکا لەسەر خاکی عێراق بمێننەوە.

لەبارەی دەستکەوتەکانی عێراقیشەوە، لە ڕێککەوتنەکەدا هاتووە کە حکوومەتی ئەمەریکی بەغدا لە کەلوپەلەکانی فڕۆکەی f16ی ئەمەریکی پێدەدرێت. هەر بەپێی ڕێککەوتنەکە، ئەگەر عێراق داوا بکات لە ڕێککەوتنەکە بچێتە دەرەوە، پێویستە حکوومەتی بەغدا بڕی 120 ملیار دۆلار بە ئەمەریکا بدات، ئەوەش لە بەرانبەر خەرجییەکانی ئەمەریکا لەگەڵ ئەو زیادەیەی لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا هاتووەتە سەری. هەروەها لایەنی عێراقی خەرجییەکانی شەڕی ساڵی 2003ی دەکەوێتە ئەستۆ، کە بڕەکەی یەک تریلیۆن و 100 ملیار دۆلارە.

دۆنالد ترەمپ: 52 ئامانجمان لە ئێران دەستنیشان کردووە

فەرماندەی ئەرتەشی ئێران بۆ ترەمپ: (52)ت پیشان دەدەین

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ ڕایگەیاند کە لە ئەگەری هێرشی ئێران بۆسەر ئەمەریکییەکان و سەربازانی ئەمەریکا، 52 ئامانجی پێشتر دەستنیشانکراوی ئێران دەپێکین.

دۆنالد ترەمپ لە هەژماری فەرمی خۆی لە تویتەر لە وەڵامی هەڕەشەکانی ئێراندا بۆسەر سوپا و هاووڵاتییانی ئەمەریکا نووسیوویەتی: ئێران زۆر بوێرانە قسە دەکات لەبارەی کردنەئامانجی سەربازانی ئەمەریکا، چونکە ئەو تیرۆریستانەمان لەناوبردوون کە لەم ماوەیەی دواییدا سەدان خۆپیشاندەری ئێرانی و مرۆڤ و ئەمەریکییەکیان کوشتووە و چەندین ئەمەریکی دیکەیان بریندار کردووە. (قاسم سولەیمانی) خۆی هێرشی دەکردە سەر باڵیۆزخانەکەمان لە بەغدا و خۆی ئاماده دەکرد بۆ کردنەئامانجی شوێنگەلی دیکە. چەندین ساڵە ئێران جگە لە دروستکردنی کێشە هیچی دیکەی نەکردووە.

ئەمە با ببێتە هۆشداری: ئەگەر ئێران هێرش بکاتە سەر ئەمەریکییەکان و سەربازانی ئەمەریکا، ئێمە 52 ئامانجی دەستنیشانکراوی ئێران "کە ساڵانێک لەمەوبەر لە بری بەبارمتەگرتنی 52 ئەمەریکی لەلایەن ئێرانەوە، دەستنیشانمان کردبوون" لە کایەی خۆیدا دەپێکین کە ژمارەیەکیان لە ڕووی ئاستبەرزی و کولتووری ئێرانەوە زۆر گرنگن. ئەم ئامانجانە و ئێران خۆی زۆر بەخێرایی و زۆر بەتوندی دەپێکێندرێن. ئەمەریکا نایەوێت زیاتر هەڕەشەی لێبکرێت.

لەلایەکی دیکەوە وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ لە تویتێکدا ڕایگەیاند: چەتەکانی کەتایبی حزبوڵلای سەربە ئێران دەیانەوێت هێزە ئەمنییەکانی عێراق واز لە ئەرکی پاراستنی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا و ئەو شوێنانەی دیکە بهێنن کە تیایدا ئەمەریکییەکان لەگەڵ خەڵکی باشی عێراق کار دەکەن. گوتنی ئەوەی کە حکوومەتی عێراق پێویستە چی بکات لەلایەن ئێرانەوە مەترسی دەخاتە سەر ژیانی نیشتمانپەروەرانی عێراق.

گەلی عێراق دەیەوێت لە دەست ستەمکاری ئێران ڕزگاری بێت و لەم ماوەیەدا کۆنسوڵخانەی ئێران-یان سووتاند و کردیان بە خۆڵەمێش. لە کاردانەوەیەکیشدا فەرماندەی ئەرتەشی ئێران وەڵامی هەڕەشەکەی ترەمپ دەداتەوە کە گوتبووی 52 شوێنی ئێران دەکەنە ئامانج و دەڵێت، ئەگەر بوێری هێرشت هەبێت ئەوکات نیشانت دەدەین کاتە بێیان دەردەکەوێت ئەو قسانەی بۆ بەلارێدا بردنی ڕای گشتی جیهانە، کردەوەکەی ئەوان بۆ شەهید سولەیمانی کردەوەیەکی زۆر ناشرین و قبوڵنەکراوە لە جیهاندا، ئەو قسانە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەو کردەوە نامرۆڤانەیەی خۆیان پەردەپۆش بکەن. بەڵام لە ئەگەری پێکدادانێک لە داهاتوو کە بەدووری دەزانم بوێری ئەوەیان هەبێت، ئەو کاتە بێیان دەردەکەوێت ئەو ژمارانەی 5 و 2 سەر بەکۆێ دەبن.



کەنەدا داوا لە هاووڵاتییانی دەکات عێراق جێبهێڵن

کەندا داوا لە هاووڵاتییانی دەکات گەشت بۆ عێراق نەکەن و ئەو هاووڵاتییانەیشی لە عێراقن بگەڕێنەوە ئەو وڵاتە. وەزارەتی دەرەوەی کەنەدا لە ڕاگەیەندراوێکدا داوا لە هاووڵاتییانی دەکات بەهۆی گۆڕانکارییە بەردەوامەکان و ڕەوشێکی ئەمنی مەترسیدار چاوەڕوانەنەکراو گەشت بۆ عێراق نەکەن و ئەو هاووڵاتییانەیشی لە عێراقن بگەڕێنەوە ئەو وڵاتە.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا نیگەرانی دەربڕدراوە لە تەشەنەسەندنی گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تیایدا هاتووە "کەنەدا بە ڕەچاوکردنی هەڕەشەی زیادبوونی هێرشەکانی تیرۆریستان بۆسەر بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوا، داوا لە هاووڵاتییانی خۆی دەکات عێراق جێبهێڵن".



لاریجانی: کۆشتنی فەرماندەی ئێران لە خاکی عێراقدا لەگەڵ هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتییدا ناگونجێت

بەپێی هەواڵێکی ئاژانسی ئیرنای سەربە حکوومەتی تاران، سەرۆکی پەرلەمانی ئێران، عەلی لاریجانی لە میانی وتەیەکیدا بۆ پەرلەمانتارانی وڵاتەکەی رایگەیاند "هێزەکانی ئەمەریکا لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی وڵاتێکدا دوو فەرماندەی باڵای ئێران و عێراقیان لەڕێی هەلیکۆپتەر و فڕۆکەوە کوشتووە. ئەم رووداوە لەگەڵ هیچ یاسایەکی نێودەوڵەتییدا ناگونجێت".

عەلی لاریجانی جەختی لەوەش کردەوە کە بە ئامانجگرتنی سولەیمانی لەلایەن سەرۆکی ئەمەریکا، دۆناڵد ترەمپەوە تیرۆری جەنگە و بووەتە هۆی گۆڕانی ڕەوشی ناوچەکە و جیهان.

سەرۆکی پەرلەمانی ئێران قاسم سولەیمانی دەستی هەبووە لە هێرشکردنە سەر هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق، سووریا و لوبنان و گوتی: ئەم بانگەشانە جگە لە درۆ شتێکی دیکە نین و تەنها هەوڵێکی ئەمەریکایە بۆ پەردەپۆشکردنی ئەم تاوانە. عەلی لاریجانی داوایشی لە دۆناڵد ترەمپ تەواوی ئەو بانگەشانەی بەرپرسانی واشنتۆنی ڕەتکردەوە کە باس لەوە دەکەن یاسایەکی نێودەوڵەتییدا ناگونجێت".

کەشتی جەنگی وشکاویی USS Bataan بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێکەوت



کەشتی جەنگی وشکاویی USS Bataan سەربە هێزی دەریایی ئەمەریکا مانۆڕی سەربازی لە ئەفریقا ڕاگرت و بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێکەوت. میدیاکانی ئەمەریکا بڵاویانکردەوە کە دوای تەشەنەسەندنی گرژییەکانی نێوان ئەمەریکا و ئێران بەهۆی کوشتنی فەرماندەی فەیلەقی قودس سەربە سوپای پاسداران، کەشتی جەنگی وشکاویی USS Bataan و یەکەی 26ی مارینز بەرەو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێ کەوتووە.

کەشتی جەنگی وشکاویی USS Bataan لە کانوونی یەکەمی 2019 بەمەبەستی بەشداریکردن لە مانۆڕی شێری دەریا لە ئەفریقا لەگەڵ یەکەی 26ی مارینز کە لە دووهەزار و 100 سەرباز پێکدێت بەڕێکەوت و هەفتەی ڕابردوو گەیشتە سنووری ئاوییەکانی مەغریب.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە "کەشتی جەنگی وشکاویی USS Bataan و یەکەی 26ی مارینز کە لەنێو کەشتییەکدان بەمەبەستی نیشاندانی ئەرکی هێزە دەریاییەکان، سەرقاڵی چالاکی ڕۆتینین. لەبارەی هۆکارە ئەمنییەکان و چالاکییەکانی داهاتوو نادوێین. گرووپی ئامادەباشی جەنگی کەشتی وشکاویی و یەکەی ئەرکداری مارینز بۆ فەرماندەکان لە هەر جێیەکی جیهان دەبنە هێز بۆ ئەنجامدانی ئەرکە دەریایی، ئاسمانی و وشکانییەکان بە شێوەیەکی خێرا.



ژمارەیەک کەسایەتی مەسیحی ئەمەریکا داوای سەندنەوەی شەرعیەتی ئایدیۆلۆژیەتی ئیسلامی تورکیا و ئێران دەکەن

با گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت

خەبات/ مەریوان ندشبەندی

ژمارەیەک کەسایەتی مەسیحی کە بەرپرسیاریەتیان لە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ سەرۆکی ئەمەریکا هەیە داوا دەکەن کۆتایی بە ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی تورکیا و ئێران بهێنرێت و گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسیی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بکرێت.

یەکێک لەو کەسایەتییانە براندۆند ویلەر ڕاوێژکاری سیاسی مایک پێنسی جێگری سەرۆکی ئەمەریکایە کە کەسایەتییەکی مەسیحی ناسراوە لەنوسینێکی هاوبەشیاندا لەگەڵ نەدین بلیسەر ماینزا جێگری سەرۆکی کۆمسیۆنی ئازادییە ئاینییەکان لە حکوومەتی ئەمەریکا کە ئەم خاتوونەش هەر مەسیحییە لە گۆڤاری مەسیحییەت و سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا بابەتێکیان نووسیوە و تیایدا تەئکید لەسەر زەروورەتی گەڕانەوەی بەهێزی ئەمەریکا بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکەنەوە و داوا دەکەن شەرعیەتی ئایدیۆلۆژی ئیسلامیی سیاسی دەسەڵاتدار لەهەردوو وڵاتی تورکیا و ئێران وەربگرنەوە و هەوڵی بەهێزکردن و یەکخستنی ئیدارەی ڕۆژئاوای کوردستان و دەشتی نەینەوا دەدەن کە بەبۆچوونی ئەم دوو کەسایەتییە زۆر لەمەسیحییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەم دوو شوێنە دەژین و لەژێر هەڕەشەی میلیشیاکانی سەر بەتورکیا و میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دان. هەروەها باسی ئەوەشیان کردووە کە سووریا دەیەوێ لە جێگەی کورد و مەسیحییەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان کە خاکی دێرینی خۆیانە، دەیەوێ ئەو عەرەبانە نیشتەجێ بکات کە ئێستا لە تورکیا نیشتەجێن. هەر لەم نووسینەدا بە دوورودرێژی باسی قۆناغی دوای کوشتنی ژەنەراڵ قاسم سلێمانی کراوە.

ئەمەش لینکی وتارەکەیە: https://providencemag.com

ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران:

لە کات و شوێنی گونجاودا، «تۆڵەیەکی توند» لە ئەمەریکا دەکەینەوە

ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانیی ئێران ڕایگەیاند، لە کات و شوێنی گونجاودا، "تۆڵەیەکی توند" لە ئەمەریکا دەکەنەوە. ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران، سەبارەت بە کوشتنی فەرماندەی فەیلەقی قودس، قاسم سولەیمانی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ئەنجامدا.

ئەنجوومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی ئێران لە ڕاگەیەنراوێکدا کە لە دوای کۆبوونەوەکە باڵاویکردووەتەوە، ئاماژەی بە هەڵسەنگاندنی هەموو لایەنەکانی هێرشەکە کردووە و تیایدا هاتووە "ڕژێمی ئەمەریکا، بەرپرسە لەم هەموو سەرکێشییە هەڵەیە". هەر لە ڕاگەیەنراوەکەدا ئاماژە بەوەشدراوە کە ئەمەریکا بەم هێرشەی کە کوشتنی سولەیمانی و هاوەڵەکانی لێکەوتەوە گەورەترین هەڵەی ستراتیجی ئەنجامداوە لە ڕۆژئاوای ئاسیادا.

لە ڕاگەیەنراوەکەدا تیشک خراوەتە سەر ئەوەش کە "دەستی پیسیان لە خوێنی پاکی فەرماندە سولەیمانی وەدرا. لە کات و شوێنی گونجاودا بەتوندی تۆڵەی خوێنی فەرماندە سولەیمانی دەکەینەوە".

پڕۆژەی (چاڤیلاند)ی شاسوار عەبدولواحید 50 ملیار دینار قەرزاری حکوومەتە

بەڕێوەبەرێکی گشتی لە وەزارەتی دارایی و ئابووریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاشکرای کرد، سەرجەمی ئەو قەرزەی لەسەر پڕۆژەی گەشتیاریی (چاڤیلاند)ە کە شاسوار عەبدولواحید خاوەندارێتی دەکات،50 ملیار دیناره.

د. کەمال تەیب، بەڕێوەبەری گشتیی باجەکان لە وەزارەتی دارایی، بە خەباتی ڕاگەیاند، حکوومەت کار لەسەر ڕێککەوتنی وەرگرتنی باج لە کۆمپانیاکان دەکات و ئەو کۆمپانیایانەی کە لە دەرەوە کاڵا دەهێنن، ڕاستەوخۆ باجەکانیان بە شێوەی کاش لێ وەردەگیرێت، بەڵام کۆمپانیاکانی ناوخۆ کێشەی بودجەی سااڵنەی کۆمپانیاکانیان هەیە.

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ئەم کێشەیەیان لەگەڵ کەرتی تایبەت بە جۆرێک چارەسەر کردووە، ئەو کۆمپانیایانەی ئەمساڵ نەیانتوانیوە بودجەی خۆیان پێشکەش بە فەرمانگەی باج بکەن، لەگەڵ بودجەی ساڵی داهاتوودا بودجەی ئەمسااڵیان پێشکەش دەکەن.

جەختیشی کردەوە کە هەر کۆمپانیایەک باج بە حکوومەت نەدا، کارەکانی ڕادەوەستێت.

لەبارەی ئەو بڕە پارەیەی کە لە ساڵانی پێشوودا حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە قەرز بە شاسوار عەبدولواحید، خاوەنی کۆمپانیای نالیای داوە بۆ پڕۆژەی گەشتیاریی (چاڤیلاند)، کەمال تەیب بە خەباتی گوت: "ئێستا وەزیری دارایی بە قەرزەکەی چاڤیلاندەوە خەریکە و دەیانەوێت چارەسەری بۆ بدۆزنەوە."

ئەوەشی ئاشکرا کرد کە بەپێی ئەو زانیارییانەی هەیەتی، شاسوار عەبدولواحید لە پڕۆژەی گەشتیاریی چاڤیلاند، 50" ملیار دینار "قەرزی لەسەرە.

ئەمە لە کاتێکدایە کە هەر لەگەڵ دروستکردنی پڕۆژەی گەشتیاریی (چاڤیلاند)، جگە لەو قەرزەی شاسوار عەبدولواحید لە حکوومەت وەری گرتووە، بە ناوی فرۆشتنی پشکەوە، دەیان ملیار دیناری لە زیاتر لە 10 هەزار کەس وەرگرتووە، بەڵام خاوەن پشکەکانی چاڤیلاند بەردەوام گازندەی ئەوە دەکەن کە شاسوار عەبدولواحید قازانجی پشکەکانیان پێ نادات و سکاڵای یاساییشیان تۆمار کردووە.

وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لێدوانێکی توند لەبارەی سولەیمانییەوە دەدات

دوێنێ یەکشەممە 2020/1/5 دۆمینیک راب وەزیری دەرەوەی بەریتانیا ڕایگەیاند، هیچ لایەنێک نایەوێ شەڕێکی نوێ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵبگیرسێ. دۆمینیک راب هەروەها ڕایگەیاندووە، پێویستە هەموو لایەنەکان، کە زیاتر مەبەستی ئەمەریکا و ئێرانە، بارودۆخەکە هێور بکەنەوە و لە شەڕ دوور بکەونەوە. وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لەبارەی قاسم سولەیمانییەوە، ڕایگەیاندووە، "سولەیمانی مایەی هەڕەشەیەکی هەرێمی بوو لەسە ناوچەکە. بەردەبەیانی ڕۆژی هەینی 2020/1/3 سوپای ئەمەریکا لەڕێی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە، کاروانێکی چەکداریی حەشدی شەعبی لە فڕۆکەخانەی بەغدا بۆردومان کرد. بەهۆی بۆردومانەکەشەوە، هەریەکە لە ئەبومەهدی موهەندیس، جێگری سەرۆکی دەستەی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی و قاسم سولەیمانی، فەرماندەی سوپای قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران و نۆ بەرپرس و چەکداری دیکەی حەشدی شەعبی، کوژران.

دەزگایەکی ڕاپرسیی سەر بە ئاکەپە: دەنگەکانی ئاکەپە بۆ 30 دابەزیوە

بەرپرسێکی ئاکەپە: خەریکە لە دەسەڵات دەمانهێننە خوارەوە



ڕۆژنامەیەکی تورکیا ئاشکرای دەکات، دەزگایەکی ڕاپرسیی سەر بە ئاکەپە ئەنجامێکی زۆر ناخۆشی بۆ ئاکەپە ئاشکرا کردووە کە ئەویش دابەزینی دەنگی ئاکەپەیە بۆ 30.

ڕۆژنامەی (یەنی چاغی)ی تورکی ئاشکرای دەکات، دەزگایەکی ڕاپرسیی سەر بە ئاکەپە لەبارەی دەنگەکانی ئاکەپە لە دۆخی ئێستا ڕاپرسییەکی ئەنجام داوە، بەڵام ئەنجامەکەی دڵخۆشکەر نەبووە، چونکە دەنگی ئاکەپە بۆ 30 دابەزیوە.

بە گوێرەی زانیارییەکانی ئەو ڕۆژنامەیە کە لەسەر زاری بەرپرسێکی ئاکەپەوە بڵاوی کردووەتەوە، چەند سەرکردەیەکی بەرزی ناو ئاکەپە ڕەخنەی تووندیان لە ڕەجەب تەیب ئەردۆغان گرتووە، بەوەی ئەو بووەتە هۆکاری دابەزینی دەنگی ئاکەپە، ئەویش بە گوتنەوەی دروشمی (تورکیای میللی) کە ئەمە زیانی زۆری لە ئاکەپە داوە.

بەرپرسێکی ئاکەپە کە نەیویستووە ناوی خۆی ئاشکرا بکات، قسەی بۆ (یەنی چاغ) کردووە و دەڵێت: "لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکاندا، دەنگدەری تورکیا ئێمەی فێڕی وانەیەکی باش کرد و سزای ئێمەی دا تا بە خۆماندا بچینەوە، بەڵام دەبینین ئێستا دەنگەکانمان بە شێوەیەکە کە خەریکە لە دەسەڵات دەمانهێننە خوارەوە. ئەو بەرپرسە پێی وایە نەدەبوا ئاکەپە و ئەردۆغان ڕێگەیان بدایە ئەحمەد داودئۆغلو و عەلی باباجان لە ئاکەپە بکشێنەوە و پارتێکی تازە دروست بکەن، چونکە ئەمە وای کرد بە دەستی خۆیان لایەنگرانی پارتەکەیان بۆ ئۆپۆزسیۆن بنێرن. ئەو دەڵێت: ئێمە ترسی ئەوەمان هەیە کە ئایندەی ئاکەپە وەکوو پارتی دایکی نیشتمان و پارتی چەپی دیموکراتیکی لێ بێت لە 2002.

دوای هەفتەیەک لە دیارنەمانی خانمە چالاکوانێکی ژینگەپارێزی خەڵکی مەهاباد بە کوژراوی دۆزرایەوە

دوێنێ یەکشەمە 2020/1/5 مالپەڕی (هەنگاو) بۆ مافەکانی مرۆڤ بڵاوی کردەوە، سەرلەبەیانیی یەکشەمە، تەرمی خەدیجە خەدیر، چالاکوانی ژینگەپارێزی خەڵکی مەهاباد لە ڕێگای بۆکان/ مەهاباد دۆزرایەوە.باس لەوەش کراوە، پۆلیسی مەهاباد لە ڕێگەی بەدواداچوونی تۆماری ڤیدیۆی کامێرای چاودێرییەوە توانیویەتی سەردەاوێک لەو ئافرەتە بدۆزێتەوە، تۆمەتبارەکەش دەستگیر کراوە و دانی بە تاوانەکەیدا ناوە. ئاماژە بەوەش دراوە، خەدیجە خەدیر ڕۆژی چوارشەمەی هەفتەی ڕابردوو 2020/1/1 لە کاتی چوونەدەر لە ماڵ، لەگەڵ ئۆتۆمبێلی یەکێک لە دراوسێکانی خۆی سەرکەوتووە، دواتر هەر لەلایەن ئەو کەسەوە پارە و زێڕی لێ دزراوە و کوژراوە، پاشان تەرمەکەی لە ڕێگای بۆکان بۆ مەهاباد ناشتووە.

ئاماژەیەک لە وەرگێڕەوە

(تێری لێین کارڵ Terry Lynn Karl) پرۆفیسۆری ئەمەریکایی بواری زانستە سیاسیەکان، 21ی نۆڤێمبەری 1947 لەدایک بووە. ئەم لێکۆڵینەوەیەی کاتی خۆی سالی 2007 لە لایەن - پەیمانگەی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی عێراق- کەخوالێخۆشبوو نووسەری ناسراو فالح عەبدوجەبیار سەرپەرشتی دەکرد کراوە بە عەرەبی و وەکات لە بەغدا و هەولێر و بێرووت بڵاوکراوەتەوە.
نووسەر لەم لێکۆڵینەوەیدا بە ڕاشکاوی باسی گرفتە پەنهان و ئاشکراکانی نەوت و مەترسییەکانی لە وڵاتانی خاوەن نەوت دەکا کە چۆن ئەگەر پسپۆڕی دڵسۆز و لێزانی حیکمەتدار لە پشت ئیدارەدانییەوە نەبن لە باتی خێر دەبێتە بڵا بەسەر خودی دەوڵەتەکەوە ونەک هەر گەشەی دەوەستێنێ یا دوای دەخا، بەڵکو دەیخاتە ژێر باری قەرزی قورسیشەوە. لەم بوارەشدا ئموونە و داتای حاشاهەڵنەگر و هەندێ جار بەڵگەنەویست دێنێتەوە بەتایبەتی لە دەوڵەتە دواکەوتووەکاندا.
بەهۆی گرینگی لێکۆڵینەوەکە و بۆ بەرچاوڕوونی لایەنە پەیوەندیدارەکان بە پێویستم زانی بیکەم بە کوردی، دەنا ڕەنگە بابەتی لەم چەشنە کاری ئابووریزانان بێ تا خوێنەر و بەدواداچوویەکی ئەدەب و هونەر).

وەرگێــــڕ



مەترسییەکانی دەوڵەتی خاوەن نەوت

وردبوونەوە لە پارادۆکسی زۆری(*)

5-2

تێری لێین کارڵ

و : نەژاد عزیز سورمێ

1- پشت بەستنی بێسنوور بە داهاتی نەوت بەوەی چەقی هەموو چالاکییەکی ئابووریـیە، کە بەوەدادەشکێتەوە پێداویستییەکانی پیشەسازی نەوت لە بان چالاکی دی دادەنێ.
2- نەبوونی پەیوەندی بەرهەمهێنان و بالکێشانی هاندانی دارایی گەنجینە.
3- لایەنگیریی سنووربەدەر بۆ پیشەسازی قورسی سەرمایە چڕ، لە بەرابەر ستەم کردن لە بونیاتیی کشتوکێڵ و لایەنی دیکەی کەرتی هەنارەدە کردن.
4- بیرکردنەوە لە پێویستیی خێرایی پەرەپێدان و پەلە کردن لێی (پێش ئەوەی نەوت وشک بێ).
5- دەست بەسەرداگرتنی دەوڵەت بەسەر داهاتی نەوت و ڕێگاکانی بەکارهێنانی. ئەو تایبەتایەتیانە لۆژیکێکی لە ناوخۆیدا هەیە دەتوانێ بەخۆی، خۆی بەهێز بکا، لە سەرەتادا دەبینین پێداویستی وەبەرهێنانی نەوت و چک کردنی ئەو سەرچاوەیە، دەخوازێ دەسەڵاتێکی بە تینی ناوەندی هەبێ، ئەگەر بۆ هیچ نەبێ، لانی کەم بۆ ئەوەی هاوبەشێکی باوەڕپێکراو سەرمایەی بێگانە بۆ دانوستان، قازانجی نەوتیش بۆ دەوڵەت دەچێ، ئینجا بە پێی قانوون بێ یاخود بە هێزی نەریت (عورف).
بەو پێیەی نەوتیش مۆڵکی هەموو نەتەوەیە، بۆیە کاری هەرە لە پێشی ئەو دەسەڵاتە ناوەندییە ئەوەیە بە دوای ئەڵتەرناتیفی بەرهەمدا بگەڕێ کە تێیدا بێ جێگای پەرەپێدانی بە کەرتی نەوت بەڕێوە دەچێ بگرێتەوە، ئەمەش بە بەکارهێنانی خاسییەتەکانی دارایی نەوت، بەڵام لەپێشگرتنی هەمان دارایی بە لای بەهێز کردنی ئارەزووی بەکاربردندا دەشکێتەوە، بە جۆرێک بااڵ بەسەر ویستی بەرهەمهێنانداً دەکێشێ، لەگەڵ ئەوەی ئارەزووی بەرهەمهێنان بۆ گەشەی ئەو ئابووریانەی تێیاندایە بەردەوام بن پێویستە [9].
دیسان ئەو لەپێشگرتنە داراییەش کۆسپ دەخاتە پێش ڕێگەچارەکانی خۆ ڕاست کردنەوە و لاسەنگیان دەکا، بەمەش شوێنکەوتنی تاکلایەنە بۆ دۆلارەکانی نەوت دەچەسپێنێ.
(سەرسامی بە نەوت) لۆژیکی ئابووری نەوت بەهێز دەکا، چونکە دەست کەوتنی یەکەمین جاری دارایی نەوت، یا خرۆشانێک لە نرخیدا هەڵڕژانی دۆلاری نەوت زیاتر دەکا، ئەمەش هانی گەشەسەندنی کۆمەڵێک باوەڕی نوێ دەدا لەبارەی ڕۆڵی بەرفراوانی کەرتی حکومەتی هەروەها هانی شێوازی نوێی ڕەفتار و بەرژەوەندی نوێش لە ناو حکوومەت و دەرەویدا دەدا، بە نموونە سامانی نەوت کە لە حەفتا و هەشتایەکاندا (مەبەستی سەدەی ڕابردووە) هەڵڕژا هیوای سەرکردە سیاسییەکانی، لەوانەی بەخت یاوەریان بوو ئەو سامانەیان هەبێ بەرز کردەوە.

دوای تێپەڕینی چارەکە سەدەیەک بەسەر جۆش و خرۆشی نەوتیی دەیەی حەفتاکان، لەگەڵ بوونی دوو قەڵەمبازی گەورە لە نرخی نەوت لە دەیەی نۆهەتەکانیشدا دەبینین زۆربەی دەوڵەتانی نێردەکاری نەوت لە قەیراندا گینگڵ دەدەن، بەتایبەتی ئەوانەی بە دەست کەمی سەرمایەوە دەناڵێنن.

ئەو سەرکردانە بەوە نەوەستان کە باوەڕیان بۆ ئەوە چوو نەک هەر دەتوانن باروبووی پڕۆژەی پەرەپێدانی زەبەلاح لە ناوەوەی وڵاتدا بکەن، بەڵکو مەزەندەیان لەوەشی تێپەڕاند لە توانایاندایە وەبەرهێنان یان کڕینی سەرچاوە و پارێزبەندی لە دەرەوەشدا بکەن.
ئەوانە بە هۆی زێڕی ڕەشەوە بڕیان مەیسەر بوو ژیانێکی شاهانە بەدی بێنن بێ ئەوەی پێویستیان بە هیچ پاشەکەوتێکی ناچاریبەوە هەبێ یان هیچ بەرنامەیەکی دەستگرتنەوە جێبەجێ بکەن، یاخود ڕێگە بە زیادکردنی پەکخستنی بودجە لە ڕێی واتایەکی دی گرفتی مەترسی ئەخلاقی و مەترسییەکانی سەرهەڵدانی سەرمایەی خزمخزمێنە Crony Capitalism بە تەواوی دەردەکەوێ.
ئەوەی دەوڵەتی خاوەن نەوت لە دەوڵەتانی دی جیا دەکاتەوە ئالوودە بوونیانە بە داهاتی نەوت، لە کوێشدا ئەو ئالوودە بوونە بچەسپێ، کۆمەڵێکی شێواوی ئەنگیزەی سیاسی و ئابووری تیا دەبینین کە پەل بە هەموو لایەنەکانی ژیاندا داوێ، بە جۆرێک وای لێ دێ هەموو شتێک دەخرێتە فرۆتنێ.
بەرپرسانی دەوڵەتانی خاوەن نەوت وەک زیادەخەرجییەوە بدەن ئەمەش بوو بە ئادگاری دەوڵەتانی دیکەی جیهانی سێیەم.
دیارە (سەرسام بوون بە نەوت) بە تەنیا دەسەڵاتدارانی نەگرتەوە، چونکە دەسکەوتنی دارایی ئاسان، ئاکاری کاری باو هەروەها ئەنگیزەی ڕێکخستنی کاریش لە بازاڕدا سست دەکا.
دیسان ڕێکوپێکی دارایش (لە خەرج کردندا) لە ناو دەزگاکانی حکوومەتدا لاواز دەکا، ئەمەش دەبێتە هۆی کاری هەڵەشە لە بودجەدا. لەوەش وێرانتر سەرسام بوون بە نەوت تەگەرە دەخاتە پێش کۆششی تەیارکردنی ناوخۆیی سەرچاوەکان لە ڕێگای باجەوە و مەیلی قبووڵ کردنی دەستگرتنەوە کز دەکا و پشت بەستنێکی مەترسیداری بە دەوڵەتی لێ دەکەوێتەوە بۆ چارەسەر کردنی تەواوی کێشەکان ئەمەش دەبێتە هۆی پشت بەستنی زیاتر بە داهاتەکانی نەوت و زیادبوونی دەست خستنی دەوڵەت بۆ ناو کەرتی تایبەت. بە بەرپرسانی دەوڵەتانی دی ناجوولێنەوە ئەوان ناچار نین وا بن، بەڵام کۆمپانیاکانی نەوت هیچ سەرکێشییەکی سیاسی ناکەن بە هەمان ئەو ڕێگایانەی کۆمپانیاکانی تر دەیکەن و بە هەمان نرخاندن.
کۆمپانیاکانی نەوت تەنانەت لە جەنگەی شەڕی ناوخۆشدا لە کارەکانیان بەردەوام دەبن (وەکو ئەنگۆلا)، تەنانەت لە کاتێکدا پارتیزان و چەتەی مادده هۆشبەرەکانیش هێرش دەکەنە سەر بۆڕییەکانی نەوت و بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان (وەک کۆلۆمبیا)، یان تەنانەت هەڕەشەی نائارامی هەرێمایەتی کە سەقامگیریی دەشێوێنێ وەکو (گۆلی دەریای قەزوین).
لە بەرامبەردا خاوەنکاری ناوخۆ و سەرکردەی سەندیکاکان و سەرانی سیاسی حساباتیان بە پێی ڕێساکانی باو بنیات نانێن، لە کوێدا نەوت بێتە چەقی ململانێی ناوخۆ و جیهانی لەسەر قازانج، مەترسیەکان گەورەتر دەبن لەوەی بتوانرێ لە دەست بدرێن، ملیاران دۆلار ئامادەیە بۆ وەرگرتن، هەر لەو کاتەدا ئەو ملیارانە بە گشتیی لە چوارچێوەی پەیکەرێکی کارگێڕیی لاواز و مافی خاوەندارییەتی مسۆگەر نەبوو و نەبوونی پابەندبوونی دادوەریدا دەخوولێتەوە، دابەش بوونی قوڵیش لەو لاوە بوەستێ هەروەها بەرزخوازیی سیاسی بەهێز کە ئەمەش دارشتەیەک نییە توانایی ئابووری بەجێ بێنێ.
لەم بارەیەوە دەوڵەتانی خاوەن نەوت هاوشێوەی دەوڵەتانی دیکەی قازانج ویست، کە هێزی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی لە توانای دووڵایەنەی لە دەستخستنی قازانجی دەرەوە لە بازنەی جیهانیدا هەڵدێنجێ، لە پاشانیشدا دابەش کردنەوەی ئەو داهاتانە لە ناوخۆدا.
بە ڕاستی دەوڵەتانی خاوەن نەوت بە تەواوی دەوڵەتی قازانج ویستن: نەوت ئاستی بەرزی نائاساییان لە قازانج بۆ ماوەیەکی درێژ بۆ دەستەبەر دەکا، وەک ئەوەی قەرز کردنی نێودەوڵەتیشی بۆ ئاسان دەکا، کە ئەمەش توانایی ژیانی زیاتر لە توانای دارایی بەردەست درێژە پێ دەدا. ڕەنگە ئەمەش ببێتە ئەگەری ئەوەی ڕێگە بە سەرکردەکانی دەوڵەتانی خاوەن نەوت بدا خۆیان لە گۆڕانکاری بنەڕەتی پێویست بۆ ماوەیەکی درێژتر لە توانای سەرکردەکانی دی وڵاتانی پەرەسێن بە دوور بگرن، چونکە دەوڵەتانی پەرەسێن خێراتر دێنە ژێر باری پێداویستی گۆڕان هەر وەختێ نیشانە گەورەکانی ئابووری هەبوونی ئاڵۆزی دەردەخەن، بەڵام بە بوونی نەوت، دەوڵەتی خاوەن نەوت شتێک نابینێ دەداتەوە کە وا لە حکوومەتە جیاجیاکانی دەوڵەتانی نێردەکاری نەوت دەکا لەگەڵ جیاوازی شێوازی حوکم وجیاوازی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کولتوور و قەوارەو بایەخی جیۆستراتیجییاندا ڕێڕەوێکی گەشەی هاوبەش هەڵدەبژێرن و لە جەوسەرێکی وێکچووەدا دەخوڵێنەوەو بە گشتی بە باری پێچەوانەی زیانبەخشدا دەشکێنەوەو لە جیاتی چاک کردنی توانایی ئابووری یا فێر بوونی سیاسی، دۆلاری نەوتێ جێی شارەزایی سیاسی لە بەڕێوەبردنی دەوڵەتدا دەگرێتەوە، لە کوێشدا ئەمە بێ توانای بەرەنگاربوونەوەی داواکاریان لاواز دەبێ و پارێزبەندی ڕێژەیی دارێژەرانی سیاست دادەڕمێ. ڕاستیی دەسەڵاتداران توانای ئەوەیان نامێنێ بڵێن (نا) [10].
ئەمە لەبەر ئەوە نییە سەرکردەی دەوڵەتانی نێردەکاری نەوت لەوە ناگەن چی خزمەت بە بەرژەوەندییەکانیان دەکا، بەڵکو ئەوان با لە ماوەیەکی کورتیشدا بێ زۆر چاک لەو بەرژەوەندیانە دەگەن.

تۆماری ئۆپێک

کارڕایی سیاسی و ئابووری وڵاتانی ئۆپێک دوای سێ شەپۆلی خرۆشانی نەوت گەواهییەکی حاشاهەڵنەگرە بەسەر ئەم تەڵە دارێژراوەدا.
ڕەنگە ئەوەی زیاتر لێتۆژ نیگەران دەکا کە لە تۆماری ئەو وڵاتانەدا، نێوان ئەو دوو دەیەیە دەکۆڵێتەوە کە سەرەتای حەفتایەکان بەدوای خرۆشانی نەوتەوە هاتن ئەوەیە، وڵاتانی تر بە کردنی بە پلەی جیاواز پاشەکشەیان لە گۆڕینی ئەو زۆربوونە گەورەیەی لە کۆی بەرهەمی ناوخۆدا GDP بۆ خۆشگوزەرانی هاوشێوە لە ژیانی گەلەکانیاندا کرد، لەباتی ئەوە لە باریکی خراپتر لەوەی یەکەمین جار بۆی دەچین دەیانبینین، چونکە ئەو دەوڵەتانە بەدەست دارمانی کشتوکێڵ و کەرتی پیشەسازی و دارمانی سیستەمی بانکی و کەم بوونەوەی هەنارەدەی دەرەوەی نەوتەوە گیرۆدەن، نیشانەی بنچینەیش هەیە پێمان دەڵێ کە دۆخی ئەو دەوڵەتانە خراپترە لە باری زۆر لەو دەوڵەتانەی نەوتیان نییە و ململانێیان لە پێناوی ئەوەدا کردووە خۆیان لەگەڵ زۆر بوونی لیستەکانی وزەدا بگونجێنن.
هەر کە گەیشتینە ناوەڕاستی نەوەتەکان بەسەریدا بسەپێنێ خۆی بگونجێنێ - ئەگەر بیشیکات لە کات و ساتی پێویستدا نایکا، بەو واتایەی دۆلارەکانی نەوت بژاردەی پەرەپێدانی پێشووی پشت بە نەوت بەستوو (دادەخا) و ئەو بژاردانە دەچەسپێنێ، بەمەش سستی لە دامەزراوەکاندا دادێنێ و کۆسپی بڵێندە لە بەرابەر چاکسازیدا هەڵدەنێ.
دیسان دۆلارەکانی نەوت هانی گرتنەبەری شێوازێک لە سیاسەت دەدا خۆی لە ئارەزووی لەڕادەبەدەر بە داپۆشینی گرفتان بە پارە دەبینێتەوە، یان ئەگەر ئەوە نەلوا بژاردە قورسەکان دوا دەخەن تا خرۆشانێکی تازەی نەوت دێتەوە، بەڵام کێشە دواخراوەکان دەسبەجێ کەڵەکە دەبن و بارەکە خراپتر دەبێ، لە ئەنجامی ئەمەشدا گۆڕان - کە لە پاشاندا هەر دێ- بە کاریگەری قەیرانە قوولەکانی سیاسی و ئابووریبەوە دێ.
ناتەوانایی دەوڵەتانی خاوەن نەوت بەوەی خۆی لەگەڵ بارودۆخی نوێدا بگونجێنێ و توانای نوێبوونەوە و نەرمی نواندنی لە سیاسەتدا هەبێ کە بۆ سەرکەوتنی گەشە پێویستن ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە بنیاتی هاندانی شێواوەوە هەیە کە ڕەفتاری سیاسی و خودانی کاران بە یەک ئاست دادەڕێژێ، لە دەوڵەتانی دی گەشەسەندووی خاوەن نەوت هێزی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی تارادەیەک لەسەر توانای دوولایەنەدا دەوەستێ:
1- هەڵێنجانی قازانج (دراو بەرامبەر نەوت) لە دەرەوەی بازنەی جیهانیی وزەدا.
2- دابەش کردنی قازانج لە ناوخۆدا بە بەکارهێنانی پێوەری سیاسی وەک شێوازێکی ناوەندیی دابەش کردن، ئەمەش پەیوەستییەکی تۆندی نائاسایی لە نێوان دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیدا پەیدا دەکا و چەندین تۆڕی ڕێککەوتنی ژێربەژێر پەرە پێ دەدا کە لەسەر ئاڵۆگۆڕی کلاسیکیدا دەوەستێ لە نێوان مافی حوکم و مافی پارە کۆکردنەوە. دیسان هەر ئەمە ئەنجامە ئابووریییەکان بە مەحکەمی بە سیاسەتەوە دەبەستێتەوە لە شێوەی تێکەڵاو بوونی ئابووری و سیاسەت لە دەوڵەتانی پێشووی سۆشیالست- ئەم واقیعەش وا دەردەکەوێ بەسەر سەرنجی زۆربەی چاودێراندا تێپەڕێ. ڕاستیی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتانی نێردەکاری نەوت هیچ هاندەرێکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە بنیاتی هاندانی شێواوەوە هەیە کە ڕەفتاری سیاسی و خودانی کاران بە یەک ئاست دادەڕێژێ، لە دەوڵەتانی دی گەشەسەندووی خاوەن نەوت هێزی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی تارادەیەک لەسەر توانای دوولایەنەدا دەوەستێ:
1- هەڵێنجانی قازانج (دراو بەرامبەر نەوت) لە دەرەوەی بازنەی جیهانیی وزەدا.
2- دابەش کردنی قازانج لە ناوخۆدا بە بەکارهێنانی پێوەری سیاسی وەک شێوازێکی ناوەندیی دابەش کردن، ئەمەش پەیوەستییەکی تۆندی نائاسایی لە نێوان دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیدا پەیدا دەکا و چەندین تۆڕی ڕێککەوتنی ژێربەژێر پەرە پێ دەدا کە لەسەر ئاڵۆگۆڕی کلاسیکیدا دەوەستێ لە نێوان مافی حوکم و مافی پارە کۆکردنەوە. دیسان هەر ئەمە ئەنجامە ئابووریییەکان بە مەحکەمی بە سیاسەتەوە دەبەستێتەوە لە شێوەی تێکەڵاو بوونی ئابووری و سیاسەت لە دەوڵەتانی پێشووی سۆشیالست- ئەم واقیعەش وا دەردەکەوێ بەسەر سەرنجی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە بنیاتی هاندانی شێواوەوە هەیە کە ڕەفتاری سیاسی و خودانی کاران بە یەک ئاست دادەڕێژێ، لە دەوڵەتانی دی گەشەسەندووی خاوەن نەوت هێزی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی تارادەیەک لەسەر توانای دوولایەنەدا دەوەستێ:
1- هەڵێنجانی قازانج (دراو بەرامبەر نەوت) لە دەرەوەی بازنەی جیهانیی وزەدا.
2- دابەش کردنی قازانج لە ناوخۆدا بە بەکارهێنانی پێوەری سیاسی وەک شێوازێکی ناوەندیی دابەش کردن، ئەمەش پەیوەستییەکی تۆندی نائاسایی لە نێوان دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیدا پەیدا دەکا و چەندین تۆڕی ڕێککەوتنی ژێربەژێر پەرە پێ دەدا کە لەسەر ئاڵۆگۆڕی کلاسیکیدا دەوەستێ لە نێوان مافی حوکم و مافی پارە کۆکردنەوە. دیسان هەر ئەمە ئەنجامە ئابووریییەکان بە مەحکەمی بە سیاسەتەوە دەبەستێتەوە لە شێوەی تێکەڵاو بوونی ئابووری و سیاسەت لە دەوڵەتانی پێشووی سۆشیالست- ئەم واقیعەش وا

ئیتر وای لێ هات زۆربەی ئەو وڵاتانە پەلە بکەن لە هێنانی سەرمایەی بیانی بۆ پرۆژەی هاوبەش کە پێشتر وەختی خۆمالێ کردنی نەوت لە حەفتاکاندا بەدوایی ڕەتیان دەکردەوە.

دەردەکەوێ بەسەر سەرنجی زۆربەی چاودێراندا تێپەڕێ. ڕاستیی دەسەڵاتدارانی دەوڵەتانی نێردەکاری نەوت هیچ هاندەرێکی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە بنیاتی هاندانی شێواوەوە هەیە کە ڕەفتاری سیاسی و خودانی کاران بە یەک ئاست دادەڕێژێ، لە دەوڵەتانی دی گەشەسەندووی خاوەن نەوت هێزی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی تارادەیەک لەسەر توانای دوولایەنەدا دەوەستێ:
1- هەڵێنجانی قازانج (دراو بەرامبەر نەوت) لە دەرەوەی بازنەی جیهانیی وزەدا.
2- دابەش کردنی قازانج لە ناوخۆدا بە بەکارهێنانی پێوەری سیاسی وەک شێوازێکی ناوەندیی دابەش کردن، ئەمەش پەیوەستییەکی تۆندی نائاسایی لە نێوان دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیدا پەیدا دەکا و چەندین تۆڕی ڕێککەوتنی ژێربەژێر پەرە پێ دەدا کە لەسەر ئاڵۆگۆڕی کلاسیکیدا دەوەستێ لە نێوان مافی حوکم و مافی پارە کۆکردنەوە. دیسان هەر ئەمە ئەنجامە ئابووریییەکان بە مەحکەمی بە سیاسەتەوە دەبەستێتەوە لە شێوەی تێکەڵاو بوونی ئابووری و سیاسەت لە دەوڵەتانی پێشووی سۆشیالست- ئەم واقیعەش وا دەردەکەوێ بەسەر سەرنجی ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە بنیاتی هاندانی شێواوەوە هەیە کە ڕەفتاری سیاسی و خودانی کاران بە یەک ئاست دادەڕێژێ، لە دەوڵەتانی دی گەشەسەندووی خاوەن نەوت هێزی ئابووری و دەسەڵاتی سیاسی تارادەیەک لەسەر توانای دوولایەنەدا دەوەستێ:
1- هەڵێنجانی قازانج (دراو بەرامبەر نەوت) لە دەرەوەی بازنەی جیهانیی وزەدا.
2- دابەش کردنی قازانج لە ناوخۆدا بە بەکارهێنانی پێوەری سیاسی وەک شێوازێکی ناوەندیی دابەش کردن، ئەمەش پەیوەستییەکی تۆندی نائاسایی لە نێوان دەسەڵاتی ئابووری و سیاسیدا پەیدا دەکا و چەندین تۆڕی ڕێککەوتنی ژێربەژێر پەرە پێ دەدا کە لەسەر ئاڵۆگۆڕی کلاسیکیدا دەوەستێ لە نێوان مافی حوکم و مافی پارە کۆکردنەوە. دیسان هەر ئەمە ئەنجامە ئابووریییەکان بە مەحکەمی بە سیاسەتەوە دەبەستێتەوە لە شێوەی تێکەڵاو بوونی ئابووری و سیاسەت لە دەوڵەتانی پێشووی سۆشیالست- ئەم واقیعەش وا

وای لێ هات کورتهێنانی سالانەی وڵاتانی ئۆپێک لە شمەک و خزمەتگوزاری لە جیهانی وڵاتانی گەشەسەندوو لە هەموان زۆرتر بێ ئیتر گەیشتە ئەوەی هەموو ئەو وڵاتانە لە پێشان زیاتر پشت بە هەنارەدەی تاک شمەک ببەستن هەروەها قەرزەکانیان زۆر زیادی کرد، سەرەڕای ئەوەش هەموو دەوڵەتانی ئۆپێک کەوتنە بەرامبەر گەورەترین دەستگرتنەوە (تقشف) کە لە میانی ئەو چوار دەیەیەی ڕابردوودا پێبدا تێپەڕیون [11].

پەراوێز:

(9) Albert Hirschman , Es-says in Trespassing: Economics To Politics and Beyond (Cambridge, England: Cambridge University Press , 1981) .

(10) بەڕێز هیکتۆر هورتادۆ، کە وەزارەتی دارایی فەنزوێللای وەرگرت ئاماژەی بە نووسەری ئەم دێرانە داوە و وتوویەتی: (چۆن دەتوانین بە بەهێزەکان بڵێین ئێمە پارەیان لێ قەدەغە دەکەین، یان پێیان بڵێین پارەمان نییە، لە کاتێکدا ئەوان بێگومان دەزانن کە تۆ نەوتت هەبێ واتە پارەی پێویستت هەیە، یا دەتوانی دەستی بخەی؟) (کاراکاس، فەنزوێللا، هاوینی 1979).

(11) Alan Gelb, Oil Wind-falls: Blessing Curse (New York: Oxford University ; and Karl((11) Press, 1988 (1997)

ڕێکخراوەکا سویدی دێ خزمەتا مالباتێن شەهیدان کەت



سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنێ سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا شێل فۆرس سەروکێ ڕێکخرا ژینگەھ پارێز یا سویدی کر، دڤێ روینشتنێ دا بەرپرسێ لقێ گوھداریا وان کار و پلانێن خێرخوازی یێن ڤێ ڕێکخراوێ کرن، نەخاسمە ئەوێن ل پارێزگەھا دھوکێ تێنە ئەنجامدان، سەرۆکێ ڕێکخراوا ناڤبری دا دیار کرن کو نها پروژەک لبەر دەستە ژ بۆ خزمەتکرنا مالباتێن شەهیدان کو تیمەکا بەرفرەھ یا نوژدارێن تایبەتمەند دێ سەردانا کوردستانێ کەن ژ بۆ چارەسەرکرنا نەخوشێن وان، ئەڤە بەرپرسێ لقێ دەست خوەشیا ڤی پروژێ مروڤایەتی کر و ھیڤی خواست ڕێکخراوێن دی ژی بھەمان دیدە تەماشەیی وان بکەن.

لەلایەکی دیکەوە، سەربەست تروانشی ئەندامێ ئەنجومەنی سەرکردایەتیا پارتی و بەرپرسێ لقێ ئێک ل بارەگایێ لقێ پێشوازیا دکتور نزار عصمەت ڕێڤەبەرێ گشتی یێ ساخلەمیا پارێزگەھا دھوکێ و شاندەکێ دگەلدا کر. ئەڤە و دڤێ ڕونشتنێ دا ھەردوو ئالیان گەنگەشە و گفتوگو ل سەر ڕەوشا تەندروستی ل سنورێ پارێزگەھا دھوکێ کرن. ئەڤە و بەرپرسێ لقێ تەکەز ل سەر وێ ئێکێ کر کو کەرتێ تەندروستی ئێک ژ وان کەرتێن ھەری کاریگەر د ناڤ جڤاکی دا چونکی راستە و راست دگەل رحا مروڤا کار دکەن لەوما خزمەت کرنا وان دڤێ وارەی دا وەراو پشکورینێ دروست دکەت و زالبون ل سەر وان کێم و کاسیان ژی ئەرکەکێ فەرو زرورپە.

پارێزگاری ھەولێر سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کرد



بە بۆنەی کۆتایی ھاتن بە کارەکانی کۆنگرەی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و ھەڵبژاردنەوەی ئەمیندری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی، سەرلەبەیانی دوێنێ 5/1/2020 د.فرسەت سۆفی پارێزگاری ھەولێر بە یاوەری جێگرانی پارێزگار سەردانی بارەگای مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانی لە شاری ھەولێر کرد و لەلایەن سەلاحەدین بەھائەدین ئەمیداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و ژمارەیەک لە ئەندامانی سەرکردایەتی یەکگرتوو پێشوازی لێکرا.

پارێزگاری ھەولێر بۆنەی کۆتایی ھاتن و سەرکەوتنی کۆنگرەی یەکگرتوو و دووبارە ھەڵبژاردنەوەی بە ئەمیندری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پیرۆزبایی لە سەلاحەدین بەھائەدین ئەمیداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی و ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەندامانی یەکگرتوو کرد و ھیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن لە کاری سیاسیی داھاتوتیاندا.

لەلایەن خۆشیەوە ئەمیندراری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سوپاسی پارێزگاری ھەولێری کرد بۆ سەردانەکەی و ھیوای سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ خواست.

پارێزگەرێ دھوکێ پێشوازیا شاندەکێ حزبا زەحمەتکێشێن کوردستانێ کر



فەرھاد ئەمین ئەترۆشی پارێزگەرێ دھوکێ پێشوازیا شاندەکێ حزبا زەحمەتکێشێن کوردستانێ ب سەروکاتیا سەعد خالد سکرتێرێ حزبا ناڤبری کر.

دھەڤدیتنەکێدا، بەحسێ ڕەوشا پارێزگەھا دھوکێ و کار وپرۆژێن حکومەتا کوردستانێ یێن ل پارێزگەھێ دھێنە ئەنجامدان و ھەڤکاری و ھاریکاری دناڤبەرا لایەنێن سیاسی وکارگێریا پارێزگەھێ ژبو وێ یەکێ باشتر خزمەتا ھاولاتیان بھێتە کرن ھاتە کرن. پارێزگەرێ دھوکێ پیروزباھیا سکرتێر نوو و ھەموو ئەندام ولایەنگرێن حزبا زەحمەتکێشێن کوردستانێ کر ب ھەلکەفتا ئەنجامدان کونگرێ نوو یێ حزبێ وسەرکەفتن بو خواست.

ھەروەسا تەکەز کر کو دڤێت حکومەتا ھەرێما کوردستانێ وھەموو حزبێن کوردستانی ئێک دەنگ وئێک ھەولویست بن ل ھەمبەر ھەر پێشھاتەکێ بو وێ یەکێ دەستکەفتێن گەلێ کوردستانێ بھێنە پاراستن وخزمەتا وەلاتیان باشتر بھێتە کرن.

ھەولێر.. پارێزگاری ھەولێر بڕیاریدا 100 ملیۆن دینار تەرخان بکرێت بۆ بواری تەندروستی



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

بەمەبەستی لەنزیکەوە ئاگاداربوون لە کێشەوگرفت و کەموکوڕیەکانی نەخۆشخانە فریاکەتنەکان دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری ھەولێر بەیاوەری دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتح بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی ھەولێرو پزیشکانی نەخۆشخانەکان سەردانی ھەریەکە لە نەخۆشخانەکانی ڕاپەڕینی منداڵان و نەخۆشخانەی نانەکەلی و بەشی ئەنفلەونزای وەرزیبان لەنەخۆشخانەی کۆماری ھەولێر کرد و لەنزیکەوە لە کێشەو گرفتەکانی ئەو نەخۆشخانانەی کۆلیەوە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیشیان بڕی 100 ملیۆن دیناری بۆ تەرخان کردن.

ھەولێر.. مامۆستایانی ئایینی بەشداری لە ھەڵمەتی ھۆشیاری تەندروستیدا دەکەن



خەبات ـ سەید فاتیح بەرزنجی

د.دلۆڤان محمد فاتح جلال بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی ھەولێر لە ھۆڵی بەڕێوەبەرایەتی گشتی سیمناریکی بۆ نزیکەی100 مامۆستایانی ئایینی لە سنوری ھەولێری پایتەخت ڕێکخست، بۆ مەبەستی بڵاوکردنەوەی ھۆشیارکردنەوەی ھاولاتیان لە پەتا وەرزیەکان بەتایبەتی پەتای ئەنفلەوەنزا. تێیدا شیکردنەوەی پەتایەکەو چۆنیەنی گواستنەوەو ھاندانی ھاولاتیان بۆ خۆپاراستن لەم نەخۆشیە گفتوگۆی لەسەرکرا.

لە کۆتاییدا بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی ھەولێر لە ھۆڵی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ھەولێر رایگەیاند: دوێنێ 2020/1/5 پڕۆسەی پێشکشکردنی خوێندنی بڵا/ دبلۆمی بڵای یەک سالّە و تویژینەوەی زانستی و، پاڵپشت بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزارەت، وەزارەتەکەمان پێداچونەوەی بە کورسیەکانی گشتی کرد کەشێوازی خوێندنەکە بەخۆڕاییە، بۆ ئەمەش ژمارەیەکی بەرچاو لە مامۆستا و دکتۆرا لە زانکۆکانی ھەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، وتیشی: لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ خوازیاران و لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری خوێندنی بڵا/ دبلۆمی بڵای یەک سالّە و تایبەتمەندەکان تا 10ی ئەم مانگە ڕاپۆرتە ھاوبەشەکە ئامادە بکەن و دواتر سەرۆکایەتیی پەرلەمان وادی کۆبوونەوەی پەرلەمان دیاری دەکات بۆ خوێندنەوەی دووەم کە دەبێت پێش 15ی ئەم مانگە خوێندنەوەی دووەم بۆ ڕاپۆرتەکە بکرێت.

پەرلەمانتاریکی پارتی وادەی خوێندنەوەی دووەم بۆ پڕۆژەیاسای چاکسازی ئاشکرا دەکات

پەرلەمانتاریکی پارتی ئاشکرای دەکات پێش 1/15 پڕۆژەیاسای چاکسازی و پاش کۆتایی ڕاپۆرتی ھەموو لیژنەکان لە پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی دووەمی بۆ دەکرێت.

زانا مەلا خالید، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی پارتی وتی: دەبێت تا 8ی مانگ ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی پەرلەمان لەسەر پڕۆژەکە ئامادە بکرێت و دوای ڕاپۆرتی لیژنەی دارایی لیژنەی یاسایی پەرلەمان و سەرۆکایەتیی سەرجەم لیژنە

ھەولێر.. ژنێک بە پێنج گوللە دەکوژرێ

ھۆگر عەزیز، گوتەبێژی پۆلیسی ھەولێر ڕایگەیاند، شەوی ڕابردوو لە گەڕەکی سەربەستی ھەولێر ئافرەتێکی تەمەن 34ساڵ بە پێنج گوللە کوژراوە، لەبارەی ھۆکاری کوشتنەکەی سەرقاڵی لێکۆڵینەوەین، ئەوەندەی پێمان گەیشتووەتەوە ئەو ژنە پێشتر لە ھاوژینەکەی جیابووەتەوە. بەپێی ئەو زانیارییانەی بەدەستھاتوون ئەو ژنە لەلایەن برایەکی خۆیەوە کوژراوە و ھۆکاری کوشتنەکەش نەزانراوە.

خوێندنی بڵا: کورسی تەرخانکراوی گشتی بۆ فەرمانبەرانی دامەزراوەکانی حکومەتی ھەرێم زیادکرا

بۆ یەکەمجارە لە مێژووی خوێندنی بڵای کوردستان، وەزارەتی خوێندنی بڵا و تویژینەوەی زانستی دەرفەتێکی گەورە لە زانکۆکانی ھەرێم بۆ پێشکەشکارانی خوێندنی بڵا/ دبلۆمی بڵای یەک سالّەی ئەکادیمی و ماستەرو دکتۆرا بۆ ساڵی خوێندنی 2019-2020

دەرەخسێنێت، ئەویش بەتەرخانکردنی زیاتر لە5 پێنج ھەزار کورسی خوێندن بۆ ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆکانی ھەرێمی کوردستان دەستی پێکرد، وتیشی: لەپێناو بەرژەوەندی گشتی و ڕەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ خوازیاران و لەسەر ڕاسپاردەی وەزیری خوێندنی بڵا/ دبلۆمی بڵای یەک سالّە و تایبەتمەندەکان تا 10ی ئەم مانگە ڕاپۆرتە ھاوبەشەکە ئامادە بکەن و دواتر سەرۆکایەتیی پەرلەمان وادی کۆبوونەوەی پەرلەمان دیاری دەکات بۆ خوێندنەوەی دووەم کە دەبێت پێش 15ی ئەم مانگە خوێندنەوەی دووەم بۆ ڕاپۆرتەکە بکرێت.



لە تەوێڵە زۆرترین باران و لە کانی ماسی زۆرترین بەفر باریوە

کۆتایی ھاتن و سەرکەوتنی کۆنگرەی یەکگرتوو و دووبارە ھەڵبژاردنەوەی بە ئەمیندری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پیرۆزبایی لە سەلاحەدین بەھائەدین ئەمیندراری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی و ئەندامانی سەرکردایەتی و ئەندامانی یەکگرتوو کرد و ھیوای سەرکەوتنی بۆ خواستن لە کاری سیاسیی داھاتوتیاندا.

لەلایەن خۆشیەوە ئەمیندراری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان سوپاسی پارێزگاری ھەولێری کرد بۆ سەردانەکەی و ھیوای سەرکەوتن و سەرفرازی بۆ خواست.

لە 24 کاتژمێری ڕابردوودا لە تەوێڵەی ناوچەی ھەورامان زۆرترین باران باریوە کە بڕەکەی 33.2 ملم بووە و لە کانی ماسیی سنووری پارێزگای دھۆکیش زۆرترین بەفر باریوە کە بڕەکەی 25سم بووە.

فازڵ ئیبراھیم، بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بومەلەرزەزانیی ھەرێمی کوردستان وتی: لەسەر ئاستی ناوەندی چوار پارێزگاکەی کوردستان، کەمترین باران لە شاری ھەولێر بووە کە تاوەکو ئێستا 77.2ملم باریوە، بەڵام لە قەزایەکی پارێزگاکە کە مێرگەسوورە، تاوەکو ئێستا 408 ملم باریوە.

بەگوتەی بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بومەلەرزەزانیی ھەرێمی کوردستان، لە شاری سلێمانییش تاوەکو ئێستا 242.4 ملم باریووە، زۆرترین بڕی بارانیش لەسەر ئاستی پارێزگاکە لە قەزای قەرەداغ بووە کە 395.5 ملم بووە. لەشاری دھۆکیش تاوەکو ئێستا 204.6 ملم باریووە. لە ناحیەی دینارتەی سنووری پارێزگاکەش 344.6 ملم باریوە.

فازڵ ئیبراھیم ئاماژەی بەوە کرد، لە کەرکووکیش 109.4ملم باران باریوە و زۆرترین بڕی بارانیش لەسەر ئاستی ئەو پارێزگایە لە قەزای کفری بووە کە 128.5ملم باران باریوە.

ھەروەھا بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بومەلەرزەزانیی ھەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، لە شاری ھەڵەبجەش تاوەکو ئێستا 183.4ملم باران باریوە و لەسەر ئاستی پارێزگاکەش لە تەوێڵە 256ملم باران باریووە. لەبارەی ئاستی بەفرباریش، بەڕێوەبەری گشتیی کەشناسی و بومەلەرزەزانیی ھەرێمی کوردستان ئەوەی ڕاگەیاند، لە شاری قەرەداغ 395.5 ملم باریووە، لە شاری دھۆک 204.6 ملم باریووە، لە شاری ھەولێر 77.2 ملم باریووە، لە شاری سلێمانی 242.4 ملم باریووە، لە شاری کەلار 183.4 ملم باریووە، لە شاری چەمچەماڵ 256 ملم باریووە، لە شاری کفری 128.5 ملم باریووە، لە شاری کەرکووک 109.4 ملم باریووە، لە شاری ھەڵەبجە 408 ملم باریووە.

سوپاس و پێزانین

بەناوی خوای گەورە و میھرەبان

بەناوی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو (شوکریە ڕەشید کورەچی) خێزانی خوالێخۆشبوو (جارەڵلا حوسێن ئاغا دزەیی) دایکی خوالێخۆشبوو حاجی سەرھید دزەیی.

بەناوی ھەردوو عەشیرەتی دزەیی و کورەچی، سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی گشت بەرپرسانی حکوومی و حزبی و ھەموو خزم و دۆست و برادەران دەکەین کە بەشداری پرسەکەیان کردین و خوای گەورە پاداشتی خێریان بداتەوە.

بنەماڵەی خوالێخۆشبوو

مامەڵەکردن بە زەوی و خانوو زۆر کەمبووەتەوە

ئاڵۆزییەکانی عێراق بازاڕی خانووبەرەی لە هەرێمی کوردستان وەستاندووە



خەبات/عەلی بانیشاری

بەبۆچوونی بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی خانووبەرە ئاڵۆزییەکانی چەند رۆژی رابردووی عێراق کاریگەری ڕاستەوخۆ دەبێت لەسەر بازاڕی زەوی و زار لە باشووری کوردستان. ئەوان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن بەهۆی نزیکایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغدا هەر ڕووداوێکی سیاسی و ئابووری و ئەمنی لە عێراقدا ڕووبدات کاریگەری لەسەر باشووری کوردستانیش بەجێدەهێڵێت. وەکو خاوەنی نوسینگەکانی خانووبەرە دەڵێن" ئاڵۆزییەکان عێراق بازاڕی خانووبەرەی لە باشووری کوردستان وەستاندووە".

موخلیس محەمەد، بەڕێوەبەری لقەکانی کۆمپانیانی حاجی سەلام بۆ خانووبەرە لە هەولێر بە(خەبات)ی ڕاگەیاند" بەهۆی ئەوەی سەرەتای هەفتەیە و دەستپێکی ساڵی نوێیە هێشتا بازاڕی خانووبەرە بەتەواوی دیار نییە". دەشڵێت" خۆپیشاندانەکانی عێراق کاریگەری لەسەر بازاڕی خانووبەر هەبووە، بەڵام ڕووداوەکانی ڕۆژی هەینی بەغدا هێشتا کاریگەرییەکانی بەتەواوی بەدیار نەکەوتووە و دەبێت تا ناوەڕاستی هەفتە چاوەڕوان بین".

سەردار ئازاد، بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەملاک بۆ خانووبەرە کە 6 لقی لە شاری هەولێر هەیە ڕۆژی شەممە بە (خەبات)ی ڕاگەیاند" چاوەڕوان دەکرا پاش ساڵی نوێ بازاڕی خانووبەرە جوڵەیەکی باش بە خۆیەوە ببینێت، بەڵام گرژییەکانی عێراق وایکرد خەڵک ترسی لا دروست ببێت و کڕین و فرۆشتن بە خانوو و زەوی و شووقە نەکات". گوتیشی" ئاڵۆزییەکان کاریگەری زۆری لەسەر بازاڕی خانووبەرە هەبووە".

بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەملاک ئەوەشی گوت" لەگەڵ ئاڵۆزییەکان ئەو کەسانەی دەیانویست زەوی و خانوو و شووقە بکڕن ئێستا کشانەتەوە و ئەوانەشی دایاننابوو بیفرۆشن زۆر بوون، کەمبوونەوەی خواست لەسەر زەوی و زار وایکردووە نرخ بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزێت". سەردار ئازاد دەشڵێت" ئەگەر دۆخی عێراق بەم شێوەیە درێژەی هەبێت ئەوا تا دوو هەفتەی تر بازاڕی خانووبەرە زیاتر دێتە خوارەوە".

ناوبراو باس لە بۆچوونێکی دیکە لەسەر بازاڕی خانووبەرە دەکات و دەڵێ" بۆچوونێک هەیە کە پێی وایە بەهۆی ئاڵۆزییەکانی عێراقەوە سەرمایەدارە عەرەبەکان ڕوو لە باشووری کوردستان دەکەن و لێرە زەوی و خانوو و شووقە دەکڕن و ئەوەش وا دەکات بازاڕی خانووبەرە هەستێتەوە، بەڵام ئەمە بۆچوونێکی لاوازە و بڕوا ناکەم سەر بگرێت".


بەڕێوەبەری کۆمپانیای ئەملاک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە خراپی باری ئەمنی عێراق دڵەڕاوکێی لای خەڵکی باشووری کوردستانیش دروست کردووە و لەئێستادا ناوێرن پارەکانیان خەرج بکەن.

ئەحمەد پیرۆت، خاوەنی نوسینگەی بێکڵۆ بۆ کڕین و فرۆشتنی زەوی و خانوو و دوکان لە شارۆچکەی کەسنەزان بە (خەبات)ی گوت" تێکچوونی بارودۆخی ئەمنی عێراق وایکردووە کڕین و فرۆشتن بە زەوی و زار بوەستێت، ئەگەر زۆر پێویست نەبێت کەس ئامادە نییە لەم دۆخەدا کڕین و فرۆشتن بە زەوی و خانوو بکات، چونکە دیار نییە ئەم دۆخە بەکوێ دەگات".

ڕێباز سەیفەدین، خاوەنی نوسینگەی هاوبەش بۆ خانووبەرە لە شاری هەڵەبجە بە(خەبات)ی گوت" لە ڕووی ئابووری و سیاسییەوە هەرێمی کوردستان پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە عێراقەوە هەیە، بۆیە هەر ناسەقامگیرییەک لە عێراقدا ڕووبدات کاریگەری لەسەر باشووری کوردستانیش دەبێت، ئاڵۆزییەکانی بەغدا بازاڕی خانووبەرەی وەستاندووە و کڕین و فرۆشتن بە تەواوی کەمیکردووە". ناوبراو گوتیشی" ئەگەر لە بەسەرش بارودۆخ تێکبچێت لە هەڵەبجە بازاڕی خانووبەرە دەوەستێت و خەڵکی ترسیان لا دروست دەبێت".

لەژێر ناونیشانی (خۆبەخشین، هێز و هاوکاری)

لە سۆران و ڕواندز و ئاکرێ (8000) بەڕووبان چاند



ڕەنجبەر بەرزنجی-ن.سۆران

لە دوای ئەوەی لە لایەن هەریەک لە دەستەی ژینگەی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و بەڕێوبەرایەتی گشتی دارستانی هەولێر هەڵمەتی چاندنی دوو ملیون و پێنجسەد بەڕوو لە شارەکانی هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنرا، لە سنووری قەزای سۆران و ڕواندز و ئاکرێش لە ژێر ناوی (خۆبەخشین، هێز وهاوکاری) بە سەرپەرشتی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە (8000) داری بەڕوو چێنرا.

چاندنی (8000) بەڕوو

لە بارەی ئەو هەڵمەتە فراوانەی کە لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ڕاگەیەنراوە (هەژار ئیدلبی) سەرۆکی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە بەمشێوەیە هاتەدوان: پاش ڕاگەیاندنی هەڵمەتی چاندنی دوو ملیۆن و پێنجسەد بەڕوو لە شارەکانی کوردستان کە هەریەک لە دەستەی ژینگەی حکومەتی هەرێم و وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار و وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو و بەڕێوبەرایەتی گشتی دارستانی هەولێر ڕاگەیاندبوو وڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە بە هاوکاری فەرمانگەی ژینگەی هەولێر و خۆبەخشەکانی و دۆستانی لە هەریەک لە شارەکانی سۆران، ڕواندز و ئاکرێ و ناحیەکانی دەوروبەری (8000)بەڕووی چاندووە ئەمەش بە مەبەستی بەرزکردنەوەی ڕێژەی سەوزایی لە کوردستان و قەرەبووکردنەوەی ئەو لەناوچوونەی دارو درەخت کە لە ئەنجامی بۆردوومانی سوپای ئێران و تورکیا یاخود بەدەستی ئەنقەست سوتێنراون و لەناوچوونە و چونکە بەڕوو درەختێکە کە بەرگەی سوتان دەگرێت و دارێکی کوردەواریە و بێجگە لەوەی داربەڕوو چەندان تایبەتمەندی هەیە و سوودێکی زۆری بۆ سروشت بوونی ڕەگێکی فراوان و هەروەها بوونی گەلایەکی پان کە ڕێگە لە ئاوی داباریو دەگرێت کە ڕاستەوخۆ بەرخاک بکەوێت و خێرابیان کەمدەکاتەوە، لە لایەکی دیکەوە داربەڕوو وەک سەرچاوەی خۆراکی بۆ کۆمەڵێک گیانلەبەر و باڵندە دادەنرێت، بەو واتایەی ئەو ناوچانەی کە داربەڕووی لێبێت هۆکارێکە بۆ بوونی ئەو زیندەوەرانە، ئەمەجگە لەوەی وەک دار شوێن و مۆلگەی هەندێک گیانلەبەر و باڵندەیە، هەروەها یەکێکە لەو جۆرە دارانەی کە لە کاتی ڕوودانی کارەساتە سروشتییەکان وەک ئاگرکەوتنەوە زۆر بەخێرایی گەشە دەکاتەوە بەتایبەتی ئەگەر هاتوو داربەڕووەکە لە قۆناغی لاویدا بێت، یەکێکی دیکە لە سوودەکانی داری بەڕوو ئەوەیە کە توانای خۆگونجاندنی هەیە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژینگە، بەمەش دەتوانێت بۆماوەیەکی زۆر بەرگە بگرێت لەبارودۆخی ژینگە سەختەکان وەک وشکی و پلەی گەرمای بەرز، ئەمە جگە لەوەی تەمەنی دار بەڕوو بەپێی جۆرەکەی دەگۆڕێ بەڵام بە گشتی تەمەنێکی زۆریان هەیە کە هەندێکجار دەگات بە (500) ساڵ.

هەیە، خۆشبەختانە توانیمان بە هاوکاری هەریەک لە ڕێکخراوی ئاڤیاری ژینگەیی و بەڕێوبەرایەتی بەرگری شارستانی سۆران بە (17) بنکەکانی لەهەر چوار قەزای سۆران، ڕواندز، میرگەسۆر و چۆمان لە ژێر ناوی خوبەخشین، هێز و هاوکاری بەشێوازی ئەندازەیی ئەو هەڵمەتە بە ئەنجام بگەیەنین.

سوودەکانی داربەڕوو

هەر لە درێژەی قسەکانیدا سەرۆکی ڕێکخراوی وار بۆ پاراستنی ژینگە ئاماژەی بە سوودەکانی داربەڕوو کرد و ڕایگەیاند: داری بەڕوو یەکێکە لەو ڕووەکانەی کە یارمەتی خاوێنکردنەوەی ئاو و خاک دەدات ,ئەمەش لە ڕێگەی هەڵمژینی هەموو ئەو کانزاو پێکهاتە زیانبەخشانەی کە لە ناو خاکدا هەن و بەکاریاندێنیت وەک پێوستی ئۆرگانی خۆی

وهەروەها یەکێکە لەو ڕووەکانەی کە ڕێگە لە ڕامالینی خاک دەگرێت بە تایبەت لە ناوچە شاخاوییەکان، ئەمەش لەبەر

پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی:

بارزانیی نەمر کەسایەتییەکی مەزن و بەهەیبەت و سەربەرز بوو، ئەزموونی سەختی ژیان فێری کردووە چاو نەترس بێت لە دوژمن



دیمانە: زانیار سەردار قرگەیی/ سلێمانی

پرۆفیسۆر د. عەبدولوەهاب کوری کەسایەتیی ئایینی ناسراوی شاری سلێمانی (مەلا عەبدوڵلا چروستانی)یە، کە پەیوەندییەکی دێرینی لەگەڵ بارزانیی نەمر هەبووە و ماوەی چوار ساڵ وانەی ئایینی بە بارزانی گوتووە. دواتریش چەندجار ئاڵوگۆڕی نامە لەنێواندا هەبووە، بۆ مەبەستی زانینی زانیاری و مێژووی مستەفا بارزانی و ئەو رۆژگارەی بارزانییەکان شۆڕش و راپەڕینیان کردووە و پاشان ڕاگواستراون، بە تایبەت بۆ سلێمانی و پەیوەندی نێوان (مەلامستەفا بارزانی) و (مەلاعەبدوڵلای چروستانی) سەردانی د. عەبدولوەهاب چروستانی کوڕی (مەلا عەبدوڵلا چروستانی)مان کرد. چروستانییەکان لە دێرینەوە خانەوادەیەکی خوێندەواری ئایینی و زانستیی ناسراو بوون و پێگەیەکی بەرزیان هەبووە و بە ڕەچەڵەک دەچنەوە سەر پیرخدری شاهۆ، خەڵکی بە چاوی ڕێزەوە لێیان ڕوانیون.

1



د. عەبدولوەهاب برازای شاعیر و مودەریسی ناسراو و بەناوبانگ مەلا محەمەد چروستانیشە. ناسناوی (د. عەبدولوەهاب)یش چروستانییە، لە 1949 لە سلێمانی لەدایک بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە و لە 1973 پەیمانگای مامۆستایانی لە هەولێر خوێندووە و بۆ ماوەیەک پەیوەندیی کردووە بە شۆڕشی ئەیلوولەوە، لە 1988 بڕوانامەی بەکالوریۆسی لە زمانی عەرەبیدا لە زانکۆی سەلاحەدین وەرگرتووە، لە 1999دا بڕوانامەی ماجیستێری وەرگرتووە و بووەتە مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی تا 2003، دواتریش لە 2007 بە پلەی زۆرباشە دکتۆرای وەرگرتووە لە زانکۆی موستەنسریە لە بەغدا، لە 2018دا پلەی زانستیی بەرز دەبێتەوە و دەبێت بە پرۆفیسۆر. بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بابەت و بڵاوکراوە و نووسینی لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا هەیە و بەشداریی چەندین کۆڕ و کۆنفرانس و فستیڤاڵی کردووە و لە زۆربەیاندا لێکۆڵینەوە و بابەتی بەپێزی هەبووە. تێزی دکتۆراکەی وەک کتێب لە لایەن ڕۆشنبیریی سلێمانییەوە بە چاپ گەیاندووە.

*** سەرەتا پرسیارمان لە پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی کرد: بارزانی بە یەکێک لە سەرکردەکانی مێژوو دادەنرێت، کە توانیوێتی بزووتنەوەی رزگاریخوازیی کورد بگەیەنێتە قۆناغێکی زۆر گرنگ، هەڵکەوتنی ئەم سەرکردە گەورەیە هەروا لەخۆڕا نەهاتووە، بەڵکو میراتگری شەهید شێخ عەبدولسەلام و شێخ ئەحمەدی برای و ڕاپەڕینە یەک لەدوا یەکەکانی بارزانییەکانە، سەرەتا دەکرێت باسی شۆڕشی بارزانییەکان و کەسایەتیی مستەفا بارزانیمان بۆ بکەیت؟**

– پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: شۆڕشە پڕسەروەرییەکانی بارزانییەکان لە ساڵی 1907 بە سەرکردایەتیی شەهیدی نەمر شێخ عەبدولسەلام بارزانی دەست پێدەکات، بەڵام زۆر ناخایەنێت ئەو سەرکردەیە دەکرێتە قوربانیی دەستی چەپەڵی خیانەت لە لایەن خیانەتکارێکەوە، بەناوی (سۆفی عەبدوڵلا)، دوای ئەوەی شێخ عەبدولسەلام لە سەردانێکی بۆ لای (سمایل خانی سمکۆ) دەگەڕێتەوە، بۆ پشوودان لە ڕێ لە دێی (گەنکەچینی) لانەدات و لەوێ کابرایەک بە ناوی (سۆفی عەبدوڵلا) ئاوێزانی دەبێت و تێی دەئاڵێت و داوای لێ دەکات ئەو شەوە لە میواندارییە ئەودا بێت، بە جۆرێک کە شێخ عەبدولسەلام دڵی نەرم دەبێت و بڕیار ئەدات بە مانەوەیان لە ماڵی ئەودا، بەڵام دیارە سۆفی عەبدوڵلا بۆنی پارە مەستی کردبوو، بۆیە دوای ئەوەی شێخ عەبدولسەلام و سێ هاوڕێکەی، شەو خەویان لێ ئەکەوێت، چەکەکانیان لێ دەشارنەوە و قۆڵبەستیان دەکەن و هەواڵی گرتنیان دەنێرن بۆ دەسەلاتدارانی ئەوسا و ئاگاداریان دەکەنەوە، ئەمەش بەرامبەر بە بڕێک پارەیە بۆ هەر کەسێک بتوانێت شێخ عەبدولسەلام بە گرتن یان کوشتن یا بدات بەدەستەوە، دوای ئەوەی بەدەستگیرکراوی ئەیانبەن بۆ مووسڵ لە 1914/12/14، شێخ عەبدلسەلام و سێ هاوڕێکەی بارزانییەکان بە سەرکردایەتیی مەلامستەفا دەنێرێت بەرەو سلێمانی، بەڵام دووبارە دەستی خیانەت و بەکرێگیراوەکانی ئینگلیز لە زۆر شوێندا کەمێن دادەنێن بۆ بارزانی، کە بەمە گەشتنیان بە شەڕی بازیان بە جۆرێک دواوەخات، کە فریای شەڕەکە ناکەون و شێخ مەحمود بە برینداری ئەگێرێت و کۆتایی بە شەڕەکە دێت. لە سەردەمی سەرکردایەتیی شێخ ئەحمەدی بارزانی، شۆڕشی ئازادیخوازیی کورد هەڵبەز و دابەزێکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێت، کە پێم وانییە لێرەدا ئەو بوارە هەبێت لەسەری بدوێین، ئەوەی کە گرنگە بگوترێت، خستنەخواردەوەی فڕۆکەیەکی ئینگلیزە لە ساڵی 1933دا ڕادەستی عێراق دەکاتەوە، دوای ئەوەی برا و کەسوکاری شێخ ئەحمەد ئەمە ئەزانن، ناچار دەبن تورکیا بەجێ بهێڵن و خۆیان و خێزانەکانیان دابەش بن بەسەر ئەو دێهاتانەدا کە دوورەدەستن لە حکوومەتی عێراق و ئینگلیز، دووبارە شۆڕشگێڕەکان خۆیان ڕێکدەخەنەوە و دابەش ئەبن بەسەر چەند هێزێکدا، بەڵام بڕیار ئەدەن تەنیا بەرگری بکەن، دوای ئەوەی دەسەڵاتی عێراق ئەزانێت بە گەڕانەوەی شۆڕشگێڕەکانی بارزان، دەستبەردای شێخ ئەحمەد ئەبن و لەسەر چەند خاڵێکیش ڕێکدەکەون، بەڵام ئەوان هەر لە بیری کۆتاییهێنان دەبن بە ئازادیخوازە بارزانییەکان، پاش ماوەیەک دەنێرن بە شوێن شێخ ئەحمەد بارزانیدا بچێت بۆ مووسڵ، لەوێ زۆر ڕێزی لێ دەگرن و داوای لێ دەکەن کە مەلامستەفا بارزانیش بچێت بۆ مووسڵ، ئەویش ئەچێت بۆ مووسڵ و دواتر نەیانهێشت بگەڕێنەوە، بەڵکوو هەردوو براکەی تریشیان کە (محەمەد سدیق) و (شێخ بابۆ) بوون، ناچاریان کردن بە خێزانەکانیانەوە بچن بۆ مووسڵ، لە ساڵی 1936دا مەلامستەفا لە لایەن موتەسەریفی موسڵەوە دەرمانخوارد دەکرێت، بە جۆرێک کەس بەتەمای نامێنێت و تا دوو هەفتە بێهۆش دەبێت، دواتر ڕەوانەی بەغدایان ئەکەن، کە شێخی نەمریش لەوێ دەبێت، دواتریش بۆ ناسرێیە و لەوێوە بۆ کفری و ئاڵتوون کۆپری، لە ساڵی 1939دا بارزانیی نەمر ئەبرێت بۆ سلێمانی.

*** مێژووی سەروەریی مستەفا بارزانی، لە هەر چوار پارچەی کوردستان ناوبانگێکی گەورەی هەیە، بەتایبەتی لە کوردستان و ناوچەی بارزان ئەکەن، کە زۆر خراپ بوو، دوای وتوێژ هەردوو فڕۆکەوانەکە بەرامبەر ئازادکردنی (25) کەسی بارزانی ئازاد دەکرێن، کە بەکرێگیراوانی ئینگلیز بەدەستەوەی دابوون. لە دێژەی گفتوگۆکانیاندا بڕیاری وەستانی شەڕ درا بۆ ماوەی دوو هەفتە، بەڵام هەر دوای دوو هەفتەکە، ڕاستەوخۆ بۆردومانی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕەکان دەست پێدەکاتەوە، بە جۆرێک بارودۆخ خراپ دەبێت، شێخ ئەحمەد بارزانی ناچار ئەبێت دانیشتن لەگەڵ سەرۆک هۆزەکاندا بکات و بڕیارێک بدەن، کە ئەو خەڵکە لەوە زیاتر لە مەینەتی و سەرلێشێواویدا نەبێت، دوای ئەوەش، کە بێهیوا دەبن لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، لەتواناشیاندا نابێت بەرەنگاریی ئەو هێز و چەکانەی ئەوان ببنەوە، بۆیە بڕیار دەدەن لەگەڵ ئێران و تورکیا گفتوگۆ بکەن، تا ڕێیان پێ بدەن لەگەڵ خێزانەکانیان ئاوێو بەن، دوای ئەوەی تورکیا بە سەپاندنی چەند مەرجێک ڕێگەیان پێ ئەدات، کە چەند خێزانێکیان بچنە تورکیا، بەڵام مەرحەمەتی تورکیا زۆر ناخایەنێت، بۆیە شێخ ئەحمەد لە ساڵی 1932 کاتێک زۆر نزم دەبێتەوە، ئەکەوێتە بەر دەستێژی چەکی شۆڕشگێڕەکان، ئەگەرچی چەکەکانیان ئەوە نەبووە، دوای بەدیلگرتنی هەردوو فڕۆکەوانەکە بە بریندارە، شێخ ئەحمەد هەوڵ دەنێرێت بۆ دەوڵەت، کە پزیشک بنێرن بۆ چارەسەرکردنیان و لە 1932/5/3دا کابەتن (هۆڵت) لەگەڵ پزیشکێک و وەرگێڕێکدا دەچن بەدەنگ داواکەی شێخ ئەحمەدەوە، دوای گەیشتنیان وتوێژێکی زۆر سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و ئەوەی کە ئەیانەوێت بیکەن بە ئامانج، بەڵام دووبارە دەستی خیانەت و بەکرێگیراوەکانی ئینگلیز لە زۆر خراپ بوو، دوای وتوێژ هەردوو فڕۆکەوانەکە بەرامبەر ئازادکردنی (25) کەسی بارزانی ئازاد دەکرێن، کە بەکرێگیراوانی ئینگلیز بەدەستەوەی دابوون. لە دێژەی گفتوگۆکانیاندا بڕیاری وەستانی شەڕ درا بۆ ماوەی دوو هەفتە، بەڵام هەر دوای دوو هەفتەکە، ڕاستەوخۆ بۆردومانی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕەکان دەست پێدەکاتەوە، بە جۆرێک بارودۆخ خراپ دەبێت، شێخ ئەحمەد بارزانی ناچار ئەبێت دانیشتن لەگەڵ سەرۆک هۆزەکاندا بکات و بڕیارێک بدەن، کە ئەو خەڵکە لەوە زیاتر لە مەینەتی و سەرلێشێواویدا نەبێت، دوای ئەوەش، کە بێهیوا دەبن لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، لەتواناشیاندا نابێت بەرەنگاریی ئەو هێز و چەکانەی ئەوان ببنەوە، بۆیە بڕیار دەدەن لەگەڵ ئێران و تورکیا گفتوگۆ بکەن، تا ڕێیان پێ بدەن لەگەڵ خێزانەکانیان ئاوێو بەن، دوای ئەوەی تورکیا بە سەپاندنی چەند مەرجێک ڕێگەیان پێ ئەدات، کە چەند خێزانێکیان بچنە تورکیا، بەڵام مەرحەمەتی تورکیا زۆر ناخایەنێت، بۆیە شێخ ئەحمەد لە ساڵی 1932 کاتێک زۆر نزم دەبێتەوە، ئەکەوێتە بەر دەستێژی چەکی شۆڕشگێڕەکان، ئەگەرچی چەکەکانیان ئەوە نەبووە، دوای بەدیلگرتنی هەردوو فڕۆکەوانەکە بە بریندارە، شێخ ئەحمەد هەوڵ دەنێرێت بۆ دەوڵەت، کە پزیشک بنێرن بۆ چارەسەرکردنیان و لە 1932/5/3دا کابەتن (هۆڵت) لەگەڵ پزیشکێک و وەرگێڕێکدا دەچن بەدەنگ داواکەی شێخ ئەحمەدەوە، دوای گەیشتنیان وتوێژێکی زۆر سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و ناوچەی بارزان ئەکەن، کە زۆر خراپ بوو، دوای وتوێژ هەردوو فڕۆکەوانەکە بەرامبەر ئازادکردنی (25) کەسی بارزانی ئازاد دەکرێن، کە بەکرێگیراوانی ئینگلیز بەدەستەوەی دابوون. لە دێژەی گفتوگۆکانیاندا بڕیاری وەستانی شەڕ درا بۆ ماوەی دوو هەفتە، بەڵام هەر دوای دوو هەفتەکە، ڕاستەوخۆ بۆردومانی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕەکان دەست پێدەکاتەوە، بە جۆرێک بارودۆخ خراپ دەبێت، شێخ ئەحمەد بارزانی ناچار ئەبێت دانیشتن لەگەڵ سەرۆک هۆزەکاندا بکات و بڕیارێک بدەن، کە ئەو خەڵکە لەوە زیاتر لە مەینەتی و سەرلێشێواویدا نەبێت، دوای ئەوەش، کە بێهیوا دەبن لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، لەتواناشیاندا نابێت بەرەنگاریی ئەو هێز و چەکانەی ئەوان ببنەوە، بۆیە بڕیار دەدەن لەگەڵ ئێران و تورکیا گفتوگۆ بکەن، تا ڕێیان پێ بدەن لەگەڵ خێزانەکانیان ئاوێو بەن، دوای ئەوەی تورکیا بە سەپاندنی چەند مەرجێک ڕێگەیان پێ ئەدات، کە چەند خێزانێکیان بچنە تورکیا، بەڵام مەرحەمەتی تورکیا زۆر ناخایەنێت، بۆیە شێخ ئەحمەد لە ساڵی 1932 کاتێک زۆر نزم دەبێتەوە، ئەکەوێتە بەر دەستێژی چەکی شۆڕشگێڕەکان، ئەگەرچی چەکەکانیان ئەوە نەبووە، دوای بەدیلگرتنی هەردوو فڕۆکەوانەکە بە بریندارە، شێخ ئەحمەد هەوڵ دەنێرێت بۆ دەوڵەت، کە پزیشک بنێرن بۆ چارەسەرکردنیان و لە 1932/5/3دا کابەتن (هۆڵت) لەگەڵ پزیشکێک و وەرگێڕێکدا دەچن بەدەنگ داواکەی شێخ ئەحمەدەوە، دوای گەیشتنیان وتوێژێکی زۆر سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان و ناوچەی بارزان ئەکەن، کە زۆر خراپ بوو، دوای وتوێژ هەردوو فڕۆکەوانەکە بەرامبەر ئازادکردنی (25) کەسی بارزانی ئازاد دەکرێن، کە بەکرێگیراوانی ئینگلیز بەدەستەوەی دابوون. لە دێژەی گفتوگۆکانیاندا بڕیاری وەستانی شەڕ درا بۆ ماوەی دوو هەفتە، بەڵام هەر دوای دوو هەفتەکە، ڕاستەوخۆ بۆردومانی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕشگێڕەکان دەست پێدەکاتەوە، بە جۆرێک بارودۆخ خراپ دەبێت، شێخ ئەحمەد بارزانی ناچار ئەبێت دانیشتن لەگەڵ سەرۆک هۆزەکاندا بکات و بڕیارێک بدەن، کە ئەو خەڵکە لەوە زیاتر لە مەینەتی و سەرلێشێواویدا نەبێت، دوای ئەوەش، کە بێهیوا دەبن لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئینگلیزەکاندا، لەتواناشیاندا نابێت بەرەنگاریی ئەو هێز و چەکانەی ئەوان ببنەوە، بۆیە بڕیار دەدەن لەگەڵ ئێران و تورکیا گفتوگۆ بکەن، تا ڕێیان پێ بدەن لەگەڵ خێزانەکانیان ئاوێو بەن، دوای ئەوەی تورکیا بە سەپاندنی چەند مەرجێک ڕێگەیان پێ ئەدات، کە چەند خێزانێکیان بچنە تورکیا، بەڵام مەرحەمەتی تورکیا زۆر ناخایەنێت، بۆیە شێخ ئەحمەد لە ساڵی



*** ئەی ڕۆڵی مزگەوتەکانی سلێمانی لە فێرکردن و بواری کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوەییدا چی بووە؟ بەتایبەت لەو سەردەمدا، کە باوکی خوالێخۆشبووت وانەیێژی ئایینی بووە؟ یا شێوازی وانە گوتنەوەکە چۆن بوو؟**

– پرۆفیسۆر عەبدولوەهاب چروستانی: خوالێخۆشبووی باوکم، کە مودەرس بوو، لە مزگەوتی شێخ سەلام تا 1946دەرسی بە فەقێیان ئەگوتەوە، کە ئەکەوێتە پشت شەقامی مەولەوی، لای چایخانەی سەعید تەها کۆیە، دوایی چووەتە مزگەوتی خانەقای مەولانا و بەدرێژایی ڕۆژ ئەمە کاری بووە، واتە بەیانی دوای نوێژکردن لە مزگەوت ئەگەڕایەوە ماڵەوە و نانی بەیانی ئەخوارد، ئەچوو بۆ مزگەوت تا کاتی بانگی نیوەڕۆ، دوای نوێژی نیوەڕۆ ئەگەڕایەوە ماڵەوە و نانی نیوەڕۆی ئەخوارد و سەعاتێک پشووی ئەدا و ئەگەڕایەوە بۆ مزگەوت، بە هەمان شێوە دەستی ئەکرد بە دەرس گوتنەوە تا ئێوارە. تەنیا بۆ نوێژی عەسر دەستی لە دەرس گوتنەوە هەڵئەگرت، شێوازی وانە گوتنەوەکەشی تاکە کەسی بوو لە مزگەوتدا، واتە مامۆستاکە چوارمشقی دادەنیشت و سەرینێکی پەڕی لوولەیی لەبەردەما بوو، فەقێیەکانیش بە نۆرە دەرسیان دەخوێند، کە بە مەترێک یان مەتر و نیوێک بەرامبەر مامۆستاکەی بەوپەڕی ئەدەبەوە دادەنیشت و گوێی لە مامۆستاکەی ئەگرت، هەندێک جاریش فەقێیەکی تریش وەک گوێگر لەپاڵ فەقێکەدا دادەنیشت، بەڵام ئەو تەنیا گوێگر بوو، بۆی نەبوو بەشداریی ڕاڤەکردن و پرسیارکردن بکات. لێرەدا بە پێویستی ئەزانم، کە ئەو ڕاستییانە بڵێم، کە مزگەوتەکان بە تایبەت مزگەوتی خانەقای مەولانا خالید، کە سەنتەری سۆفییە نەقشییەکان بوو، تەنیا شوێنی نوێژکردن و دەرس خوێندن نەبوو، بەڵکوو زۆرجار کێشە کۆمەڵایەتییەکانی تێدا چارەسەر دەکرا، هەروەها هەندێک جار، کە قازی شێخ محەمەدی خاڵ و مەلائەسعدی مەحوی و مامم مەلا محەمەدی چروستانی یەکیان ئەگرت، وەکوو جۆرێک لە کۆڕبەندی ئەدەبی دەچوو، لەسەر شیعرەکانی نالی و مەحوی و مەولەوی و شاعیرانی تر ئەدوان، جگە لەوەی شاعیرێکی وەکوو قانع، یەکێک بوو لە فەقێیەکانی خانەقا، زۆر جاری تر سیاسەت بابەتێکی تری قسە لەسەرکردن بوو، من خۆم چەندین فەقێم ئەناسی، پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلوولەوە هەبوو، دواتریش بوون بە پێشمەرگە و پلە و پایەشیان هەبوو.

گەمە سیاسییەکانی سەر گۆڕەپانی عێراق لە مەندییەوە بەرەو شڵەقاندن

خەبات: تریفە ئازاد

باروودۆخی عێراق لەگەڵ دەسپێکی ساڵی نوێدا کەوتە قۆناغێکی دیکەوە بە جۆرێک کێشە کەڵەکەبووەکانی چەند ساڵی ڕابردوو خەریکە بە ئاقاری یەکلایی کردنەوە هەنگاو دەنێت، لە لایەکی دیکەشەوە چونکە ڕەوشەکە هێندە ئاڵۆزە لە ڕووی سیاسییەوە ڕەنگە یەکلایی کردنەوەی ژمارەکان ژمێریارێکی هۆشمەندی بوێت، چونکە دۆخەکەی بەرەو ئاقارێکی نادیار دەڕوات و عێراقییەکانی نیگەران کردووە.

هیچ ئاسۆیەک بۆ چارەسەری کێشەکان دیار نیە

دکتۆرە مەیادە نەجار، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بێگومان ئەگەر تێرامانێک بەروواوە یەک لەدوای یەکەکانی ئێستای عێراق بکەین و لەچوارچێوەیەکی واقعبینانەوە شرۆڤەیەک بۆ ڕەوشەکە بکەین دەبینین ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕەوشی عێراق بەرەو ڕێڕەوێکی نادیار هەنگاو دەنێت لەوکاتەوەی کە نارەزایەتییەکان بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان بەهۆی نەبوونی خزمەتگوزاری و زیادبوونی بێکاری لەزۆربەی شارەکانی عێراقدا تەقییەوە و دواتر د.عادل عەبدولمەهدی سەرۆک وەزیران لەڕێگر گوشاری خۆپیشاندەراندا دەست لەکارکێشانەوەی خۆی ڕاگەیاند و ئیتر حکوومەتێک نەما ئیدارەی ڕەوشی ولات بکات، ئێستاش پەلامارەدانی پالێوزخانەی ولاتانی جیهان بەتایبەتی پەلاماری بالێوزخانەی ئەمریکا بوو بەیەکێک لەکێشەکانی تری ئەم ولاتە، دەکرێت لەم سۆنگەیەوە بڵێین ئاسۆی چارەسەری کێشەکان زۆر ئەستەمە.

گۆڕەپانێک بۆ یەکلاکردنەوەی مەلاڵنێکان

من ئێستا و پێشتریش وتوومە ڕەوشی عێراق بەهۆی نەبوونی پلان بۆ چارەسەری کێشەکان بەرەو تەقینەوەیەکی لەسەرخۆ دەڕوات، ئەمە بێجگە لەوەی ناکۆکیی نێوان مالی شیعەش ئەوەندەی تر عێراقی تووشی داڕمان کردووە کە هیچ ئاسۆیەک بۆ چارەسەری کێشەکان دیارنیە و تەنانەت ناتوانرێت پێشبینی چارەسەرێک لەئایندەیەکی نزیکدا بکرێت. بێگومان خاڵێکی جەوهەری کە هێندەی تر ڕەوشی عێراق بەرەو نالەباری دەبات و مەترسی تەقاندنەوەی زیاتری دۆخەکە بەهێز دەکات بوونی ناکۆکی نێوان هێزە نێودەوڵەتییەکان و هێزە هەرێمییەکانە، چونکە بەهۆی نەبوونی حکوومەتێکی تۆکمە و دەوڵەتدارییەکی بەتواناوە عێراق بۆتە گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی هێز لەنێوان دوو بەرەی دژ بەیەک کە بەرەی یەکەمیان ئێران و هێزە شیعەکانە کە هەژموونێکی بەهێزیان لەم ولاتەدا هەیە و خاوەنی هێزی چەکدار و میلیشیای جۆراوجۆرن، لەبەرامبەردا بەرەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیمارات و سعودیە کە ئەمانیش بەهەمان شێوە خاوەنی هێز و پێگەی خۆیانن لەگۆڕەپانی سیاسیی عێراقیدا، لەلایەک دەیانەوێت پێگەیان بەهێز بکەن و کۆتایی بەهەژموونی ئێرانییەکان بهێنن، ئەمەش ئەو مەترسییە دەردەخات کە عێراق لەلێواری داڕمانێکی یەکجارەکیدایە، ئەگەر دەسەلاتی بەرێوەبردن لەم دەوڵەتەدا کێشەکان بەشێوەیەکی ورد چارەسەر نەکات و هەوڵەکانی بۆ پاریزگاری کردن لەدۆخی شڵەژاوی پر لەقەیرانی بەگۆڕەپانێکی شەر بابەتێکی زۆر نزیکە، هەردوو بلۆکە ناکۆکەکە دەیانەوێت جەنگەکەیان بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ لەعێراقدا جێبەجێ بکەن. بێگومان ئەوەی گرنگە پێویستە لەم کاتەدا دەسەلاتدارانی بەغدا هەوڵەکانیان بۆ چارەسەری کێشەکان بخەنەگەڕ بەتایبەتی دابینکردنی هەلی کار و گەیاندنی خزمەتگوزاری و بەرفراوانکردنی کەرتی تایبەت و بەهێزکردنی ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا بەشێوەیەکی باش نەگرێتە بەر.



د.مەیادە نەجار:

ناکۆکی نێومالی شیعە ئەوەندەی دیکە عێراقی تووشی داڕمان کردووە



مزەفەر تاهیر:

خۆپیشاندانەکانی عێراق بەرەی جەماوەری بەئاشکرا بەسەر دوو بەرەدا دابەش کرد

هەرێمی کوردستان دووركە ئارامەکەی ڕۆژهەلاتی ناوەراست هەروەها دکتۆرە مەیادە گوتی: لەئەگەری زیادبوونی ناکۆکیی نێوان ئەو دوو بلۆکە دژ بەیەکەدا ئەگەر بوونی عێراق وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد، جۆرە دابڕانێکی تەواو لە نێوانیا بەدی دەکرێت. کاتێک قوتابییێکی زانکۆ لە شەقامێک تێپەڕدەبوو هەر بە ڕواڵەت بەوەدەنا سرا کە هەڵبەت قوتابی زانکۆیە کیتاب و قەڵەمی بە دەستەوە بوو، تەنانەت لە ڕەفتار و ئەفکار و هەڵسوکەوتیشی جیاوازبوو. بەڵام ئێستا قوتابی زانکۆ هەر لەنێو زانکۆش بە قوتابی زانکۆ ناچێت، قوتابی ئێستای زانکۆ ئەوەندەی بیر لەوە دەکاتەوە کە چ جۆرە جل و بەرگێک بپۆشێ؟!، ئەوەندە بیرناکاتەوە کە چ جۆرە کیتابێک بخوێنیتەوە!. ئەوەندەی کە پەڕۆشن بەیانیان زوو هەڵسن قژیاندا بێن، ئەوەندە پەڕۆش نین کە بەیانیان زوو هەڵسن و بخوێن. پێشوو تر هەندێک قوتابی زانکۆ ناسراو دەبوون لە نێو زانکۆ، چونکە لە ڕووی ڕەفتار و خوێندن و خۆماندیکردن و وەرگرتنی زانیاری کەسانی فێرخواز و دیاربوون، بەڵام ئێستا قوتابی زانکۆ بەوە ناسراو کە چۆن جوانکاری لەش و لاری خۆی کردووە، هیچ ڕۆژێک جلی دووبارە لەبەرنەکات، جاران زانکۆ هەیبەتی هەبوو، گەورەترین ناوەندی زانست و زانیاری بوو، بەڵام ئێستا بۆتە جێگای پیاسەکردن و نمایش کردنی ئۆتومێل و جلوبەرگ و ئیکسسوارات و دانیشتنی کافێ و کافتریا و... هتد. خۆزگە دەیانزانی ئەوان قوتابین یان فاشیون مۆدیلن، قوتابین یاخود بازرگان ونم ایشکاری ئۆتۆمبێلن. سەرەڕای ئەمەش هیچ پێگیر نین بە ڕێنمایی و ئاکار و ڕێکارەکانی حەرەمی زانکۆ و پرۆسەی خوێندن لە زانکۆدا، دڵنیانی کە ئەگەر زانکۆش تەواو بکا ناتوانێ سااڵنی ڕابردووش ئەوەمان بینی، لەکاتێکدا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەوپەری قەیران و نائارامیدا بوو، هەرێمی کوردستان نەکەوتە ژێر پاڵەپەستۆی ناکۆکییەکانەوە، چونکە بەنرامەڕێژی و پلانی دەوڵەتداری لەهەرێمی کوردستان لەئاستێکی زۆر بەهێزدایە، هەر ئەمەش وایکردووە کە هەرێمی کوردستان بەدوورگە ئارامەکەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بناسرێت.

عێراق دەبێتە گۆڕەپانی یەکلایی کردنەوەی حیسابی زلهێزەکان

مزەفەر تاهیر، نووسەر و چاودێری سیاسی لە بارەی ڕەوشی عێراق و ئاڵۆزییەکانی لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: هیچ گومانی تێدا نیە لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق لەساڵی 2003 عێراق مالی دووەمی ئێران بووە، بەدیوێکی دیکە ئێران تەواوی دامودەزگاکانی ئەو وڵاتەی کۆنترۆڵ کردووە و هەموو پرۆسەیەک لە عێراق بەفلتەری ڕەتکردنەوە یان ڕەزامەندیی ئێران تێپەڕ دەبێ، ئەمە وێرای ئەو کوشتارە زۆرەی ئەمەریکا کە بەر ئەندامانی سوپا و دیپلۆماتە ئەمەریکییەکان کەوتووە ڕاستەوخۆ لەسەر دەستی هێزی لایەنگر و لق و پۆپەکانی سوپای پاسدارانی ئێران بووە، ئەمەریکا لەگەڵ ئەوەی ماوەیەکی زۆر دانی بەخۆیدا گرتووە، بەڵام ئەوە مایەی بێندەنگ بوونی ناگەیێنێ، بەڵکو بەدوای فرسەت و هەڵومەرجی لەبار لەبۆسەدا بووە، خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی عێراق بەرەی جەماوەری بەئاشکرا بەسەر دوو بەرەدا دابەش کرد، خۆپیشاندانێک لەپێناو قوتی ڕۆژانە و بژێوی ژیان و ڕامالینی ئەو سەرکردایەتییە مشەخۆرەی ساڵەهای ساڵە عێراق بۆ بەرژەوەندیی ئێران دادەدۆشن، بەرەی دووەمی شەقامی عێراقی بریتی بوون لەو دەست و تاقمانەی کە ڕاستەوخۆ ڕەسمی سیاسەتی ئێران دەکەن، ئەنجامەکەشی ڕوون بوو ئەجێندای دەرەکی جێبەجێ دەکەن، شک لەوەدا نیە هەر لەسەرەتاوە کوشت و بڕینی زۆر و بەلارێدا بردنی ئاراستەی خۆپیشاندانەکان ڕەهەندی تایبەتی و فرەدەستی لەپشتەوە بوو، بۆیە ئەنجامەکەی دەبوایە بەو ئاراستەیە بێ کە ئێستا لەسەر لێواری تەقینەوەدایە، گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا پێی ناوەتە قۆناغێکی هەم تازە و هەم کارەساتبار، ئیدی ئەو بیانووەی ئەمەریکا بۆی دەگەڕا تا دەست و پێی ئێرانی پێ ببڕێتەوە و لەڕۆژهەلاتی ناوەراست بێ کاریگەری بکا، لەڕێگەی 10 موشەک و کوشتنی کارمەندێکی ئەمەریکی لەبنکەی K1 لە کەرکوک دەستی کەوت و بەرەی ئەو جەنگەی لەبەردەم ئەمەریکا والا کرد، بۆیە پێم وایە ئەوە سەرەتای قۆناغێکی تازە و مەترسیدارە و ئێران و ئەمەریکا بە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ئەو شوێنانە بەئامانج دەگرن کە جێگەی بایەخن بۆ وڵاتەکانیان، بەڵام بەم مللانێیە، عێراق دەبێتە گۆڕەپانی یەکلایی کردنەوەی حیسابی زلهێزەکان، بۆیە ڕۆژ بە ڕۆژ گرژییەکانی عێراق بەرەو زیاتر دەچن و خۆپیشاندەران داوای چارەسەرکردنی بە پەلەی ئەم دۆخەی عێراق دەکەن و داوا دەکەن کە دەسەلاتدارانی بەغدا دەست لەکار بکێشنەوە، چونکە بەرژەوەندییەکانی عێراق بۆ خۆیان بەکار دەهێنن و کەڵکەکەش تووشی گرفتی زۆر بووە لە بێ خزمەتگوزاری و بێ کاری دەنالێنن.

گەنج و زانکۆ

محەمەد سەعید/محەمەد یاسین

پێش ئەوەی بێینە سەر ووتارەکەمان، با بزانین گەنج کێیە؟، گەنجیی زانکۆ کێیە؟ گەنجی ئەم سەردەمە لە چە قۆناغێک دایە؟!. ئەمانەو چەندین پرسیاری تر لە زەهنمان دوورست بوون.

ئێمەی گەنجی تازە پێگەویشتوو چۆن لە ناوەندە ئەکادیمییەکان چەمک و پێناسەی گەنجی زانکۆمان کردووە و لەسەری وەستاوین؟. هەندێک لە زانایان و پسپۆران باوەڕیان وایە گەنجی زانکۆ ئەو چینە هۆشیارەی گەنجی کۆمەڵگان دوای تەواوبوونی خوێندنیان و کەوتنە ناو بازاڕی کار، دابەش دەبن بەسەر کار و کارامە دەبن لەپیشە و پسپۆری وەردەگرن و بوار کاریان بۆ فەراهەم دەبێت. ئەمە ئەوسیتەمە بەهێزدیە کە دوونییایی ولاتانی پێشکەووتوو پەیڕەوی دەکەن و کاری لەسەر دەکەن. قوتابیان چۆن لەسەردەمی ئەمڕۆ بەرهم هێن بن. بەرپرسیاریێتیی کارلێکیی تەواو لەگەڵ پێداویستییەکانی پلانی گەشەسەندنیان دەکەوێتە ئەستۆ، زانکۆش ئەو بەرپرسیاریێتییەی لە ئەستۆدایە، تا ئەو گرێمانە ڕۆشنبیریانە و زانیارییە جۆراوجۆرانە پێشکەش بەو چینە بکات کە یارمەتیان دەدات لە تێگەشتنی ژیان و ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕانکاریی و ئاستەنگەکان، وێڕای ئەو بەرپرسیاریێتییەی دەبێت ئەوچینە لە بیرۆکە و بەها و ئاراستە نەرێنییەکان دووربخاتەوە و، لایەنە ئەرێنییەکانی کەسایەتییان بەرەو پێشتر ببات، چونکە هەر لەڕەیەک لە جوولەی کۆمەڵگا و هەر گۆڕانێک لە بەها و ئاراستەکاندا لەوانەیە کارلێک لەگەڵ لاوەکاندا بکات و ئاراستەکانیان بگۆڕێت.

بەتایبەتی پێشکەوتنە خێرا و یەک بەدوا یەکەکانی تەکنەلۆژیا و گەشەسەندنی ئابووری و زیاد بوونی خواستەکانیان.چەندە تەکنەلۆژیا پێشکووتووە، مرۆڤیش خۆی گونجان دووە، بەڵام ئەوەی لە قوتابیانی زانکۆکان دەبینین وانیە تەواو وەستاوە.

دەتوانین بڵێین لاو یاخود گەنجی زانکۆ ئەو چینەن، کە لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ پێکدێن و ڕۆشنبیریەکی ئەکادیمیی لە زانکۆ بەدەستدەهێنن و پێدەگەیەندرێن بۆ ئەوەی بتوانن لە دوای قۆناغی دەرچوون ئەرکی وەزیفی خۆیان لە کۆمەڵگادا بەجێ بگەیەنن و بتوانن لە چوارچێوەی بەرپرسیارێتی خۆیاندا سەرکردایەتی بکەن و ڕۆڵیان لە گەشەسەندن و لە ئەستۆ گرتنی هەبێت و لەئاستێکی بەرزی پێشکەش کردنی وزە دا سوود لە تواناکانی وەرگرێ. لەو قۆناغەدا ئەگەرچی سیمای هەرزەکاری ڕوو لە کزی دەکات بەڵام زیاتر وەک کەسانی پێگەیشتوو دەرناکەون کە لەئاستی متمانەی فیربوون دابن، بەتایبەت لەو تاکانەی کە تەمەنیان لە نێوان (18-22) ساڵی دایە، کە زانکۆ تەواو دەکەن.

ئەوەی ئێستای دەبینین گەنجی زانکۆ گەنجێکی تەواو جیاوازە لە گەنجەکانی پێشووتری زانکۆکانی پێشوتر،! تەنانەت بەپێی ئەم پێناسە و شرۆڤە کردنەی نامەیەک یاخود نووسراوێک یاخود لێکۆڵینەوە و بەرهەمێکی زانستی بنووسێت، وا بیر دەکاتەوە کە هاتووتە زانکۆ دەرچووی زانکۆیە، ئیدی خوێندن تەواو دەبێ. بۆیە تەواو قۆناغەکانی زانکۆ بە کاتبەسەربردن و پیاسەکردن لە ناو ناوەندەکانی زانکۆ دەباتە سەر. زانکۆ تەنها کلیلێکە بۆ چوونە ژوورەوەی بواری زانست و زانیاری و بەشداری کردن لە پرۆسەی بەرێوەبردنی وڵات و بونیادنانی کۆمەڵگایەکی تەندروست. بۆیە بەراستی پێویستە چارەسەرێک بۆ ئەم دۆخە بەدۆزرێتەوە و کۆتای بەو سستی و لاییدەیی قوتابی و زانکۆ بەهێنرێت. بێویستە زانکۆ تەنها سەکۆیەک نەبێ بۆ بەخشینی بڕوانامەی زانکۆ بە هەرکەسێک کە بەناو لە زانکۆدا دەخوێنێت. دەبێ گرنگی بە چۆنیەتی و ناستی خوێندن و بڕوانامەی زانکۆ بدرێ، نەک دەرچواندنی ئەو قوتابییانەی کە هاتوونەتە زانکۆ و لە زانکۆ دەخوێنن. وتارەکامان بە گوتەیەکی بیرمەندوو فیلەسوفی بەریتانی یوهان کاکستۆن کۆتایی پێ دێنین کە دەڵێت: (خەڵک گرنگی بە ڕەنگەکانی کتێب دەدات، بەڵام من گرنکی بە ناوەڕۆی کتێب دەدەم کە دەنووسم).



وون بوون

مەنەفێست جۆری ئۆتۆمبێل مارسیدس پم حجم کبیر مۆدێل ٢٠٠٧/ ژمارەی ئۆتۆمبێل ٣٥٥٥ کاتی سلێمانی رەنگی سپی ژمارەی شاسی/ WDAN81RAA171238127 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست جۆری ئۆتۆمبێل میکسر عقرب مۆدێل ٢٠١٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٩٣٨٢ کاتی دهۆك رەنگی پرتقالی ژمارەی شاسی/ NMB943317171211919257 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

مەنەفێست جۆری ئۆتۆمبێل اکسرور خباطە حجم کبیر مۆدێل ٢٠١٦ ژمارەی ئۆتۆمبێل ١٩٣٨١ کاتی دهۆك رەنگی سپی ژمارەی شاسی: WMB94331711211B1905 وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٣٤٠٧٤٦ بەرواری ٢٠١٩/٧/١٦ بەبری ٨,٩٠٠,٠٠٠ بەناوی قاسم بشار فیصل وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ١ هەولێر ژمارەی پسوولە ٠٢٨٠٠١ بەرواری ٢٠١٩/١/٧ بەبری ٣٠٠٠٠٠ هیوا علی سلێمانی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

ناسنامەی کۆلیژی پەروەردە بەشی عربی بەناوی عبیدالله عبدالمناف هەینی وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

وون بوون

دەفتەرگرانی ئۆتۆمبێل ژمارەی ئۆتۆمبێل/٢٢١٧٢٩ لەبەڕێوەبەرایەتی گومرگی هەولێر بەناوی محمد عمر یوسف وون بووە هەرکەسێك دۆزییەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

محکمة بداءة ثاکری

العدد /٤٩٦/ب/٢٠١٩

التاریخ/١٠/١٢/٢٠١٩

الی المدعی علیه (کمال خلیل کریم)

ب/اعلان

اصدرت هذه المحکمة في الدعوی البدائیة المرقمة اعلاه حکما غیابیا بحقك جاء في الفقرة الاولی منه ابطال قید العقارات المرقمة (١٠٠و١٠١و١٠٣و١٠٤و١٠٥و١٠٦و ١٠٧و١٠٨و١٠٩و١١١و١١٢و١١٣و١١٧و١ ٢١و ١٢٧) مقاطعة (١٤ کوسکی) والمسجلة باسمك وباسم جمیع شرکاءك في العقارات المذکورة وتسجیله ثانیة باسم المدعیة (ناز ککو علي) والشخص الثالث بجانبها (امینة ککو علي) وبما ان الحکم قد اصدر غیابیا بحقك علیه قررت هذه المحکمة نشر الحکم المذکور في جریدتین محلیتین یومیتین بحیث یحق لك الاعتراض والتمییز علی الحکم المذکور خلال المدة القانونیة وبعکسه یکتسب القرار الدرجة القطعیة وفق الاصول

القاضي / خالد عثمان یوسف

***

محکمة بداءة ثاکری

العدد /١٥٢/ب. وضع الید/٢٠١٨

اعلان

بناءا علی القرار الصادر من هذه المحکمة في الدعوی المرقمة ١٥٢/ب. وضع الید/٢٠١٨ المتضمن ازالة شیوع العقار المرقم (٥ مقاطعة ٩٣ جوار/عقرة) المدرجة اوصافه ادناه بیعا تعلن هذه المحکمة بالمزایدة العلنیة فعلی الراغبین بالشراء مراجعة هذه المحکمة مستصحبین معهم التامینات القانونیة البالغة ١٠٪ من القیمة المقدرة ان لم یکن شریکا في العقار المذکور ستجري المزایدة في تمام الساعة الثانیة عشر ظهرا في الیوم الثلاثین التالي لنشر الاعلان واذا صادف عطلة رسمیة ففي الیوم الذي یلیه علما ان الدلالیة ورسوم التسجیل علی المشتري

اوصاف العقار : رقم الدعوی ١٥٢/ب.وضع الید/٢٠١٨ المساحة ١ دونم و ٥ اولك الجنس مملوکة للدولة بستان تسقی سیحا القیمة المقدرة (٩٩٠٠٠٠٠٠) تسعة وتسعون ملیون دینار عراقي

القاضي / خالد عثمان یوسف

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا/ ٢٩٦/ك/٢٠١٨

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٥

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو سەفین حمەصالح سعید

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٤١٣ لە یاسای سزادانی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا/ ٣٣٨٨/ك/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٩

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو احمد عطا فاتح

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٤٥٩ لە یاسای سزادانی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەرا لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٤/٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا/ ٦٣٣/ك/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١١

ئاگاداری

بۆ تاوانبار سۆران محمد احمد

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە ٦٣٣/ك/٢٠١٩ وە بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٢ ژمارە ٦ م لە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووك بۆ ماوەی ٦ مانگ و وە فەرمانی گرتنت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت و بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلی و مافی اعتراضت هەیە لەو بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادەر/ سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارەی داوا/ ١٤٣٠/ك/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٨

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو سمیر قنبر رشید

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەرا لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٥/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ شیرین علی حمەسور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا/ ٧٨٠/ج/٢٠١٣

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٠

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو بدریه احمد قادر

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٤٣٣ سزادان لە یاسای عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەرا لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ کامل توفیق سعید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا/ ٧٢٨/ك/٢٠١٧

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٧

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو سەفین حمەصالح سعید

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٣١٢ سزادان لە یاسای عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٢/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ شیرین علی حمەسور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا/ ٧٨٠/ج/٢٠١٣

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٠

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو بدریه احمد قادر

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٤٣٣ سزادان لە یاسای عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی بکرەجۆ لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا/ ٦٣٣/ك/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١١

ئاگاداری

بۆ تاوانبار سۆران محمد احمد

لەبەر ئەوەی ئامادە نەبوون لە رۆژی دادگایی کردنت لە رێکەوتی ٢٠١٩/١٠/٢٩ سەرەرای ئاگادارکردنەوەت لە رۆژنامەکانی ناوخۆدا لەبەر ئەوە دادگایی کرایت بە ئامادەنەبوون بەشێوەی ئاشکرا لە داوای تاوانی ژمارە ٦٣٣/ك/٢٠١٩ وە بریاردرا تاوانبار بکرێیت بە گوێرەی مادەی ٢ ژمارە ٦ م لە یاسای قەدەغەکردنی خراپ بەکارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی حوکم درا بەسەرتا بە بەندکردنی سووك بۆ ماوەی ٦ مانگ و وە فەرمانی گرتنت هەیە خۆت تەسلیم بکەیت و بەم دادگایە یان نزیکترین بنکەی پۆلی و مافی اعتراضت هەیە لەو بریارە بەگوێرەی یاسا.

دادەر/ سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارەی داوا/ ١٤٣٠/ك/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٨

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو سمیر قنبر رشید

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٤٥٦ لە یاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەرا لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٥/١٧ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ شیرین علی حمەسور

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٢

ژمارەی داوا/ ٢٢٩٠/ك/٢٠١٩

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٩

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو سجاد وسام ابراهیم

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ١/٢١ لە یاسای هاتوچو لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی سەیوان لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٥/١٨ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا/ ٧٨٠/ج/٢٠١٣

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٠

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو بدریه احمد قادر

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٤٣٣ سزادان لە یاسای عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی بکرەجۆ لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٣/٢٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ کامل توفیق سعید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا/ ٧٢٨/ك/٢٠١٧

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١٧

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو سەفین حمەصالح سعید

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٣١٢ سزادان لە یاسای عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی رزگاری لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٤/٢٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ سەروەر علی جعفر

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٣

ژمارەی داوا/ ١٨٢١/ك/٢٠١٨

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١١

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو نەهەز علی محمد

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٤٥٦ سزادان لە یاسای عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ابراهیم احمد) و لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٤/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ ازاد اکرم مجید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارەی داوا/ ١٣٠/ك.ب/٢٠١٥

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢٣

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو حمه امین محمد فتاح ناوی دایکی پروین جلال

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لە رۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی ٧ لە یاسای کەتنی بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە تووندوتیژی لە و کێشەیەی تایبەتە بە بەرێوەبەرایەتی تووندوتیژی خێزان/ نووسینگەی رۆژئاوا لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە ٢ رۆژنامەی ناوخۆییدا ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٤/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ ازاد اکرم مجید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا/ ١٨٢١/ك/٢٠١٨

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١١

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو نەهەز علی محمد

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٤٥٦ سزادان لە یاسای عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ابراهیم احمد) و لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٤/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ ازاد اکرم مجید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/١

ژمارەی داوا/ ١٣٠/ك.ب/٢٠١٥

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/٢٣

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو حمه امین محمد فتاح ناوی دایکی پروین جلال

لەبەر ئەوەی ئامادەنەبوویت لە رۆژی دادگایی بکرێیت بەپێی مادەی ٧ لە یاسای کەتنی بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە تووندوتیژی لە و کێشەیەی تایبەتە بە بەرێوەبەرایەتی تووندوتیژی خێزان/ نووسینگەی رۆژئاوا لەبەر ئەوەی جێگەی دیاریکراوت نییە بریارماندا لە ٢ رۆژنامەی ناوخۆییدا ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٤/١٩ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەیێنیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژەدا بە پێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.

دادەر/ ازاد اکرم مجید

***

دادگای کەتنی سلێمانی/٤

ژمارەی داوا/ ١٨٢١/ك/٢٠١٨

رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١١

ئاگاداری

بۆ تۆمەتباری راکردوو نەهەز علی محمد

لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بە پێی مادەی ٤٥٦ سزادان لە یاسای عێراقی لەو کێشەیەی کە تایبەتە بە بنکەی پۆلیسی (ابراهیم احمد) و لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لە رۆژی ٢٠٢٠/٤/٥

دادگای بەرایی عەنکاوە
ژمارە: ١٨٥ / ب / ٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠٢٠/١/٥
جاڕدان
بۆ داواڵێکراو/ ابراهیم عزیز ابراهیم
شوێنی نیشتەجێبوون نادیار.
داواکار (رمزی جرجیس ایلیا) داوای ژمارە (١٨٥ / ب / ٢٠١٩) لەسەرت تۆمارکردبوو کە تێدا داوای (گەرانەوەی پارە دەکات) ئەم دادگایە لەرێکەوتی ٢٠١٩/١٢/٢ بریاری کۆتایی بەپاشملە دەرکردووە بە دانی بڕی پارەی (٨٦٠٠٠ $) دەکاتە سەدو سێ ملیۆن دوو سەدو هەشتا و شەش هەزار دیناری عیراقی لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی اشعاری موختاری (ئاینده/١) بۆیە دادگا بڕیاریدا پێراگەیاندنت بە بڕیارەکە بۆ دەربچێت لەرێگەی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانە، بۆت هەیە خۆت یان بڕیکاردارت لە ماوەی یاساییدا نارازیبونی خۆت یان تێهەلچوونەوە یان پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت بەپێی یاسا.
دادوەر/ تەرزە سالار عثمان
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٨/٢٥٢٠
رێکەوت/٢٠٢٠/١/٥
جاڕدان
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولکی ژمارە ٦٠/٣٢ کە کەوتوەتە ك ٤٤ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار زعیم محمد جواد محی الدین کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی حسن یوسف عمر بەپرێ/ ٩٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی رۆژ لە رۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی وڵاتنامەی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەڵالیش لەسەر کرپارە.
جێبەجێکاری داد / ئاری فیصل دەباغ
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ٦/٣٢ ك ٤٤ وارش
٢ – رەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ هەر وەك لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ لەدوو خانوو خانووی قەرزار لە (٢) نهۆم یەکەم نهۆم (٢) ژوورو گراج و دووەم لە (٢) ژوورو حەمام و مرافق.
٥ – رووبەرەکەی/٢٦٨,٦٦ م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١١٣,٠٠٢,٢٠٠ ملیۆن دینار.
***
دادگای بەرایی هەولێر
جاردان
ژمارە: ١١٤٩/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١/٥
داواکار: صبریە خضر حاجی و هاوبەشەکانی
داواڵێکراو: تحسین خضر
حاجی و هاوبەشەکانی
شوێنی مولّك: هەولێر – گەرەکی خانقاە - پشت ئوتیل دم دم
ژمارە مولّك: ١٣٣/٢٢٥ کەرتی ٤٥ وارش
پێکهاتووەکان: خانوویەکی یەك نهۆمی بریتییە لە ٣ ژوورو مطبخ و توالیت لە بلۆك دروستکراوە
رووبەر: ٢٠٠م
شوێنی نیشتەجێ: کامران محمود محمد/ لەکاتی فرۆشتندا دەرناچێ کرێی مانگانە ٣٥٠٠٠٠ دینار.
نرخی خەملاندن: ١٩٣,٠٠٠,٠٠٠ دینار
نرخی زەوی
١١,٠٠٠,٠٠٠ دینار نرخی پێکهاتووەکان
٢٠٤,٠٠٠,٠٠٠ دینار کۆی گشتی زەوی و پێك هاتووەکان
لەبەر نەبوونی کریار ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ١١٤٩/ب/٢٠١٩ ازالە الشیوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ١٥ پازدە رۆژ دوای بلاوکردنەوە لە رۆژنامەی رۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەشی بێ یان هاوبەشی بێت یان هاوبەشی نەبێت سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی کردنی رێژەی یاسایی ١٠٪ لە خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/مجید سعید برادۆستی
***
دادگای بەرایی هەولێر
جاردان
ژمارە: ١١٥٠/ب/٢٠١٩
رێکەوت: ٢٠١٩/١/٥
داواکار: صبریە خضر حاجی و هاوبەشەکانی
داواڵێکراو: تحسین خضر
حاجی و هاوبەشەکانی
شوێنی مولّك: هەولێر – گەرەکی خانقاە - پشت ئوتیل دم دم
ژمارە مولّك: ١٣٦/١١٩ کەرتی ٤٥ وارش
پێکهاتووەکان: رووبەری زەوی یەکە ٢٤١م٢ پێك هاتووە لە ٣ خانوو خانووی یەکەم بریتییە لە ٢ ژوورو ناندین و حەمام و تواليت لەگەڵ ٢ ژوورو حەمام و تواليت لەسەرەوە.
خانووی دووەم/ پێکهاتووە لە یەك ژوورو ناندین و حەمام و تواليت.
خانووی سێیەم/ پێکهاتووە لە یەك ژوورو مطبخ و حەمام و تواليت لە طابوق و کونکریت دروستکراوە.
رووبەر: ٢٤١م
شوێنی نیشتەجێ: خانووی یەکەم/ محمد یاسین خالد/ کرێ مانگانە (٢٠٠,٠٠٠) دینار لەکاتی فرۆشتندا دەرناچی.
خانووی دووەم/ سمیرە صدیق غفور/ کرێ مانگانە (١٥٠,٠٠٠) دینار لەکاتی فرۆشتندا دەرناچی.
خانووی سێ یەم/ سنور اسماعیل خدر/ کرێ مانگانە (٥٠,٠٠٠) دینار لاری دەکات لە واژوو کردن.
نرخی خەملاندن: خانووی یەکەم ٧٥,٧٩٦,٧٠٠ دینار
خانووی دووەم ٧٣,٢١٣,٣٠٠ دینار
١٤٩,٠١٠,٠٠٠ دینار کۆی گشتی هەردوو خانوو
لەبەر نەبوونی کریار ئەم دادگایە لە داوای ژمارە ١١٥٠/ب/٢٠١٩ ازالە الشیوع/ نەهێشتنی هاوبەشی بریاردرا بە فرۆشتنی ئاشکرای ئەم مولکەی سەرەوە بۆ ماوەی ١٥ پازدە رۆژ دوای بلاوکردنەوە لە رۆژنامەی رۆژانە, جا هەرکەسێ نیازی کرینی هەیە هاوبەشی بێ یان هاوبەشی بێت یان هاوبەشی نەبێت سەردانی ئەم دادگایە بکات لەگەڵ دابینی کردنی رێژەی یاسایی ١٠٪ لە خەملاندنی فرۆشتنی ئاشکرا, کاتژمێر (١٢)ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات, هەرزیاد بوونێك دوای (٥) پێنج دەقیقە کۆتایی دێت.
دادوەری یەکەم/مجید سعید برادۆستی
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٨٠/خ/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٢/١
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (٥٢٩٩/١) کەرتی ١٨ زینیات) یا قەرزدار (سلیمان قاسم عمر) ئەفجا هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووڵکرن :-
ژمارە وجە :- (٥٢٩٩/١) کەرتی ١٨ زینیات- کمونە)
ڕەگەز وجۆر :- دوو خانیێن ئاکنجیبونێ نە ئیك تابقن
رووبەر :- (٣٨٩,٥٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٤٨٠٠٠٠٠٠) جل وهەشت ملیون دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***
بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێکردنی سێمێل
ژمارە /٤٤/خ/ ٢٠١٩
رێکەوت/ ٢٠١٩/١٠/٢٩
ئاگەهداری
ڕێڤەبەریا مە رادگەهینیت بفروتنا پارچا ئەردی یا ژمارە (٥٢٩٩/١) کەرتی ١٨ زینیات) یا قەرزدار (سعید جهور سلو) هەر کەسێ بڤێت بکریت دڤێت پیداچونا ڕێڤەبەریا مە بکەت دماوێ (٣٠/سیە) روژاندا کو دەسپێدکەت ژ روژا پاشتر ژ بەلافکرنێ ودڤێت تەئمیناتێن یاسایی دگەل خو بینیت کو دبنە (١٠٪) ژ بهایێ هاتیە دانان دگەل ناسناما عیراقی وبو زانین رەسمێ لێسەندنی ودەلالیێ لسەر بکری نە
رووڵکرن :-
ژمارە وجە :- (٣٦٢٧/١) کەرتی ٤ منصوریە- سیزاری)
ڕەگەز وجۆر :- خانیێ ئاکنجیبونێ یە ئیك تابقە
رووبەر :- (٢٤٠ م٢)
بهایێ هاتیە دانان :- (٣٥٠٠٠٠٠٠) سیە وپینج ملیون دینارێ عیراقی
جێ بەجێ کاری داد / ریبر سلمان خالد
***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٢٢٩١٧
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (garage Lounge) بۆ بەڕێوەبردن و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری چێشتخانەکان/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (garage Lounge) بۆ بەڕێوەبردن و پێشکەش کردنی خزمەت گوزاری چێشتخانەکان/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (هوگر صالح قادر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٢٢٠٢٦
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (ڕەمەن) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (ڕەمەن) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١١/٢٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (گوران عبدالوهاب عبدالله) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٢٢٣٧٠
ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (تەبایی) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (تەبایی) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/٩) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (سوران محسن عمر) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٥
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار
سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر
لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دان
ژمارە:٤/١٠
ڕێکەوت:٢٠٢٠/١/٥
ئاگاداری
ئاگاداری هاوڵاتیان دەکەینەوە کەوا لێژنەی یەکەمی فرۆشتن و بەکرێ دانی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر هەڵدەستێت بە بەکرێدانی ئەم پارچە زەوییەی خوارەوە، بە رێگای زیادکردنی ئاشکرا بەپێی یاسای ژمارە ٣٢ ی ساڵی ١٩٨٦ هەرکەسێك ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە سەر بدات لە سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر (لیژنەی ئامازە پێدراوی سەرەوە و بەشی ژمێریاری/ داهات) بۆ وەرگرتنی زانیاری دانانی بارمتەی یاسایی بە رێژەی ٢٠٪ کەمتر نەبێت لە نرخی خەملێنراو زیادکردنەکە لە رۆژی (٣٠) سی یەمین رۆژی دوایی بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە لە رۆژنامە لە کاتژمێر ١٢ی نیوەرۆ دەست پێ دەکات، کرێ گرتە پارەی بانگ کردن و بڵاوکردنەوەی دەکەوێتە ئەستۆ.
١- ژمارەی مولك/ ٨٠١ , ١١٧/١٤٣٦ م ٤٥ وارش ٣٥٤/٥ م ٤٥ وارش رووبەر/ ٦٨٩٠م٢ جۆری بەکارهێنان/ گەراجی وەستانی ئۆتۆمبێل ماوەی بەکرێدان/ ٣ سێ ساڵ.
ئەندازیار/ عبدالواحد احمد حمد
سەرۆکی شارەوانی هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
بەشی یاسا

ژمارە: ٢٢٨٨ڕێکەوت: ٢٠١٩/١٢/١٩
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (صخر التون)
بۆ وەبەرهێنانی پیشەسازی/سنوردار)
پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (صخر التون) بۆ وەبەرهێنانی پیشەسازی/سنوردار) لە ڕێکەوتی (٢٠١٩/١٢/١٧) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەژێرپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (مراد محمد حسن) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بڕیاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێك بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) ساڵی ١٩٩٧ی هەموارکراو.
ئەم بریارە نووسراوە لەبەرواری ٢٠١٩/١٢/١٩
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ڕەمەن) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەکەینەوە کۆمپانیای (ڕەمەن) بۆ بەڵێندەرایەتی بیناسازی/سنوردار) بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای داوە، بۆیە هەر کەسێك یان هەر لایەنێك مافێکی لەسەر کۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیاکانی هەولێر بکاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرمارکێتی ماجستی) بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکان.
پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکان هەولێر

نێجیریا.. هێرشێکی بۆکۆ حەرام کوژرانی چوار کەسی لێکەوتەوە



لە ئاکامی هێرشێکی چەکدارانی رێکخراوی تیرۆریستیی بۆکۆ حەرام بۆ سەر ژمارەیەک کەس کە خۆبەخشانە یارمەتی مرۆیی پێشکەش دەکەن لە باکووری رۆژهەلاتی نێجیریا، چوار کەس کوژران. میدیاکانی نێجیریا بلاویانکردەوە کە چەکدارانی بۆکۆ حەرام هێرشیانکردووەتەوە سەر ژمارەیەک کەس کە خۆبەخشانە یارمەتی مرۆیی پێشکەش دەکەن لە ویلایەتی بۆرنۆ. بەپێی میدیاکان لە هێرشەکەدا، چوار کەس کوژراون و دوو ئافرەتیش لە لایەن چەکدارانی بۆکۆحەرام-ەوە رفێندراون. هاوکات بەرپرسانی ئەمنی نێجیریا رایانگەیاند کە هێزە ئەمنییەکان لەناوچەکە دەستیان بە هەڵمەتی گەڕان و پشکنین کردووە بە ئامانجی رزگارکردنی ئافرەتە رفێندراوەکان. رێکخراوی تیرۆریستیی بۆکۆ حەرام کە لە سالانی 2000ەوە تا ئێستا لە نێجیریا چالاکی هەیە، لەو کردە تیرۆریستیانەی لە سالی 2009ەوە ئەنجامیداون زیاتر لە 20هەزار کەس کوژراون. هەروەها ئەو رێکخراوە لە سالی 2015ەوە هێرش دەکاتە سەر ولاتانی دراوسێی وەک کامیرون، چاد و نێجەر. بەهۆی هێرشەکانی رێکخراوەکە لە حەوزی دەریاچەی چاد زیاتر لە دوو هەزار کەس بوونەتە قوربانی.

وڵاتانی خۆرئاوای ئەفریقیا بوودجەی تایبەت بە ئاسایش زیاترە لە بوودجەی گەشەپێدان




لە ئەبوجا پایتەختی وڵاتی نێجیریا 56مین کۆبوونەوەی سەرۆکی وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵەی ئابووری وڵاتانی خۆرئاوای ئەفریقا ناسراو بە "ئێکۆواس" بەڕێوەچوو. لە میانی کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی بانکی گەشەپێدانی ئەفریقا، ئاکینومی ئادێسینا لێدوانی بۆ رۆژنامەنووسان دا و رایگەیاند: "بەهۆی ئەو بارودۆخانەی لە چەند ساڵی رابردوودا هاتوونەتە ئاراوە، ئەو بوودجەیەی وڵاتانی ئەندامی ئێکۆواس بۆ بواری ئاسایش تەرخانی دەکەن زیاترە لەو بوودجەیەی بۆ گەشەپێدان تەرخان دەکرێت. ئادێسینا ئاماژەی بەوەشدا کە وڵاتانی باشووری بیابانی ئەفریقا بەتایبەت نێجیریا، مالی، بورکینا فاسۆ، چاد و نەیجەر رووبەڕووی کۆمەڵێک هەڕەشەی زۆر بوونەتەوە و

ئەم رەوشە بەم شێوەیە بەردەوام نابێت و پێویستە هەنگاوی بوێرانە بۆ پاراستنی ناوچەکە بگیرێتەبەر

گوتی "ئەم رەوشە بەم شێوەیە بەردەوام نابێت و پێویستە هەنگاوی بوێرانە بۆ پاراستنی ناوچەکە بگیرێتەبەر. بانکی گەشەپێدانی ئەفریقاش ئامادەیە بۆ هاوکاریکردنی وڵاتانی ئەندامی "ئێکۆواس". جێی ئاماژەیە لە کۆبوونەوەکەی "ئێکۆواس"دا سەرۆک، دیپلۆماتکار و بەرپرسانی بالای وڵاتانی ئەندامی کۆمەڵە و چاودێرانی بیانی ئامادەبوون.

کاریکاتێر



ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1912:
نیو مەکسیکۆ چووە ریزی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و بوو بە ویلایەتی ژمارە 47.



سالی 1921:
سوپای عێراق دامەزرا .



سالی 1941:
رۆزفلتی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا وتاری چوار ئازادیەکەی پێشکەش کرد .



سالی 1950:
شانشینی یەکگرتوو دانی بە کۆماری چینی میللی دانا .



سالی 1964:
دەستوورێکی کاتی بۆ یەمەنی باکوور دانرا .



سالی 2018:
لە دەریای چینی رۆژهەلات و لە ئەنجامی پێکدادانی کەشتیەکی نەوتی ئێرانی و کەشتیەکی بارهەلگری چینی 32 کەس کوژران .

www.xebat.net
دووشەممە 2020/1/6 ژمارە (5904)
خەبات



گەڕانەوەی خومەینی لە مەنفا




گفتوگۆی نێوان ئەمەریکا و ئێران



هێرش بۆ سەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە تاران

ئەمەریکا و ئێران

لە (1953)ەوە تا (2020)



ئا : هەندرین شێرزاد

بە رووداوی تیرۆرکردنی قاسم سلێمانی سەرۆکی فەیلەقی قودسی ئێران لەلایەن هێزی ئاسمانی ئەمەریکا لە نزیک فڕۆکەخانەی بەغدا ، پەیوەندیەکانی نێوان ئێران و ئەمەریکا پێیان نایە قۆناغێکی دیکە ، قۆناغێک کە دوور نیە هەرووڵا شەڕی سەرتاسەری لە دژی یەک بەڕپا بکەن . بە تایبەتیش ئێستا کە ئێران هەڕەشەی تۆڵەسەندنەوە لە ئەمەریکا دەکات .بەڕپرسانی ئەمەریکاش دەڵێن ئەوان بە بەم هەنگاوە ڕێگەیان لە رووداڵنی هێرشێک گرتووە بۆ سەر سەرباز و بەرژەوەندیەکانیان . لە خوارەوە گرنگترین ئەو قۆناغانە دەخەینە ڕوو کە لە ساڵی 1953ەوە ئەم دوو ولاتە پێیدا تێپەڕبون تا دەگاتە ئەمڕۆ.

ساڵی 1953:

ئاژانسی هەواڵگری ئەمەریکا ((CIA محەمەد مسەدەقی سەرۆک وەزیرانی ئەوکاتەی ئێرانی لە پۆستەکەی دوور خستەوە و دەسەلاتی بۆ شا محەمەد رەزا پەهلەوی گێڕایەوە .

ساڵی 1957:

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و ئێران ڕێککەوتننامەیەکیان دەربارەی هاوکاری لە بواری وزەی ئەتۆمی بۆ مەبەستی مەدەنی مۆر کرد .

ساڵی 1967:

ویلایەتە یەکگرتووەکان کورەیەکی ئەتۆمی و بڕێک یۆرانیۆمی پیتێنراوی بە ڕێژەی 93%ڕادەستی ئێران کرد، ئەو یۆرانیۆمەش شیاو بوو بۆ دروستکردنی بۆمبی ئەتۆمی.

ساڵی 1968:

ئێران واژۆی لەسەر پەیماننامەی قەدەغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکە ئەتۆمیەکان کرد ، ئەمەش ڕێگەی پێ دەدا ببێتە خاوەنی پرۆگرامێکی ئەتۆمی مەدەنی لە بەرامبەر پابەندبوونی بە بەرهەمنەهێنانی چەکی ئەتۆمی.

ساڵی 1979:

بەڕپابوونی شۆڕشی ئیسلامی لە ئێران شای ناچار کرد ولاتەکەی بەجێ بهێڵێ، هەر ئەو کاتەش خومەینی لە مەنفا گەڕایەوە ئێران و بوو بە مورشیدی باڵای شۆڕشی ئیسلامی . دواتر ژمارەیەک لە قوتابیانی رادیکاڵ دەستیان بەسەر باڵیۆزخانەی ئەمەریکادا گرت لە تاران و کارمەندانیشیان بە بارمتە گرت.

ساڵی 1980:

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرجەم پەیوەندیە دیبلۆماسیەکانی لەگەڵ ئێران پچڕاند و بازرگانیکردنیشی لەگەڵ ڕاگرت .

ساڵی 1981:

دوای تێپەڕبوونی چەند خولەکێک بەسەر کۆتاییهاتنی ویلایەتی جیمی کارتەر و دەستبەکاربوونی ڕۆنالد ریگن وەک سەرۆکی نوێی ئەمەریکا ، ئێران 52بارمتەکەی ئەمەریکای ئازاد کرد.

ساڵی 1984:

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئێرانی خستە ناو لیستی وڵاتانی پشتگیریکار لە تیرۆر .

ساڵی 1986:

ڕۆنالد ریگنی سەرۆکی ئەو کاتەی ئەمەریکا بڕندێکی نهێنی تایبەت بە فرۆشتنی چەکی بە ئێران ئاشکرا کرد، ئەمەش پێشێلکردن بوو بۆ بڕیاری قەدەغەکردنی فرۆشتنی چەک بە ئێران.

ساڵی 1988:

کەشتیەکی جەنگی ئەمەریکی لە ئاسمانی کەنداو بە هەڵە فڕۆکەیەکی ئەفەرهەڵگری ئێرانی خستەخوارەوە و لە ئەنجامدا هەموو سەرنشینانی فڕۆکەکە کە ژمارەیان 290کەس بوو، گیانیان لەدەست دا .

ساڵی :2002

جۆرج بوشی کوڕ میحوەری شەڕانگێزیی ڕاگەیاند و تیایدا ئێران و عێراق و کۆریای باکووری کۆکردەوە . ژمارەیەک بەرپرسی ئەمەریکیش تارانیان بەوە تۆمەتبار کرد کە بە نهێنی کار بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی دەکات.

ساڵی 2006:

واشنتۆن ئامادەباشی ڕایگەیاند کە سەبارەت بە بواری ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دەست بە گفتوگۆ و دانوستان بکات ، بەو مەرجەی تاران چالاکیەکانی پیتاندنی یۆرانیۆم بوەستێنێ.

ساڵی 2008:

بۆ یەکەم جار ئەمەریکا بەرپرسێکی ڕەوانەی جنێف کرد بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ لە پرۆسەی دانوستان لەگەڵ ئێران بەشدار بێ .

ساڵی 2009:

باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمەریکا پەیامێکی ئاراستەی سەرکردەکانی ئێران کرد و تیایدا ڕایگەیاند ئەگەر ئێرانیەکان نەرمی بنوێنن ، ئەو ئامادەیە لەگەڵیان ڕێک بکەوێ .

ساڵی 2009:

هەر لە هەمان ساڵدا بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا ڕایانگەیاند کە ئێران سەرقاڵی بونیادنانی پێگەیەکی نهێنیە لە فۆردۆ کە تایبەتە بە پیتاندنی یۆرانیۆم .

ساڵی 2012:

ئەمەریکا یاسایەکی دەرکرد و بە هۆیەوە دەسەلاّت بە ئۆباما درا کە سزا بەسەر هەموو ئەو بانکە بیانیانەدا بسەپێنێ کە سنووڕێک بۆ هەناردەکردنی نەوتی ئێران دانەنێن . هەر لەو ساڵەدا بەرپرسانی ئەمەریکا و ئێران بە نهێنی سەبارەت بە دۆسیەی ئەتۆمی کەوتنە گفتوگۆکردن .

ساڵی 2013:

حەسەن ڕوحانی بۆ پۆستی سەرۆکی ئێران هەڵبژێردرا ، چاوەڕێش دەکرا ڕوحانی پشت بە بەرنامەیەک ببەستێ بۆ ئەوەی پەیوەندیەکانی ولاتەکەی لەگەڵ ولاتانی جیهان بگێڕێتەوە ئاستی ئاسایی و باری ئابووریش بەرەو پێش ببرێ.

– ئەیلوولی 2013:

ئۆباما و ڕوحانی پەیوەندیەکی تەلەفۆنیان ئەنجام دا ، ئەمەش یەکەم هەنگاو بوو لە ماوەی سی ساڵدا.

– تشرینی دووەمی 2013:

ئێران و 6هێزی گەورە گەیشتنە ڕێککەوتن دەربارەی دۆسیەی ئەتۆمی کە بە ڕێککەوتننامەی کاری هاوبەش ناسرا و بەهۆیەوە ئێران ڕازی بوو سنووڕێک بۆ چالاکیە ئەتۆمیەکانی دابنێ لە بەرامبەر سووککردنی بەشێک لەو سزایانەی بەسەریدا سەپێنرابوون.

ساڵی 2016:

ئێران 10دەریاوانی ئەمەریکای ئازاد کرد کە بە شێوەیەکی نایاسایی سنوورە ئاویە ئیقلیمیەکانی ئێرانیان بەزاندبوو.

ساڵی 2018:

لە مانگی ئایاری ئەو ساڵەدا دۆنالد ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکا ولاتەکەی لە ڕێککەوتنی ئەتۆمی کێشایەوە و جارێکی دیکە سزا ئابووریەکانی بەسەر ئێراندا سەپاندەوە.

ساڵی 2019:

لە مانگی نیسانی ئەو ساڵەدا ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سوپای پاسدارانی ئێرانی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆرستی ناساند .

– مانگی ئایاری 2019:

ئێران ڕایگەیاند کە ئاستەکانی بەرهەمهێنانی یۆرانیۆمی پیتێنراو زیاد دەکات ، ئەمەش وەک هەنگاوێک بۆ سووککردنی پابەندیەکانی بە ڕێککەوتنی ئەتۆمی .

– هەردووک مانگی ئایار و حوزەیرانی 2019:

چەند کەشتیەکی نەوتهەڵگر لە کەنداو هێرشیان کرایەسەر و ئەمەریکا بەرپرسیاریەتی خستە ئەستۆی ئێران و تارانیش ڕەتی کردەوە.

– مانگی حوزەیرانی 2019:

ئێران فڕۆکەیەکی بێ فڕۆکەوانی ئەمەریکای خستەخوارەوە و ڕایگەیاند کە ئاسمانی ولاتەکەی بەزاندووە.

– مانگی تەموزی 2019:

ئێران دەستی بەسەر کەشتیەکی نەوتهەڵگری بەریتانیدا گرت لە کەنداو.

– مانگی ئەیلوولی 2019:

کۆمپانیای نەوتی سعودی لە ڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان و موشەکەوە هێرشی کرایە سەر و ئێران بە ئەنجامدانی هێرشەکە تۆمەتبار کرا بەڵام تاران ڕەتی کردەوە.

– مانگی کانونی یەکەمی 2019:

لە عێراق و لە ڕێگەی کاتیۆشاوە هێرش کرایە سەر چەند پێگەیەکی سەربازی ئەمەریکی و لە ئەنجامدا هاوڵاتیەکی ئەمەریکی کوژرا . لە بەرامبەردا ئەمەریکا ئەو گرووپە چەکدارانەی تۆمەتبار کرد کە سەر بە ئێرانن –

مانگی کانونی یەکەمی 2019:

هەر لەو مانگەدا و وەک وەڵامێک بەرامبەر بە بۆردومانکردنی سەربازگەکانی ، ئەمەریکا لە چەند ناوچەیەکی عێراق و سووریا و لە ڕێگەی فڕۆکەی بێ فڕۆکەوانەوە 5 هێرشی لە دژی ژمارەیەک سەربازگەی حزبوڵای عێراق ئەنجام دا.

– مانگی کانونی یەکەمی 2019:

لە دوایین ڕۆژی ئەو ساڵەدا و وەک وەڵامێک بەرامبەر بە هێرشکردنە سەر بارەگاکانیان ، ژمارەیەک لە ئەندام و لایەنگرانی حەشدی شەعبی و حزبوڵای عێراق و نوجەبا و عەسائیب خۆیان گەیاندە شورەی دەرەوەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا و ئاگریان لە دوو پرسگەی باڵیۆزخانەکە بەردا.



لە ئێستاوە بیر لە (سەربەخۆیی دانیشتوانی مەریخ) دەکرێتەوە



پرسیار: ئاخۆ ئەگەر نشینگە یان شارۆچکەیەکی بچووکمان لەسەر رووی هەسارەی (مەریخ) دا دروستکرد، ئایا دانیشتوانی نێوی دەتوانن لە دوارۆژدا (سەربەخۆیی مەریخ) رابگەیەنن؟!

لە ئێستاوە کێبڕکێی ناردنی مرۆڤ بۆسەر مەریخ بەگەرمی دەستیپێکردووەو وا چاوەڕوان دەکرێت کەوا، بۆ نموونە، کۆمپانیای (Space X) لە ساڵی 2026دا مرۆڤ ڕەوانە بکات و لەساڵی 2027دا لەسەر ڕووەکەیدا بنیشنەوەو ئاژانسی (ناسا) ش پلانی خۆی داڕشتووە بۆ ناردنی مرۆڤ بۆ خولگەی مەریخ لەساڵی 2033و نیشتنەوەی تەواو لەسەری لە ساڵی 2039، وە لەلایەکی دیکەوە، کۆماری (چین) یش پلانی خۆی داڕشتووە بۆ ناردنی مرۆڤ بەسەر مەریخ لە سنووری ساڵی 2040 تا 2060، بەم واتایە، ئەگەر حاڵ ئاو بروات، ئەوا لە سنووری نێوان 2030 تا 2060 ڕووی مەریخ ئاوەدان دەبێتەوە!

ئەوکاتەی ئەو تاقمانە دەنیشنەوە لەسەر مەریخدا، ئەوا بێ گومان نوێنەرایەتی ئاژانس و کۆمپانیاو وڵاتانی خۆیان دەکەن و بەردەوام لە پەیوەندی دەبن بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و پێشهاتەکان و لەبواری لێکۆڵینەوەی زانستی و دروستکردنی نشینگەو شارۆچکەو تاقیگەو کارگەکان... هتد.

بەپێی یاسایە نێو دەوڵەتییە دانپێدانراوەکانی تایبەت بە بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لە بۆشاییگەریی و تەنە ئاسمانییەکانی ساڵی 1967دا هاتووە کەوا: (بۆشایی ئاسمان و مانگ و تەنەکانی دیکە بابەتی خاوەندارێتی نیشتمانی و جێگای دەستبەسەرداگرتن و داگیرکردن و یان هەر ڕێگەیەکی هاوشێوەی ئەوانەوە نییە، واتا، (هیچ وڵاتێک بۆی نییە ڕاگەیاندنی کۆنترۆڵکردنی هیچ هەسارەو تەنێکی ئاسمانیی نییە بۆخۆی نییە)، بەڵام دەکرێ بە شێوەیەک لە شێوەکان سوود لە سەرچاوە سروشتییەکانی وەربگرێت و بەکاربهێنێت، وەک ئەوەی لە مەریخدا هەیە. هەر بە پێی ئەو یاسایە، ئەو کەسانەی کە لە دوارۆژدا دەستدەکەن بە دروستکردنی خانووە تایبەتییەکانی خۆیان، نابنە خاوەنی تەواوی ئەو پارچە خاکەی لەسەریدان، بەڵکو دەبێ لەژێر بەرپرسیارێتی و کۆنترۆڵی ئەو کۆمپانیایەبن کە لەسەرەتاوە ڕەوانەی مەریخیانی کردووەو سەرپەرشتیان دەکات.

بەڵام وادیارە لە ئێستاوە بیروڕای جیاواز هەیە دەربارەی چۆنییەتی مامەڵەکردن لەگەڵ مەریخ و دانیشتوانی نێوی، وەک ئەو بابەتەی کە (جاکۆب هاک - میسرا) ی لێکۆڵەر لە (پەیمانگەی بلوو ماربێڵ بۆ زانستەکانی بۆشاییگەریی) لە (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا) بەم دواییە بڵاویکردۆتەوەو تیایدا ئاماژەی بەچەند ڕاو بۆچوونێکی زۆر گرنگ و نوێیداوە دەربارەی چۆنییەتی دروستکردنی شارستانییەتێکی نوێی ئادەمیزادیی زۆرجیاوازتر لەسەر مەریخدا.

بیرۆکەکەی (میسرا) زۆر سادەیەو دەڵێ: لە جیاتی ئەنجامدانی پەیوەندی بەردەوامی نەپچڕاو لەگەڵ ئەوانەی بۆ مەریخیان ڕەوانە دەکەین، ئەوا پێویستە لەسەر بنەمای پێنج خاڵدا (سەربەخۆ) ییەکی تەواویان پێ ببەخشین کە ئەمانەن:

1- دەستبەردارییە تا هەتایی ئەو ئادەمیزادانەی لەسەر مەریخدا دەنیشنەوە بۆ (ناسنامەی زەویینە)ی خۆیان و لەو کاتەوە خۆیان بە (مەریخی) لەقەڵەم بدەن.

2- ئەو حکومەت و کۆمپانیاو خەڵکانەی لەسەر ڕووی زەویدان نابێت دەست لەو کاروبارە سیاسی و ڕامیاریانە وەربدەن کە لەسەر مەریخدایە، بەو واتایەی نابێت بۆ نموونە بازرگانی بە زۆرەملێ و دەستێوەردانی ئابووری و نەبوونی هیچ جۆرە سیفەتێکی (نهێنی و تایبەت) لەسەر هیچ جۆرە بەرهەم و کالاو خزمەتگوزارییەک ئەنجام بدرێت.

3- لێکۆڵینەوەی زانستیی بۆ دۆزینەوەی هەسارەی مەریخ بەردەوام دەبێت تا دەستێوەردان نەبێت لەو بەرهەمانەی کەلەو شارستانییە مەریخییەدا بەرهەم دەهێنرێت.

4- بڕیار لەسەر چۆنییەتی و شێوازی بەرکارهێنانی خاکی هەسارەی مەریخ و سەرچاوەو سامانە سروشتییەکانی تەنها بۆ مەریخییەکانەوە دەبێت.

5- هەر کەل و پەلێک، بۆ هەر ڕێگاو مەبەستێک لە زەوییەوە ڕەوانە کرابێت بۆ مەریخ، لە کاتی گەیشتنی بۆسەر ڕووی هەسارەکەو بەکارهێنانی دەبێتە (کەل و پەلێکی مەریخی) و بەهیچ شێوەیەک مافی دانیشتوانی (زەوی) نییە کە دووبارە داوای بکەنەوە.

بەم شێوەیە، لەگەڵ گەیشتنی هەر دەستەیەک لە مرۆڤەکان بۆسەر مەریخ، ئەوا یاساکان ڕێک دەخرێن و نوێ دەکرێنەوە تا ببنە بنەمای سەرەکی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتری بەشێوەیەک کە لەگەڵ ژیانیان وەک مەریخی و لەگەڵ بارودۆخی هەسارەکەیان بگونجێت و بەمەش لە کۆتاییدا دەگەنە ئاستی داڕشتی یاساو ڕێسای تایبەت بە کردنەوەی دەرگاو کەنالەکانی پەیوەندی و ئاڵوگۆڕکردنی بازرگانی خۆیان لەگەڵ دانیشتوانی زەوی، بەڵام بە پێی مەرجەکانی خودی مەریخییەکانەوە.


ئەگەرچی لەسەر کردنی یەکەمەوە، ئەم بیرۆکەیە سەیرو نامۆیە! واتە، خرجکردنی وڵات و کۆمپانیایەک بە بڕی ملیارەها دۆلار بۆ پڕۆژەیەک کە لە کۆتاییدا دەبێ بە تەواوی دان بە سەربەخۆیی دەرچوونی کارمەندەکانی لەژێر ڕکێفییەوە بنێت! بەڵام ئەگەر دوورتر بڕوانێتە مەسەلەکە، ئەوا بە پێچەوانەوە، لە داهاتوودا چەندین خاڵی پەیوەندی بەتین و قوواڵتر لەنێوان مەریخییە سەربەخۆیەکان و ئەو وڵات و کۆمپانیایانە دروست دەبێت کە بەبێ ئەوان هەرگیز نەیاندەتوانی ڕۆژێک لە ڕۆژان بگەنە سەر ڕووی ئەو هەسارەیەدا.

بێ گومان هێشتا چەندین ساڵ ماوە بۆ گەیشتنی مرۆڤ بۆ سەر مەریخ و لە هەمان کاتیشدا، بابەت و بیرۆکەکەی (میسرا) ش نابێتە یەکەم و کۆتا بابەت و بیرۆکە کە هەوڵ دەدات چاورچێوەیەکی لەبارو گونجاو دابڕێژێت بۆ وردەکارییەکانی بەڕێوەبردنی ژیانی داهاتوومان لەسەر ڕووی مەریخدا، بەڵکو چەندین بابەت و بیروڕاو پلان و ڕەنگە یاسای دیکەش لەو پێناوەدا دابڕێژرێت.

بۆیە لە کۆتاییدا (میسرا) دەڵێ: ڕەنگە پێشنیارکردنی بیرۆکەی (سەربەخۆبوونی مەریخ) لەلای منەوە ڕوون نەبێت، بەڵام بەڵایەنی کەم وا پێشکەشم کردووە تا ببێتە یەکێ لە خاڵەکانی گەڵاڵە کردنی گفت و گۆکردن و بیرکردنەوە، تا لە کۆتاییدا بگەینە خاڵ و پەرەنسیپی کۆتایی کارکردنمان و حاڵیبوونمان لەسەر ماناکانی (بوون بە هاوڵاتییەک) لەسەر (هەسارەی مەریخ) دا".

وەرگێڕانی: ئەژی چەتۆ حەسەن
سەرچاوە: BBC FUTURE

دەریاچەیەکی بێ‌گیان لەژێر بارستەی سەهۆڵیدا



زانایانی ڕووسی و لە قووڵایی 3700مەتریی ژێر سەهۆڵانی جەمسەری بەستووی باکووردا دەریاچەیەکیان دۆزییەوە کە ژیانی میکرۆبیی تێدا نییە و زیاتر لە 20 ملیۆن ساڵە هەوا و تیشکی خۆڕی پێنەگەیشتووە.


دوای ئەم دۆزینەوەیە زانایان خەریکی پشکنینن بۆ دۆزینەوەی بوونەوەرانێکی تایبەت کە لەو دۆخەدا بژین، بەڵام تا ئێستا نەگەیشتوونەتە هیچ ئەنجامێک. زانایان بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە لە بارەی ئەگەری هەبوونی ژیانی میکرۆبییەوە لە دەریاچەی ویستووکدا و هەندێکیان دەڵێن ژیانی میکرۆبیی لەو دەریاچەیەدا، تاقیگەیەکی زەمینییە بۆ پشکنین لە بارەی هەسارەی موشتەریییەوە کە لەوانەیە پێکهاتەیەکی وەکوو موشتەریی هەبێت. "سێرگی بۆلات" لە تاقیگەی گەردیلەناسیی (پیترسبۆرگ)ی ڕووسیاوە لەگەڵ دەستەی تۆژەرانی ئەو تاقیگەیەدا نموونەی ئاوی ئەو دەریاچەیان خستۆتە بە لێکۆڵینەوە و شیکاریی وردو بە پێی ڕاپۆرتەکەیان کە لە دوازدەهەمین وۆرکشۆپی بوونەوەرناسیی هەسارەکاندا لە (ستۆهکۆلم) بڵاو کرایەوە، تا ئێستا هیچ نیشانەیەکی ژیان لەو دەریاچەیەدا بەدی نەکراوە.

هەڵبەت ئەوە تۆژەران لە گەڕان بەدوای ژیان لەو ناوچەیەدا بێ ئومێد ناکات و خولێکی نوێی پشکنینەکان لە قووڵترین شوێنەکانی دەریاچەکەدا دەستی پێکردووە.

لەو ناوچانەدا هەموو ڕۆژ باران دەبارێت!



هەسارەیەکی بێ ئەستێرە سەری پسپۆڕانی سوڕماند



بێ گومان ماوەیەکی زۆرە هەوڵی دۆزینەوەی سەدان هەسارە بە دەوری ئەستێرەکاندا بڵاودەکرێنەوە، بەڵام ئەمجارەیان هەسارەیەک بە تاک و تەنها و بێ بوونی هیچ ئەستێرەیەک لە نزیکیدا دەدۆزرێتەوەو ناونراوە CFBDSIR 2149-0403" CFBDSIR J214947.2-040308.9.

تیمی لێکۆڵینەوەو دۆزینەوەی ئەم هەسارەیە (کە ناویان ناوە بێ دایک و باوک!) لە فەلەکناسانی فەرەنسی و کەنەدی پێکهاتبوون و دەقی دۆزینەوەکەشیان لەنێو گۆڤاری ناوداری (Astronomy & astrophysics) ناوداردا بڵاوکردەوە و دەرکەوت کە قەبارەی ئەم هەسارەیە لە نێوان 4تا 7جار ئەوەندەی قەبارەی هەسارەی (موشتەری) دەبێت و ئەمەشیان نزیکترین هەسارەی بێ ئەستێرەیە کە تاوەکو ئێستا لە نزیک سیستەمی خۆری خۆماندا دەدۆزرێتەوە و مەودایەکەی دەگاتە نزیکەی 100ساڵی ڕوناکی و تەمەنی گەیشتۆتە نێوان 50تا 120ملیۆن ساڵ، واتە هەسارەیەکی تازە لە دایکبووە ئەگەر بەراورد لەگەڵ زەوی بکەین کە تەمەنی ئێستای گەیشتۆتە 4ملیار و 500ملیۆن ساڵ!.



ئیبرا: میلان بەختەوەری پێیەخشیمەوە کە لەگەڵ بەرشلۆنە ونم کردبوو



زلاتان ئیبراهیمۆڤیچی سویدی خۆشحاڵی خۆی بەگەڕانەوە بۆ ریزی یانەی ئەی سی میلان دەربڕی و دووپاتی کردەوە ئامادەیە بۆ ئەوەی زیاتر پێشکەشی ئەو یانەیە بکات وەک ئەوەی کەتەمەنی 28ساڵ بێت.
زلاتان لەکاتی خۆپێشکەشکردنی بۆ دەزگاکانی راگەیاندن گوتی: لەتەمەنی 38ساڵیدامە و زۆرم لەبەردەمە کە پێشکەشی بکەم وەک ئەوەی تەمەنم 28ساڵ بێت، گەڕانەوەم بۆ میلان بیرۆکەیەکی قورس نەبوو، میلان جارێکی تر بەختەوەری پێیەخشیمەوە لە ساڵی 2010دوای یاریکردنم لە بەرشلۆنە، میلان ئەو میلانەیە و میژوو ناگۆڕدرێت، هەروەها گوتی:

لە سنووری بارزان چەند چالاکییەکی وەرزشی بەڕێوەچوو

بارزان: مسلم دۆلەمەری

بەبۆنەی هاتنی سەرسالی نوێ بەئامادەبونی ژمارەیەکی بەرچاو لە بەرپرس ونوێنەرانی ئیداری وحزبی و وەرزش دۆستان، لەچەند شوێنێکی جیای دەقەری بارزان چەندین چالاکی وەرزشی جۆراوجۆر بەڕێوەچوون، کە لەلایەن ناوەندی بالای بارزانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان وناوەندی بالای میرگەسور و ناوەندی چالاکی نزار و ناوەندی چالاکی بەرۆژ و ناوەندی چالاکی مەزنێ و لقی میرگەسوری یەکێتی قوتابیانی کوردستان بۆ سنووریەکە ئامادەکردبوو، لەوانە ئەنجامدانی ماراسۆنێک بۆ زیاتر لە 100 زورزشوان، لەگەڵ چەندین خولی دیکەی تۆپی پێ و دواجار چالاکییەکان بەسەرکەوتوویی بەڕێوەچوو و دیاری و خەڵات بەسەر براوەکاندا دابەشکران

تەنها ترامپ دەتوانێت لیڤەرپوول بوەستینێت





گاری لینیکەری ئەستێرەی پێشووی یانەی لیڤەرپوولی ئینگلیزی لە تویتێکدا نامەیەکی گالتەجاری بلاوکردۆتەوە و نوسیویەتی تەنها دۆنالد ترامپی سەرۆکی ئەمریکا دەتوانێت رێگری بکات لەوەی یانەی لیڤەرپوول نەتوانێت نازناوی پریمەرلیگ بەدەست بهینێت.
ئینیکەر دەڵێت: کاتێک ترامپ لیڤەرپوول دەوەستینێت، ئەوکات بلیسەی جەنگی جیهانی سێیەم لێدەدرێت، ئەمەش ئامانجێکە بوو بەو رووداوانەی ئەم دواییە کە ترامپ چووە نێوکێبرکێیەکی تازەوە لەگەڵ ئێران.



قیرۆن: ئەوانەی رەخنە لە کۆنتی و سیمیۆنی بگرێ هیچ لەتۆپی پێ نازانن

خوان سیباستیان قیرۆنی ئەستێرەی پێشووی ئەرژەنتینی سەرسامیی خۆی بۆ شێوازی یاریکردنی هەریەک لە ئەنتۆنیۆ کۆنتی راهێنەری ئینتەر و دیگۆ سیمیۆنی راهێنەری ئەتلەتیکۆ مەدرید نیشاندا و رایگەیاند کە ئەم دوو راهێنەرە زۆر لەیەک دەچن.
قیرۆن زیاتر دەڵێت: ئەم دوو راهێنەرە وەک یەک یەکن، هەسنی جیاواز و تێروانینی تایبەتیان هەیە لەناو یاریگادا، ئەوانەی رەخنە لەم دوو راهێنەرە دەگرن ئەوا هیچ لە تۆپی پێ نازانن.

یاریزانێکی یۆڤینتۆس رۆنالدۆ تووشی شۆک دەکات

دیان کۆلۆسیفسکی سویدی و ئەستێرەی یانەی یۆڤینتۆسی ئیتاڵی، رۆنالدۆی هاوڕێی تووشی شۆک کرد کاتێک دووپاتی کردەوە کە مێسی لەو باشترە.
تۆڕی STV Sport دیانەیەکی لەگەڵ ئەو یاریزانە سویدیە ئەنجامداوە و لەوەڵامی پرسیارێکدا کە لەنێوان مێسی و کریستیانۆدا کامیان بەباشتر دەستنیشان دەکەیت. لەوەڵامدا کۆلۆسیفسکی بەیەک وشە وەڵامی داوەتەوە و گوتی: مێسی.
ئەو یاریزانە سویدیە لەمیانی دیانەکەیدا چەند تەوەرێکی دیکەی باس کردووە، لەوانە رایەدگەیەنێت کە زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ، پێشەنگی ئەوە لەتۆپی پێدا و پێی وایە هەڵبژاردەی سوید دەتوانێت نازناوی یورۆی 2020 بەدەست بهێنێت.



ڤاران: جەنگێکمان بردەوە و ئێستا نۆرەی سوپەری ئیسپانیە

ڕافاییل ڤارانی بەرگریکاری یانەی ریال مەدرید رایگەیاند کە یانەی ریال سەرکەوتوو لەبردنەوەی ئەو جەنگە سەختەی بەرامبەر یانەی خیتافی کە بەئەنجامی 0-3گۆڵ لێیان بردەوە.
ڤاران بۆ ڕۆژنامەی ئاسی ئیسپانی گوتی: یاریی خیتافیمان وەک جەنگێک وابوو، لەکۆتاییدا توانیمان لەو جەنگەدا سەرکەوتوو بین، هەروەها گوتی: ئێستا نۆرەی جامی سوپەری ئیسپانیە و دەچینە سعودیە بۆ بەدەستهێنانی نازناوەکە، بەشێوەیەکی کاتی دۆسیەی لالیگا دادەخەین تا ئەوکاتەی دەگەڕێینەوە.



بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
پەشی ئاگادارییەکان:
0750 588 1616


سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

KHABAT Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
info@xebat.net
www.xebat.net

خەبات XEBAT
Mon.6. Jan. 2020 No: (5904)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

یەک هەناسە



ئیسماعیل بەرزنجی
هەمور دووشەمەیەک دەینووسێت

هەی داد هەی بێ داد هەی ئاوەدانی
کوا تام و بۆی جارانی بریانی
***
چاوێکم دێشێ یەکێکم تانە
ڕەق نەبینەوە ئا بەم زستانە
***
دەچمە سەربانی سەربان تاریکە
چاوەڕێی گلۆپ عەلەتریکە
***
بە فیدای بالات جوانی بسک شۆڕ
مێشکم تێکچووە بەگڕەی ماتۆڕ
***
چاوان مەڕێژە بەئێسکە ماسی
بەخێر بگێڕی دارای کەشناسی
***
دەترسم بمرم نەگەم بە مراد
مووچەی باشەکەفت بچێت بەباد
***
کوردستان گەڕام، لەشار و لەدێ
زەغتی فڕاندم بۆنی سەروپێ

هونەرمەندی شێوەکار عەبدول سەلام عەبدوڵا و گووڵە گوڵستانییەکان

زۆر کەس تابلۆی گوڵ دروست دەکەن، بەڵام وەکو گووڵەکانی من نین



ئاشتی کەرمیانی – هۆڵەند

هونەرمەندێکی شێوەکاری ڕۆژئاوای کوردستان عەبدول سەلام عەبدوڵا کەلە ڕۆژهەلاتی شاری قامشلو (ڕومیلان) لەسالی ١٩٦١ لەدایک بووە ، دەشتێکی ووشک و گردو هەردەو هەڵەت لە پانتایەک دەکات تا چاو بڕ بدات بەخۆی نە دارو نەگوڵ و نە سەوزایەکی پان و پۆڕ بەدی ناکەیت ، بەڵام حەزەکانی ژیان و گوڵ ئەوەندە زۆرن ، لەهەر حەزێک باخچەیەک و گوڵێک و جۆرێک و بەهارێکی دڵگیری تێدا جێگر بووە ، لەسەرەنج دانم بۆکارو چالاکی و بەرهەمە هونەریەکانی هونەرمەند عەبدول سەلام کەوتمەوە نێو خەیاڵ و میژووی ڕێنناسی هونەری جیهانی ، چومەوە بۆ لای هونەرمەندانی وەکو میلەلە وسیزان وە ئەو هونەرمەندانەی کە ئێستاش لەئەوروپا سەرقاڵی تێکەڵ بوونن بە سروشت و دەیانەوێت گووڵ و جوانی و سروشت بناسن ، ئەو گوڵەی کە گوڵی هەموو کەسێک نی یە ، وە ئەو گوڵەی کە چاوی مرۆڤی بەستۆتەوە ، بێگومان لەم سەردەمە تەکنەلۆجیاو پێش کەوتن و گۆزان کاریەیە هاوچەرخانەدا هونەری مۆدرن و تۆپ هونەرو فەنتازیای هونەر هاتۆتە دونیاوە ، بەڵام هونەری ڕۆمانتیکی و ڕیالیستی جوانی سروشت گرنگی خۆی هەیە وە بەردەوامە وە زۆرێک لە لاوان و هونەرمەندانی لاو پەیدا بوون دەیانەوێت بەکەڤاڵەکانیان پێش بڕکێ ی فۆتۆگراف و سروشت بکەن ، لەم کاتەشدا هونەرمەندێکی کورد عبدالسلام عبدالڵە وویستی ئەو پێشبڕکێیەیەتی لەگەڵ گوڵ و جیهانی گوڵ و سروشتەکەیدا ، ئەو لە جێگایەکی گەرم لەدایک بووە بەڵام دڵ وڕووح و جیهانی ئەو هەر بەهارە ، چ بەهارێک وە یان چ گوڵزارێک کە بۆنی کوردستان و چیاکانی کوردستانی لێوە دێت ، ئەگەر بچیتە عەفرین و چیا گردەڵەکانی عەفرین ، مەملەکەتی مالڤای هونەرمەند .. ئەو هەموو جوانی یە گوڵانە دەبینیت ، هونەرمەندیش لەوێ وە تەمەشای ڕوالەتی سروشتەکەی دەکات ، بۆ گوڵەسوورەکان و سپی و ئەرخەوانی و مۆرو زەردو سەوزەکان شاهیدی تابلۆکانن . هونەرمەند عبدالسلام عبدالله لە دیدارەکانیدا دەڵێت ((وڵاتی ئێمە وڵاتی نێرگز و گوڵە . گوڵیش زمانێکی جوان و بێ دەنگە ، چاوە چاوێتی بێتە دەنگ ، گوڵەکانی وڵاتی من وەکو کراسەکەی دایکمە و ئەکەونە ناو ناوخنی گوڵەکانەوە و ئەکەونە نێو گوڵەکانی خەڵکەوە ، خەڵک نانێک دەفرۆشێت بۆ ئەوەی گوڵێک بکڕێت)) . هونەرمەند دەڵێت : ژیانی ڕەش بینی و کارەساتە ناخۆشەکان لایەنی سۆزداری مرۆڤ بەرەو ناخۆشی دەبات ، کاتێک تابلۆکانی من دەبینیت دڵ خۆش دەبیت و کارەساتەکان کۆتاییان دێت . زۆر کەس گوڵ دروست دەکەن بەڵام وەکو گوڵی من نی یە ، ئەوانی من لە وڵاتی خۆمدا دەبینم و تەماشایان دەکەم من شتی دووبارە دروست ناکەم .. عبدالسلام عبدالله .. ساڵی ١٩٨٥ کۆلیژی هونەرەجوانەکانی تەواو کردوە لە دیمەشق.



لەدوای 12 ساڵ چاوەڕانی پیاوێک منداڵی دەبێت





خەبات/ سەید فاتیح بەرزنجی

نابێ خوێنەران ئەو هەواڵەیان لا سەیر بێت ئەویش پیاوێکی بەریتانی یەو پێش 12 ساڵ ژەگەزی خۆی گۆڕی بوو لەڕێگەی وەرگرتنی سپێرمی بەخشەرێک منداڵی بوو ئەو پیاوەش ڕۆبن شاربی تەمەن 39 ساڵی و پێش 12 ساڵ هەوڵیدا ژەگەزی خۆی بگۆڕێ و پێش شەش ساڵ ئارەزووی کرد ببێتە باوک هەربۆیە چارەسەری تستۆستیرۆنی وەستاند بەو هیوایەی کە منداڵێکی ببێت دواتر لەڕێگەی فەیسبوکەوە ئاشکرایکرد کە پێویستی بەبەخشەرەو کەسێکی ژەگەز گۆڕاو ئامادەباشی خۆی دەربڕی بەوەی کە سپێرمەکانی ببەخشێت و پرۆسەی پیتاندنەکەش تێچوکەی گەیشتە 7860 دۆلارو لە ئەنجامدا شارپ کچێکی بوو ئەو پیاوە دەڵێت ماوەی شەش ساڵ چاوەڕوانی تا گەیشتم بە ئاواتەکەم و منداڵێکم بوو ئێستاش هەست دەکەم ژیانم خۆشەو هیچ کێشەو گرفتم نییەو بوومە خاوەنی منداڵێک

هاوبیر عومەر: پێویستە کەنالە میدیاییەکان گرنگی بە گۆرانییژە تازەکان بدەن

خەبات: سولاف سلێمان

هاوبیر عومەر عەزیز، گۆرانی بێژو موزیکژەنی بە توانا لەم دیمانەیەدا بۆ خەبات دەڵێت: سەرەتا خولیایی مۆسیقام هەبووە، فێری ئامێری گیتار بووم و بۆچوار ساڵ دەچێت لە بواری گۆرانی گوتن دا کار دەکەم و بەردەوامم خەریکی ڕاهێنانی گۆرانی گوتنم. یەکەم کاری ڤیدیۆ کلیپم لە ساڵی 2015 بڵاوکردەوە بەناوی چاوەروانی ، هەروەها خاوەنی سی کلیپ و گۆرانییەکی سینگڵم.سەبارەت بە هونەرەکەی دەڵێت: دەمەوێت وەک پیشە هەڵبژێرم ، دەربارەی ئەوەی کە کێ زیاتر پشتگیریی لێدەکات لە بەردەوامی کارە هونەرییەکانی؟ لە وڵامدا دەڵێت: خێزانەکەم و هاوڕێکانم، بە هاوکاریکردنی کۆمپانیا، و هونەر دوستەکان و وەزارەتی ڕۆشنبیری و گوێگرە ئازیزەکانم ، یەکەمین شت بۆ ئێمە لە سەرەتادا کێشەی مادەی زۆر دەستمان دەگرێت دوامان دەخات لە بەردەوام بوون . دووەم مارکێتینی کارەکە کە بلاوەدەکەینەوە ، لە سەرجەم میدیاکاندا زۆر گرنگی بە کەسانی تازە دەرکەوتوو نادەن ،جگە لە کاری هونەری خوێندکاری بەشی کۆمپیوتەرم ،چەندین تێکست و ئاوازی خۆم هەیە ، کە هێشتا بلاوم نەکردونەتەوە ، هونەری کوردی لە ئێستادا تا ڕادەیەکی باش پێشکەوتووە ،پێویستە هونەرمەندان لە ناو یەکتریدا تەبا بن و هەمیشە هاوکاری یەکتری بن . زۆر سەرسامی گیتارەکەی خۆزم و گوێش لە هەموو هونەرمەندە لاوەکان دەگرم، سەبارەت بە نوێترین بەرهەمی خۆیەوە دەڵێت: لە ئێستادا سەرقاڵی بەرهەمێکی نوێم خەریکی کارێکی نوێم و دەمەوێت ئەو بەرهەمم بکەمە سوپرایز بۆ هەواداڕەکانم، لە کۆتاییدا پەیامم ئەوەیە کە سایت و میدیاکان پشگیریی هونەرمەندە لاوەکانمان بکەن و هاوکاربن لە بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانیان و ماندوبوونی هونەرمەند بە هەند وەربگرن.





ژیان بەردەوامە لەنوێبوونەوە.. بازاڕی کۆنەفرۆشان لەهەولێر

فۆتۆ: بەرهەم شێخ عزەدین

چەند تەکنیکێکی سادە بۆ گەڕان لەنێو گووگڵ



هەردەوان: یەکەم: دۆزینەوەی وێنە ، بۆ دۆزینەوەی وێنەیەک کە سەرنجی ڕاکێشاویت و هیچ زانیارییەکت لەسەری نییە یاخود دەتەوێت بزانیت لە کوێ گیراوە و چ کاتێک گیراوە ، ئەوا وێنەکە لە کۆمپیوتەرەکەتدا سەیڤ بکە و دواتریش بڕۆ سەر گووگڵ و لەوێش بچۆرە سەر ئەو کامێرا بچوکەی کە دانراوە و لەوێوە وێنەکە دەدەیتە گووگڵ و چەندین وەڵامت دەست دەکەوێت.دووەم: ئەنجامدانی کرداری ژمێریاری، ئەگەر دەتەوێت کارێکی بە پەلەی ژمێریاری ئەنجام بدەیت و هیچ ژمێردرێک (حاسیبە) یەکت لەبەر دەست نەبوو ، ئەوا دەتوانیت ڕاستەوخۆ ئەو کردارەی دەتەوێت لە گووگڵدا بیکەیت، بۆ نمونە ٢+٢ بنوسە لە گووگڵدا و ڕاستەوخۆ گووگڵ ئەنجامەکەت پێ دەدات.سێیەم: کەش و هەوا، ئەگەر دەتەوێت بزانیت کەش و هەوا چۆنە و چۆن دەبێت، ئەوا تەنها لە گووگڵ بنوسە کەش و هەوا و ناوی شوێنە بنوسە و ئەنجامێکی زۆر خێرات دەست دەکەوێت، بێ ئەوەی بتباتە نێو هیچ پێگەیەکیترەوە.چوارەم: نرخی شتەومەک، بۆ ئەوەی نرخی شتێک بزانیت، تەنها ناوی شمەکەکە لە گووگڵدا بنوسە و نیشانەی $ یان هەر دراوێکیتر بخەرە پێشی و نرخەکەیت بۆ دەنوسێت.پێنجەم: بەهای خۆراکی، نازانیت بۆ خوانی ئێوارە پیتزا یان برنج ئامادە بکەیت؟ بنوسە (برنج VS پیتزا) بۆ نمونە، ئەوا لیستی ئەو دوو خۆراکەت لە تەنیشت یەکەوە بۆ دێت و کۆمەڵێک زانیاری گرنگت سەبارەت بە بەها خۆراکی و سود و زیانەکانی بۆ دەخاتە ڕوو.
شەشەم: پێناسەی چەمکەکان، ئەگەر دەتەوێت مانای وشەیەک بزانیت جا ناوبێت، شوێن بێت، کەرەستە بێت یاخود هەر شتێکبێت کە بە خەیاڵتدا بێت ئەوا تەنها وشەی بنوسە، ئەوا چەندین فەرهەنگ و لێکدانەوە دەخاتە بەردەستت.حەوتەم: زانیاری میژوویی، ئەگەر دەتەوێت بۆ هەواڵێک بگەڕێیت کە لە ساڵی ١٨٨٠دا بلاوکرابێتەوە، ئەوا گوگڵ ئەم بژاردەیەی خستوەتە بەر دەستت تا بتوانیت بە نێو هەواڵی ١٠٠ ساڵ پێش ئێستادا بگەڕێیت : Newspaperهەشتەم: گەڕانی وورد، دەتەوێت ئەنجامی ئەو وشەیەی کە داوات کردووە بە دیاریکراوی بێتە بەردەستت و ئەو شتە زیادانەی تێدا نەبێت کە تۆ بەدڵت نییە، ئەوا کاتێک ئەو وشەیە دەنوسیت ئەم ئایکۆنە (-) بخەرە پێشی، بۆ نمونە jaguar-): نۆیەم: خواردن ئامادەکردن، ئەگەر ناوی ژەمی ئەو خواردنە بنوسیت کە دەتەوێت ئامادەی بکەیت، ئەوا تەنها ناوەکەی بنوسە و چەندین جۆر چۆنێتی دروستکردن و کاتی پێویست و کەرەستەی ئامادەکردنەکەی دەخاتە بەر دەستت.